
کۆ وتار

# چەمکی ئەوانی دی لە موزیکی کوردیدا..



توانا حەمە

2014

**چەمکی ئەوانی دی لە موزیکی کوردیدا**
بابەت: کۆ وتار
نوسینی: توانا حەمە
دیزاین بەرگ و ناوەوە: نزار کەریم
ساڵی چاپ: ٢٠١٤
تیراژ:
شوێنی چاپ:

# پێڕست

**بەشی یەکەم**

**کۆمەڵە ووتارێک دەربارەی موزیکی کوردی**

- چەمکی ئەوانی دی لە موزیکی کوردیدا ........................................ ١١
- موزیک لە سیاسەتی کوردیدا ................................................ ٢٤
- ئەلبومی (وەفایی) لە گوتارێکی ڕەخنەیی موزیکدا ................................ ٣٨
- ژیان و هونەری شەماڵ سائیب ................................................ ٤٥
- حەسەن زیرەک سمبولێک بۆ موزیکی کوردی ........................................ ٥٠
- کێ خاوەنی گۆرانی (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە) بوو؟ ................................ ٥٥
- ئامێرناسی: ئامێری تەمبوور ................................................ ٦١
- ئامێرناسی : مێژووی ئامێری چەنگ لە زانستی شوێنەوارناسیدا ............ ٦٩
- ڕۆڵی موزیک لە درامای نوێی کوردیدا ........................................ ٧٥
- نەبوونی سکۆر و نۆتەی موزیکی کوردی (شاکارەکانی خالقی) بە نمونە ....... ٧٩

**بەشی دووەم**

**سێ ووتار دەربارەی موزیکی گەلان**

- موزیکی فۆلکلۆری چیە؟ ................................................ ٨٧
- سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی موزیکی جاز ........................................ ٩٥
- ڕاگا و تال بنەمای موزیکی هندی ........................................ ١٠٣

**بەشی سێیەم**

**ژیاننامەی چەند موزسیانێک**


- ناسر چەشم ئازەر ........................................................ ١١٥
- سامڤیل یێرڤینیان ........................................................ ١١٨
- ڕاڤی شانکار گۆرانیبێژ و سیتارژەنی هیند ............................ ١٢٠
- عەزیزە موستەفا زادە، شازادەی موزیکی جاز ........................ ١٢٣
- موحسن نامجو موزیکژەن و گۆرانیبێژێکی یاخی ........................ ١٢٦
- ستراڤینسکی و شاکاری پەرستشی بەهار ............................ ١٢٩
- شۆمان موزسیانێکی ڕۆمانتیک و مرۆڤێکی نائارام .................... ١٣٢

## پێشکەشە:

- بـە سـارا خاتوونـی هاوژینـم، کـە هەمیشـە هاوڕێی گشـت هەنگاوەکانمە.
- بە کوڕە شیرینەکەم (ئارون) گیان.
- بـە سـەرجەم مامۆسـتایان و خوێندکارانـی بەشـی موزیـک، لـە سـکۆڵی هونـەرە جوانەکانـی زانکـۆی سـلێمانی.

# پێشەکی

سـەرەتایی نووسینم لـە بـواری موزیکدا بـۆ قۆناغەکانی خوێندنـی ناوەندی دەگەڕێتـەوە، کـە زیاتـر خولیـای نووسـینی هۆنـراوە و پەخشـانم هەبـوو. ئەشـێت دواجـار هـەر ئاوازی ووشـە و نووسـین بوبێـت بـەرەو دنیای موزیکی بردبێتـم و ڕووم بکردبێتـە بەشـی موزیـک لـە پەیمانـگای هونەرەجوانەکانـی سلێمانی، تـا لـەوێ درێـژە بـە خوێنـدن بـدەم. گەرچـی لـە پەیمانـگا لەلایـەن مامۆسـتای ئازیـزم (عـادل حەمەکەریـم)ە وە زۆر هانـدەدرام کـە لـە بـواری نووسـین و لێکۆڵینـەوە دا کار بکـەم، بـەڵام لـە ئەزموونـی پەیمانـگادا هـەر لـە بـواری ئەدەبـدا دەمنووسـی. دواجـار دوای تەواوکردنـی خوێندنـی موزیـک، لـە بـواری وانەبێـژی موزیـک و نووسـین لـە سـەر موزیکـدا خـۆم دۆزییـەوە. بۆیـە دەسـتم کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی ووتـار و بیـر و ڕاکانـم دەربـارەی موزیکـی کـوردی، کـە زۆرینەیـان خـۆی لـە بـواری ڕەخنـەدا دەبینیـەوە. بەڵام هـەر زوو تووشـی دەیـان گرفتـی لاوەکـی بـووم، چونکـە چەمکـی ڕەخنـە بـۆ ئەوکاتـی موزیکـی کـوردی تاڕادەیەکـی زۆر سـەخت بـوو. هەرچەنـدە بـە ئـەو پـەڕی دڵسـۆزییەوە بابەتەکانـم دەنووسـی تاکـە مەبەستیشـم پێشـکەوتنی ڕەوتـی موزیکـی کـوردی بـوو، بـەڵام لـە لایـەن زۆر کەسـەوە ڕەخنەکانـم بـە ئاراستـەیەکی تـردا لێکدەدرایـەوە. هـەر بۆیـە لـەو بـوارەدا تـا ڕادەیەکـی زۆر پاشـە کشـەم کـرد. بۆیـە سـەرجەم ئـەو ووتارانـەی کـە ڕەخنەیـن و دواجـار زانیومـە کەسـەکان ناتوانـن قبولـی بکـەن، لـەم کتێبـەدا جێگام بـۆ نەکردنـەوە. لێـرەدا مەبەسـت ئـەوە نیـە بـاوەڕم بـەم بـوارە نەمـاوە، بەڵکـو بـە هـۆکاری خوێندنەکـەم لـە بـواری (ئێثنۆموزیکۆلۆجی)یـدا، سـەرقاڵی توێژینـەوەی زانسـتی و گەڕانـی مەیدانیـم لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتاندا. لـە ڕاسـتیدا ئیدی دەمـەوێ زیاتـر لـەم بـوارە زانسـتیەدا قوڵببمـەوە و خـۆم کۆبکـەوە. هەرچـی هـۆکاری تایبەتـم بـۆ چاپکردنـی ئـەم کۆمەڵـە ووتـارە ئەوەیە کە ئەم نووسـینانە دەرفەتـی جوانیـان بـۆ دروسـتکردم و وایـان لێکـردم پـەرە بـە تواناکان لـە بـواری لێکۆڵینـەوە و نوسـیندا بـدەم و متمانـە بـە خـۆم بکـەم. دواجـار هـەر ئـەم وتارانـە دەرفەتێکـی زێڕینیـان بـۆ دروسـتکردم، تـا بتوانـم بـە پلـەی نایاب لـە بەشـی ئێثنۆموزیکۆلۆجـی وەربگیرێـم و درێـژە بەخوێنـدن بـدەم. هـۆکاری

گشـتیم ئەوەیـە کـە کتێبخانەکانـی کوردسـتان زۆر لاوازن لـە ڕووی بوونـی کتێب بـە زمانـی کـوردی دەربـارەی موزیـک بەگشـتی و بـە تایبـەت موزیکـی کـوردی. هـەر بۆیـە بـە هیـوام ئـەم کتێبـە دەلاقەیەکـی بچـووک بـۆ ئـەو کەسـانە بکاتـەوە کـە تامـەزرۆی خوێندنـەوە و ڕۆشـنبیری موزیکـن.

ئـەم کتێبـە لـە کۆمەڵیـک وتـار پێـک دێـت، کـە بەشـێکە لـە ئەزموونـی چەنـد سـاڵەی کارکردنـم لـە بـواری نوسـیندا، هەندێکیانـم پێشـتر لەرۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکردوونەتـەوە. ئێسـتاش لـە دووتوێـی ئەم کتێبـەدا دەیخەمەوە بەردیـدەی خوێنـەران. هەڵبـەت کۆکردنـەوەی کۆمەڵێـک وتـار لـە کتێبێکـدا و لـە ژێـر ناوێکـدا ڕەنگـە کارێکـی دژواربێـت، چونکـە بابەتـەکان لـە کۆمەڵێـک ووتـاری سـەربەخۆن پێـک هاتـوون، بـەڵام وەک شـێوازێک لـە کۆکردنـەوەی کۆمەڵـە ووتـارلای زۆرێـک لـە ئەکادیمیـی و نووسـەران کارێکـی پەسـەندە . هـەر بۆیـە بابەتەکانـی بەسـەر سـێ تـەوەردا ڕیزبەندیـان بۆکـراوە:

- یەکەم: بەشێکیان تایبەتن بە موزیکی کوردی.
- دووەم: چەند کورتە باسێک دەربارەی موزیکی گەلان.
- سێیەم: ژیاننامەی چەند موزیکێکی جیهانییە.

بەشـێوەیەکی گشـتی بابەتـەکان بـە جۆرێک نووسـراون، کە بـۆ موزیککاران و خوێندکارانـی موزیـک لـە پەیمانـگا و زانکۆکانـی کوردسـتان سـوود بەخشـبێت. هـاوکات زانیـاری زۆر گرنگـی لـە خـۆ گرتـووە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دەیانەوێـت ڕۆشـنبیریان لـە بـواری هونـەری موزیکـدا موزیکیـان فـراوان کـەن.

لـە کۆتایـدا بـە ئومێـدی ئـەوەم ئـەم کتێبـە جێگایەکـی بچـووک بگرێـت، لـە نێـو کتێبخانـەی موزیکـی کوردیـدا و ئەمە سـەرەتای دەسـتپێکی بڵاوکردنەوەی ئـەو زنجیـرە لێکۆڵینـەوە ئەکادیمییـەم بێـت، کـە چەنـد سـاڵێکە هەمـوو کاتەکانی خـۆم و خێزانەکەمـم پـێ بەخشـیوە.

**توانا حەمە**

**٢٠١٤/٥/٣**

# بەشی یەکەم

# کۆمەڵە ووتارێک دەربارەی موزیکی کوردی

# چەمکی
# (ئەوانی دی)
# لە موزیکی کوردیدا

## پێشەکی:

چەمکی ئەوانـی دی چەمکێکـی فرە ڕەهەنـدە و پەیوەندی بە زۆرلایەنی زانسـتە مرۆڤایەتـی یەکانـی وەك: ئەنترۆپۆلۆجـی، کۆمەڵناسـی، ڕامیاری، فەلسـەفە..هتد هەیـە. بە هـۆکاری ئـەوەی پەیوەنـدی تـەواوی بـەم زانسـتانەوە هەیـە، هـەر بۆیـە ئـەم چەمکـە وەك یەکێـك لـە چەمـك و باسـە گرنگـەکان لـە نێـو موزیکـی گەلانـدا، جێـی بـاس و خواسـی زۆرێـك لـە لێکۆڵەرەوانـی موزیکناسـی *Musicology* بـووە. دواجـار هـەر نەتەوەیـەك لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە، خوێندنـەوەی بـۆ ئـەم چەمکـە کـردووە. بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـم ئـەم باسـە وەك ئەزمونێکـی نـوێ و شـیکاری لـە نیـو موزیکـی کوردیـدا بخەمـە ڕوو، گەرچـی بـە داخـەوە بـە هـۆی نەبوونـی کادر و پسـپۆڕی موزیکۆلۆجـی، تائیسـتا فەرهەنگـی موزیکـی کـوردی خـۆی لـە باسـکردنی ئـەم چەمکـە گرنگانـە نـەداوە، تـا بتوانرێـت قوڵتـر لـەم باسـە گرنگـە بکۆڵمـەوە و شـیکاری بـۆ ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی موزیکـی کـوردی بکـەم. بـەڵام بـە پێویسـتی ئەزانـم وەك

دەلاقەیەك بۆ ئەم باسە گرنگانە بە کورتە باسێك تیشك بخەمە سەر ئەم (چەمکە) گرنگە، بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا تویژینەوەی چڕو پڕتری بۆ بکرێت.

## چەمکی ئەوانی دی

ئەوانی دی : واتەکەی بە کوردی زۆر ڕوونە، بە زمانی ئینگلیزی (*The Other*) ی پێدەگوترێت. مەبەست لە (ئەوانی دی) بە پێی بابەتەکان دەگوڕێت، بۆیە لە موزیکدا مەبەست (ئەوانی دی): (هەموو ئەو بابەتە موزیکیانەی کە دەچێتە فۆڕمی موزیکی بیگانەوە، کە وەك: فەرهەنگێکی نامۆ، ئاشنا نە بوونی شێوازی دانان، هۆکارە هەستی یەکان لە شێوازی دەربرین و زۆر لایەنی دیکەی نەبیت. ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی کە پەیوەست نییە بە کەلتوری موزیکی (تۆ) یان (ئێوە) و، زادەی بیر و ژیاری کۆمەڵەیەك یا نەتەوەیەکی ترە (ئەوان) بە توندی وابەستەن یە پێیەوە). بەڵام کاتێ باسی ئەم چەمکە دەکەین پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت،“ ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە دەگەڕیتەوە بۆ فەیلەسوفانی یۆنان بە تایبەت (ئەرستۆ) لە بەشی نۆیەمی کتێبی پێنجەمی میتافیزیکدا، ئەم باسگەلە دەوروژێنێت و دەڵێت: (بە شێوەیەکی گشتی (ئەوانی دی) مانای جیاوازی و لێکچوونەکانی ئێمەیە).

هەر بۆیە لێرەدا باشترین پێناسە ئەوەیە: ( بۆئەوەی (خود) ی خۆت بناسی، پێویستت بە ناسینی ئەوانی دیکەیە). مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئایا ( بوونی خود) بە بێ (ئەوانی دی) مانایەکی هەیە؟ لە ڕاستیدا نەخێر چونکە هەرکەسێك بەشێوەی واقعی یا خەیاڵی هەمیشە بە شێوەیەکی خۆرسك (ئەو) لە (وانی دی) جیا ئەکاتەوە. هەمیشە شوناسی (خود یان ئەو) وابەستەی (ئەوانی دی) کە دەکات. هەر بۆیە دواجار دەبینرێت ئەم چەمکە ڕەنگدانەوەی

لەسەر شێوازی پەیوەندی یەکان و هەڵکردن و بەردەوامی دان بە پێکەوە بوونی مرۆڤەکان دەبێت، تا بە تەواوی دەگاتە سەرجەم کایەکانی وەك:  ئاینی، نەژادی، نەتەوەیی، چینایەتی، بابەتە فەرهەنگی یەکانی دی. دواتر ئەم چەمکە لای (هیگل، هایدگر، سارتر ..هتد بە ڕونتر و لە دیگا و ڕەهەندی جیاوازەوە باسی لێوەدەکرێت] ئەحمەدی، ١٣٨٩: [١٥٥. بەڵام هەمان چەمك ئەگەر لە تیڕوانینێکی مرۆڤناسیەوەلێی بڕوانرێت، ئەوا هەمیشە (چەمکی ئەوان دی) پێویستی بە چەمکی (خود – *Ego*) دەبێت. بەڵام هەمیشە لایەنی ئەرێنی و باشەکە دەلکێنرێت بە چەمکی (خود) یان (ئێمە) وە، لایەنە نەرینی خراپەکانیش دەدرێتە پاڵ (ئەوان دی). بەڵام ئەم تێڕوانینە لە موزیکدا بەم شێوە توندە بەرچاو ناکەوێت، زیاتر گەڕانە بە دوای شوناسی موزیکی خۆدا لە چاو موزیکی (ئەوانی دیدا)." گەرچی لە هەندێك شاکاری موزیکدا (ئەوانی دی) وەك (لۆبیك یا گاڵتەجار یا دڕەندە) بەکارهاتووە، بەڵام ئەم کارانە زادەی سەردەمانێکن کاریگەری ئەفسانە *Myth* بە سەر تاکەکانی کیشوەری ئەوروپاوە هە بووە. ئەگەرچی لە سەردەمی ڕینیسانسدا ( موزیکی بێگانە) هێندە بەر باس و جێی بایەخی ئاوازدانەران نە بووە، بەڵام دواتر"لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، بە هۆی سەرهەڵدانی سیاسەتی داگیرکاری *Colonialism* لە ئەوروپا دا و زیاد بونی ڕیژەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی (*Anthropology*) و کۆمەڵناسی (*Sociology*)، بە تایبەت دەربارەی نەتەوە نا ئەوروپی یەکانی وەك: چینی یەکان، هندی یەکان، سورپێستەکانی ئەمریکای باشوور و ڕۆژهەڵاتی یەکان ...هتد و ناسینی فەرهەنگی بێگانە بووە جێی بایەخ لە سەرجەم بابەتە هونەری ئەدەبی وکەلتوری یەکاندا و سودیان لێ وەردەگیرا لە نێو بەرهەمە هونەریەکاندا ڕەنگی دەدایەوە. نموونە کاتێك ژان – فیلپ ڕامۆ لە ئۆپرای سور پێستانی عاشق ١٧٣٥دا کە کەسایەتیەکانی نیو ئۆپراکە بریتی بوون لە: تورك، ئێرانی، سورپیستانی ئەمریکای

باشـوور، ئـەم ئۆپیرایـە زۆر سـەرکەوتوو دەبێـت و دوای چـڵ سـاڵ لـە دانانـی ئـەم شـاکارە لەماوەیەکـی کورتـدا زیاتـر دووسـەدجار لـە نیـو شـانۆ جیاکانـی پاریسـدا نمایـش کراوەتـەوە. یەکێـك لـە هـۆکارە گرنگەکانـی سـەرکەوتنی ڕامـۆ بـە کارهێنانـی سـەمای سوورپیسـتان بـوو، کـە بـۆ گوێگرانـی و بینەرانـی هونـەری ئۆپێرای ئەوروپـی شـتێکی نـوێ و ڕەنگیکـی تـازە و جیـاواز بـوو. دواجـار هـەر ئـەم جیـاوازی ڕەنگـە دەبێتـە ناسـنامەیەك بـۆ ئەوروپـا تـا لـە ڕێگای (ئـەوان دی)یـەوە خـۆی بناسـێ و شوناسـێك بـۆ خـۆی دا بنێـت. دوا بـەدوای ئەمـە لەکۆتـای سـەدەی هەژدەیەمـدا دەبینرێـت لـە ئەورپـادا موزیکـی تورکـی دەبێتـە جێـی بایەخـی ئەوروپـی یـەکان و لـە سـەدەی نۆزدەیەمیشـدا، بـە هـۆی زیـاد بوونـی ئارەزووکردنـی گەشـتکردنی هونەرمەنـدان بـۆ وڵاتانـی هینـد، ژاپـۆن، چیـن، ئەفریقیـا، ئەمریـکا کاریگـەری ئـەم گەشـتانە جگـە لـە موزیـك لـە نێـو شـاکارە هونەرییـە شێوەکارییەکانیشـدا دەبینـرا.

دواجـار ئـەوە بـە ڕوونـی دەبینرێـت هونەرمەدانـی ئەوروپـا چـۆن توانیویانـە سـود لـە موزیکـی بێگانـە وەردەگـرن. هـەر بۆیـە لـە ڕەشپێسـتانی وولاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە (سـیمفۆنی ژمـارە ٩ )ی دڤۆرجـاك ١٨٩٣ و موزیکـی میسـر و باکـوری ئەفریقـا لـە ئۆپـرای ئایـدا ١٨٧١ شـاکاری ڤیـردی و ڕاوچیانـی مـرواری ١٨٦٣ شـاکاری جـۆرج بیـزێ Georges Bizet بەتەواوەتـی هـەردوو چەمکـی (ئێمـە و ئەوانـی دی)، خـۆی لـە نیـو موزیکـی ئەوروپیـدا نمایشـدەکات. لەمـە بـەدواوە زۆر ناونیشـانی وەك: ( ژنـی ڕۆژهەڵاتـی، یەهـودی، قەرجانـە دەدوا..هتـد) لـە نیـو ئۆپـرا و شـاکارە موزیکـی یـەکان بەرچـاو دەکەوێـت. هـەر لـە سـەدەی نۆزدەهەمـدا بـە هـۆکاری (ئـەم چەمکـە) مۆسـیقای کەمـە نەتەوایەتیەکانـی جیهـان بەتەواوەتـی خـۆی خزانـدە نیـو موزیکـی کلاسـیك و بـە شـێوەیەکی ڕەسـمی جێـی خـۆی کـردەوە. کـە ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە: (ڕاپسـۆدی، مـارش، گـۆرانـی میللـی و گـۆرانـی گوندنشـینان)،کە لـە نێـو کارە موزیکـی یەکانـی وەك: شـۆپان،

شۆبیرت، برامس، لیست، دڤورجاك، زوڵتان کۆدای، شۆستاکۆفیج ..هتد دەبینرێت]هەمان[. بە تایبەتی لای دانەرانی ڕووس موزیکی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت عەرەبی زیاتر بەرچاو دەکەوێت دیاترین نموونە: شەهرەزادی شۆستاکۆفیج و بازاڕی عەرەبی Arabian Bazarی فیکرەت ئەمیرۆڤ کە یەکێکن لە شاکارە دیارەکان بۆ ئەم باسە. ئەم کۆمەڵەکارەی کە ئاماژەی پێدرا (چەند نموونەیەکی بچووکن، لە ڕاستیدا سەدان نموونەی دی هەیە، کە تا ئێستاش بە فۆڕمی جیا ئەم چەمکە خۆی تێدا نمایش دەکاتەوە. گەرچی لە ئێستادا جیهانگیری ڕۆڵی کارای هەیە لە سەر ئەم چەمکە زۆر هەوڵ دەدرێت موزیکیش شقڵیکی جیهانی وەر بگرێت، بەڵام بەبڕوای من ئەمە جۆرێکی دیکەیە لە تەوژمی داگیرکاری ڕۆژئاوا، هەمیشە ئەوە باش و گونجاوە کە لە ئەوروپاو رۆژئاواوە سەر هەڵ ئەدات، هەمیشە ئەو موزیکە جیهانیە کە لە ڕۆژئاواوە سەر هەڵ ئەدات، هەر گیز موزیکێکی ڕۆژهەڵاتی نابێتە موزیکێکی جیهانی. لێرەدا تا ڕادەیەك هاوڕام لەگەڵ بەشێك لە بڕواکانی (ئیدوار سەعید) بە ڕەگەز فەڵەستینی کە لە ساڵانی ڕابردوودا باسگەل و چەند تیورەیەکی وروژاند لە سەر جیهانگەرایی کە جەوهەری باسەکەی ئەو پرسیار گەلە بوو کە بۆچی جیهانگەرای تەنها لە ئەوروپاوە بۆ ڕۆژهەڵات دێت و هەرگیز پێچەوانە نابێتەوە.

گەرچی باسەکە زۆر بەچڕی لە پێشەکیەکەدا لە مێژووی ئەم چەمکە وە پێیدا هاتووم، تەنها بە هۆکاری ئەوەبووە لێرە بە دواوە خوێنەری کورد، زیاتر وووردتر ئەم چەمکە لە بیری خۆیدا شرۆڤە بکات و دواتر بە سانایی هەست بە سەدان نموونەی دیکە بکات.

## ئەوانی دی کێن لە موزیکی کوردیدا؟

لێرە بە دوا گرنگترین پرسیارەکان ئەوەن، ئایا موزیکی کوردی لە کوێی هاوکێشەی ئەم چەمکەدایە؟ (ئەوان دی ) لە موزیکی کوردیدا کێن ؟ ئایا ئەم چەمکە چ ڕۆڵیکی ئەرێنی یا نەرێنی دیووە؟ ئایا ئیدی موزیکی کوردی دەتوانێت لە ڕێگای (موزیکی ئەوانی دی)یەوە ناسنامەی موزیکی خۆی بناسێتەوە؟ بە بڕوای من ئەم چەمکە لە موزیکی کوردیدا زۆر بە ڕوونی خۆی نمایش دەکات، (ئەوانی دی) لە موزیکی کوردیدا تەنیا ڕۆژئاوا و ئەورپا نیە بەڵکو بریتین : لە نەتەوەکانی دراوسێ ( فارس، ڕەگەزی تورك )ئازەربایجان)، ئەرمەن، عەرەب) کە زیاتر ئەم کارەکتەری ئەم چەمکە لە سەر شانۆی ئەم باسە دەبینرێت. ئەگەر بە وردی لە موزیکی کوردی بکۆڵیتەوە گەرچی نزیکی تەواو هەیە لە شێوازی ستراکچەری موزیکی نەتەوەکانی دراوسیدا، بەڵام سیماکانی موزیکی کوردی بە تەواوەتی مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەت لە: (ڕیتمی هەڵپەرکی)، (مۆتیڤی گۆرانی یەکان)، (ڕستە موزیکییەکان)، (شێوازی بەکارهێنانی (کۆماکان) لە سەر ئامێرەکان) بەڕوونی دەبینرێن. بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە و بۆتە گرێیەك لە موزیکی کوردی ئەوەیە تا ئێستا موزیکی کوردی شێوەکی زارەکییە و کەمترین دانراوی دانەری ئەکادیمی و زانستی هەیە، بۆیە (موزیکی کوردی) نەیتوانیوە سود لە موزیکی (ئەوان دی) وەر بگرێت تا شوناسی خۆی تیدا بدۆزێتەوە. زۆر جار لە موزیکاری کورد لە جێی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە موزیکی نەتەوەیەکی دی ڕووی کردۆتە کۆپیکردن و بە کوردی کردن، بە بێ ئاماژە پێدان کە ئەم ئاوازە لە چ نەتەوەیەك وەرگرتووە. بۆیە لێرەدا بۆ دۆزینەوە و پێناسە کردنی ناسنامە Identity ی موزیکی کوردی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی موزیکی کوردی بکەن بۆیان زۆر سەخت و دژوار دەبێت.

**کورد چۆن لە موزیکی (ئەوانی دی) و ( ڕۆژئاوا) دەڕوانێت؟**

گەرچی بە درێژایی مێژوو هەستی ناسیونالستی لە نێو گەلی کوردا زۆر بەهێز بووە، بەڵام لە موزیکدا ئەم هەستە ناسیونالستیە بەرامبەر موزیکی (ڕۆژئاوا) کەمتر بەرچاو دەکەوێت و تا ڕادەیەکی زۆر موزیکی (ڕۆژئاوا) وەك بە مۆدیرنە بوونی موزیکی کوردی لێی دەڕوانرێت. نموونە لە ساڵانی ١٩٦٨ – ١٩٧٠ قادر دیلان چەند بەرهەمێکی کوردی بە ستایلی و موزیکی پۆپی ڕۆژئاوا تۆمارکرد لەوانە: فریشتە، قژکاڵی لێو ئاڵی ... هتد. ئەم کارانە تا ئێستاش بە ناوازەترین بەرهەمی کوردی هەژماردەکرێت، ئەگەرچی موزیکی (ئەوانی دی) پڕاو پڕی لە کارەکەیدا بەرجەستەیە، تەنیا ووشە و میلۆدی گۆرانیەکە کوردیە، کەچی نە لە سەردەمی خۆیدا نە لە ئێستادا تاکی کورد بە چەمکێکی ناسیۆنالستی لەم بەرهەمانە نا ڕوانێت، بەڵکو وەك شاکارێك ناوی دەبەن. ئەمە ئەوە دەخاتە ڕوو چەمکی ناسیونالستی کورد نیگەران نییە، بەرامبەر موزیکی (ڕۆژئاوا) ئەگەر لە کارەکاندا ڕەنگبداتەوە.

**گەلی کورد چۆن لە موزیکی ڕۆهەڵاتی و دراوسیکانی دەڕوانێت؟**

بە بڕوای من بە هۆکاری ئەوەی کە گەلی کورد بەسەر چوار نەتەوەی دراوسێدا دابەش کراوە، خاوەنی کیان و قەوارەی دەوڵەت و سیاسی خۆی نەبووە، هەمیشە لە ئەو وولاتەنەی کە زەبر و زەنگ لە سەر تاکی کورد زۆر بووە، هەستی ناسیونالستی کوردی تیاندا بەهێزبووە و بە ئاشکرا ڕۆحی بەرەنگاری لە سەرجەم بوارەکاندا دەبینرێت. کە ئەویش لە پێناو مانەوە و خۆ پارێزی و کەلتوور پارێزی بووە. دواجار بە هەموو هێزێکیەوە دژایەتی هەموو ئەو هێرشە کەلتوریانە بۆتەوە کە ویستوویانە ناسنامەی کەلتوری کوردی بشێوێنن. بۆیە بە بڕوای من چەمکی (ئەوانی دی) لە موزیکی کوردیدا بەرامبەر موزیکی گەلانی دراوسێ بە تایبەت ئەو (نەتەوانەی

کە هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کوردیان داوە)، بەردەوام بە چاوێکی ناسیونالستی لێی دەڕوانرێت و بەرهەڵستی کردووە. بۆیە لە گوتاری گەلی کوردا هەمیشە ئەوە دەبینرێت، کە ویستوێتی بڵێت: (من کێ نیم) وەك لەوەی زیاتر بڵێت: (من کێم). هەر بۆیە ئەم تێڕوانیە لە گوتاری ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە نموونە: لە تێکستێکی سەدەی ڕابردوو شاعیر و ڕوناکبیری کورد (ئیبراهیم ئەحمەد) لە بەشێکیدا دەڵێت:

**نـــەعەربم نە ئێرانیم**

**نە تورکێکی شاخستانیم**

**نەك هەر من خۆم مێژووش ئەڵێ**

**کە کوردم و کوردستانیم.**

ئەم تێکستە لە ساڵانی ڕابردوو لە لایەن (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) ەوە ئاوازی بۆ دانراوە و لە لایەن (د. عەبدوڵا جەمال سەگرمە)وە کاری موزیکی بۆ کراوە. لێرەدا دەبینرێت ئەم چەمکە لە گوتارێکی ناسیونالستی ئەدەبیاتەوە بۆ نیو موزیك کوردی هەنگاو دەنێت و دەیەوێت لە ڕێگای (ئەوانی دی)یەوە خۆی بناسێت و پێناسەی خۆی بکات. چەمکی ناسیونالستی لە موزیکی کوردیدا و بە تایبەت بەرامبەر (ئەوانی دی) لە ساڵانی پەنجاکاندا زیاتر چڕدەبێتەوە بە نموونە: کاتێك شەماڵ سائیب لە ساڵانی ١٩٥٨ بە داوە بە لاسایی کردنەوەی دەنگی فەرید ئەترەش چەند گۆرانیەکی کوردی بە ستایلی موزیکی عەرەبی بەرهەم هێنا، هەر زوو بەرهەمەکانی لەلایەن ڕوناکبیران و هونەرمەندانی کوردی ئەو سەردەمەوە دژایەتی کرا. کە ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ هۆکاری هەستی ناسیۆنالستی و کێشەکانی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب لە باشووری کوردستاندا. بەڵگە

لێرەدا ئەوەیە کە گۆرانیەکانی دیلان هەمان سەردەمن و موزیکی کارەکانی تەواو نامۆن بە موزیکی کوردی، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کورد گرفتی نەتەوەی نیە (ڕۆژئاوا)دا، بۆ یە پێچەوانەی شەماڵ سائیب بەرهەمەکانی دیلان جێی بایەخ بوون و پیشوازیشی لێدەکرا. دواتر ئەگەر بڕوانرێتە هەندێك لە گۆرانیەکانی (زیرەك) چەمکی ئەوانی دی شێوازیکی دی دەدات بە خۆی بۆ نموونە گۆرانی: (بێ دکتۆر) کە ئەم گۆرانیە پێك دێت لە دویێتێکی زیرەك لەگەڵ کچە ئازەرییەك کە بە هەردوو زمانی کوردی و ئازەری ووتراوە. زیرەك لێرەدا موزیکی کوردی و ئازەری مۆرکێکی هاوبەشیان هەیە، تەنیا زمانی ئاخاوتن یان (هۆنراوە)کان جیاوازن. لێرەدا زیرەك دەڵێت:

**(بێ دکتور دەوا و دەرمان**

**شێتت کردم سەرگەردان**

**دەوەرە وەرە کەژاڵ گیان**

**نەخۆشم بۆ تۆ بیلا کەی دێی دەستم بە دامان)**

**وەڵامی کچە ئازەریەکە بەزمانی تورکی:**

**گولدور بەنی گولدور**[1]

**دەرد و نەدیر بیلدر**

**گولدور یەڵاە گولدور**

**گولدور بەنی گولدور ....**

---

1 مانای گۆرانیەکە: بمخە پیکەنین
دەردت چییە لەگەڵم پێم بڵێ
بمخەرە پیکەنین

لـەم بەرهەمـەی (زیـرەك)دا نموونەیەكـی دی لـە موزیكـی (ئەوانـی دی) خـۆی وێنـا دەكات و پێچەوانـەی نموونەكانـی دیكـە كـە لەپێشـدا ئامـاژەم پێـدان. لـەم نموونەیـەدا ئـەو هاوبەشـیانە دەخرێتـەڕوو لـە نێـوان موزیكـی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـدا هـەن، كـە زۆر جـار جیاوازییـەكان لـە نێوانیانـدا (زمـان)ی ئاخاوتـن و گۆرانـی وتنـە نـەك سـتراكچەری موزیـك و ئاوازەكانیـان. كـە بـە بەم نموونەیە دەتوانرێت بـەراورد بكرێت لـە نێـوان موزیكـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتیـدا و لیكچـوون جیاوازییـەكان بدۆزرێتـەوە. لەگـەڵ ئـەوەی كـە موزیكـی ئـازەری موزیكـی (ئەوانـی دی) یـە بـەڵام لێرەدا بـە هـۆی ئـەو هۆكارانـەی پیشـتر ئامـاژەم پیدا، چەمكـی ناسیونالسـتی بەرهەڵسـتی نـاكات و دەبینیـن گۆرانیبێـژی دیـاری كـورد (محەمـەدی مامـلێ) نزیكـە ٨٠ گۆرانـی ئاوازەكانـی هاوبەشـن لـە نێـوان كـوردی و ئازەریـدا و كەمتریـن كاردانـەوەی ئـەو هەسـتە هەبـووە لـە سـەریان. لـە هەمـان كاتـدا مامـلێ وەك دیارتریـن گۆرانیبێژانـی سـەدەی ڕابـردوو هەژماردەكرێـت.

## ڕەسەن و نا (ڕەسەن)

بـە درێژایـی سـەدەی ڕابـردوو تـا دوای ڕاپەریـن گفتوگـۆی نێـوان هونەرمەنـدان و موزیـكاران ئـەوە بـووە، كام گۆرانـی (ڕەسـەن)ە و كام گۆرانـی (نـا ڕەسـەن)ە. لـە ڕاسـتیدا تـا ئێسـتا پێناسـەیەكی تـەواو بـۆ ئـەم ووشـەیە نەكراوە، بـەڵام زیاتـر مەبەسـت لـە بـەكار هێنانـی ووشـەی (ڕەسـەن) لـە موزیكـی كوردیدا ئـەو گۆرانییـە كلاسیك و كۆنانەیـە كـە لە لایـەن گۆرانیبێژانـی سـەدەی ڕابردووە گوتـراون. یـان بـە دیوێكـی تـردا (ڕەسـەن) موزیكـی (خۆماڵی)یـە و كـە هیـچ خـەوش و مۆركێكـی بێگانەی پێـوە نیـە، هەرچـی گۆرانـی نـا (ڕەسـەن) دەچێتـە بازنـەی (ئەوانـی دی) یـەوە. ئـەم گفتوگۆیـە لـە موزیكـی كوردیـدا تـا ئێسـتا بەردەوامـە لـە ڕاسـتیدا زۆر جـار ئـەم ووشـەیە بـە هەڵـە بەكاردێت، چونكـە مـەرج نیـە هەرچـی (كـۆن) بێـت ڕەسـەن بێـت. نموونـە ئەگـەر بڕوانرێتـە بەشـێكی

زۆر لە گۆرانیەکانی عەلی مەردان بە هۆکاری ئەوەی کە موزیکەکانی ژەنیارانی عەرەب ژەندوویانە مۆرکی موزیکیان پێوە دەبینرێت. هەروەها گۆرانیبێژی کورد (خالقی) هەندێک لە کاری موزیکەکانی تەواو مۆرکی موزیکی فارسیان پێوەدیارە بە تایبەت ئەو بەرهەمانەی لە ڕادیۆی تاران تۆمارکراون. دواجار بە هۆی سەرسامی خالقی بە هونەرمەندی ئێرانی (غولام محسین بەنان) کاریگەری توندی لە سەر دەنگ و موزیکی خالقی بە جێهێشتووە. لێرەدا لای بەشێکی زۆر بەرهەمەکانی خالقی ڕەسەن ترینن، ئەگەر بە و دوو دیدەی سەرەوە بێت ئەوا هەندێک لە کارەکانی ناچنە نێو خانەی (ڕەسەن)ەوە. لێرەدا ئەم چەمکە دەکەوێتە دووڕیانێك کە بە بڕوای من لە ئایندەدا دەبێتە گرفت بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی ناسنامەی موزیکی کوردی دەکرێن. چونکە سەرئەنجامی ئەم نا ڕوونیە لە بەکارهێنانی چەمکەکاندا ئەو شوناسەی کە موزیکی کوردی دەیەوێت بۆ خۆی دروست بکات خۆی بزردەکات.

لە دوای ڕاپەرین و بە تایبەت لە سالانی ١٩٩٨ ئیدی هەستی ناسیۆنالستی لە موزیکی کوردیدا گەرچی بەپەرچی تەوژم و شەپۆلی موزیکی (ئەوانی دی) دەداتەوە، سەرئەنجام ناتوانرێت بەر بەو شەپۆلە بگرێت چەندین جۆر لە موزیك دێنە بوون. نموونە: زەکەریا عەبدوڵا بە دامەزرێنەری ئەرەبێسکی کوردی دا دەنرێت، گەرچی زۆر هەوڵدرا ئەم شەپۆلە موزیکە تورکیە نەبێتە دیاردە و بەری لیبگیرێت، کەچی دواجار بە هۆکاری کاریگەرییە سیاسی و بازگانی و ئابووریەکانی وولاتی تورکیا لە سەر باشووری کوردستان، موزیکی تورکی بووە پێداویستیەکی باو سەردەمیانە بۆ موزیکی کوردی. لەمە بەدوا دەیان گۆرانیبێژی دی دروست بوون بە لاسایکردنەوەی موزیکی (ئەوانی دی) هاتنە گۆڕەپانی موزیکی کوردی دواجار توانیان هەوادار و گویگرێکی زۆر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە.

دواتر لە سەردەستی چەند کەسێك وویسترا هەمان ئەزموونی (زەکەریا) دووبارە بکەنەوە و موزیکی (تەرب)ی عەرەبی بێتە نێو موزیکی کوردی، بەڵام بە توندی لە لایەن تاکی کورد و هەستی ناسیۆنالیستیەوە بەرپەرچ درایەوە نەیتوانی لە نێو موزیکی کوردیدا جێی خۆی کاتەوە. کە ئەمەش دەگەڕینمەوە بۆ ئەو مێژووە پڕ تراژیدیایەی کە کورد لە گەڵ زمان و دەسەڵاتە سیاسییەکانی نەتەوەیی عەرەبیدا هەیبووە. لە ئێستادا بە هۆی گەشەندنی ژیاری کۆمەڵاتی کورد و بوونی کیانۆکەیەکی سیاسی هەستە ناسیونالستیەکان کاڵ بوونەتەوە و دەیان فۆڕم و ژانرای تر لە موزیکی (ئەوانی دی) لە نێو دنیای موزیکی کوردی هەر لە موزیکی کلاسیکی ئەوروپی، تورکی، عەرەبی، تا موزیکی ڕاپ دەبینرێت و ئاوێتە بوون لەگەڵ کەلتووری موزیکی کوردیدا.

دواجار لە لایەن تاکی کوردەوە دوولایەنە سەیری ئەم بارە دەکرێت: هەندێك پێیان وایە پێویستە گۆرانی کوردی ببێت بە بەشێك لە موزیکی جیهانی و هەندێکیش پێیان وایە پێویستە مۆرکی موزیکی کوردی پارێزگاری لێبکرێت و لە ناو نەچێت. لێرەدا بە بڕوای من موزیکی کوردی ناتوانێت خۆی بپارێزێت لە شەپۆلی موزیکی (ئەوانی دی) چونکە ئەمە کێشەی تەنیا گەلی کورد نییە، زۆرینەی نەتەوەکان لە ژێر هەڕەشەی بە جیهانگیریدا بووندان و بەشێکی زۆر لە فەرهەنگی زمان و موزیك و ئەدەبیات ... هتد لە ناو دەچن و کەلتووری موزیك تەکنەلۆجی پانتاییەکی فراوان لە موزیکی نەتەوەکان داگیردەکات. بە بڕوای من باشترین ڕێگا بۆ پاراستی فەرهەنگی موزیکی کوردی ( لە بزر نە بوون لە نێو موزیکی ئەوانی دیدا) ئەرشیفکردن و پاراستنی ئەو فەرهەنگە موزیکیە کە لە ڕابردوودا هەبوون وەك بەشێك لە میراتی ڕابردوو بپارێزرێن بە دیجیتاڵ بکرێن.

چونکە لە ئێستا دنیا بینی بۆ موزیك زۆر گۆڕاوە چەمکی (ئەوانی دی) و ( ئێمە) تەواو ئاوێتە بوون ئەمە دیاردەیەکی جیهانیە زۆر سەختە بتوانرێت ڕێگری لەم دیاردە جیهانیانە بگیرێت.

## تێبینی:

لە پێشەکی نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە کتێبی (موسیقی شناسی فرهنگ مفاهیم موسیقی شناسی ) وەرگرتووە. بڕوانە ئەحمدی بابک، موسیقی شناسی فرهنگ مفاهیم موسیقی شناسی، چاپ: اول، تهران:١٣٨٩ ل: ١٥٥.



# موزیک له سیاسەتی کوردیدا

**خوێندنەوەیەکی ئیثنۆموزیکۆلۆجیانە بۆ (سەردانەکەی بارزانی و شڤان پەروەر بۆ ئاماد)**

## پێشەکی:

سەردانی بارزانی لەڕێکەوتی ١٦/ ١١/ ٢٠١٣ بۆ ئاماد لە ئاژانسەکانی دەنگوباسدا، بەیەکێک لە ڕووداوە گرنگە کانی ساڵی ٢٠١٣ گوزارشتی بۆکرا، هاوکات لەلای هەندێک لایەنی سیاسیەوە بە سەردانێکی ئاسایی و لە لایەن هەندێک پارتی سیاسی کوردی وباکوری کوردستانەوە سەردانەکەی بارزانی و شڤان پەروەر بایکۆتکرا. ئەگەرچی هونەر وموزیکی کوردی کارەکتەرێکی سەرەکی ئەم ڕووداوە سیاسییەبوون، کەچی دەرەنجام ئەم ڕووداوە تەنیا لە ڕووە سیاسییەکەوە خوێندنەوەی بۆکرا، بێئەوەی باس لە ڕۆڵ و کارەکتەری موزیکی کوردی بکرێت.

لەم ووتارەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەرهەندێک لایەنی موزیک

و سیاسـەت، و سـەردانی ناوبـراوان وەک نموونەیـەک بخەمەبەردیدەی خوێنـەران. لەڕابـردوو و ئێسـتای کۆمەڵـگای کوردیـدا، تـا ڕادەیـەک تێکەڵکردنـی موزیـک و سیاسـەت خوازراونیـە، وا بـە بـاش دەزانرێـت کـە سیاسـەت بـۆ سیاسـەتوان و هونـەر بـۆ هونەرمەنـدان بێـت. بـەڵام لەدنیـای ئەمـڕۆدا گفتوگۆکـردن لەمەڕموزیـک وسیاسـەت بابەتێکـی نـوێ نیـە، بەڵکـو لـە زانسـتەکانی مێـژووی موزیـک و ئێثنۆموزیکۆلۆجیـدا، سـەدان ووتـار و لێکۆڵینـەوەی لـە سەرنووسـراوە و بەپێـی تایبەتمەنـدی نەتـەوە جیاوازەکان شـرۆڤەی جیاواز لەسـەرئەم باسـگەلە کـراوە. ئەوەی جێـی باسـە لـە سـەرجەم لێکۆڵنەوەکانـدا ڕۆڵـی موزیـک و گرنگیەکانـی خراونەتـەڕوو. کـە زۆرجـار وەک ئامرازێـک بـۆ بەرەنگاربوونـەوە وجۆشـدانی شـۆڕش، یـان بەمەبەسـتی خزمەتکردنـی ئایدۆلۆژیایەکـی سیاسـی یـان ئاینـی دیاریکـراو بەکاربـراوە. دەرەنجام ئـەوە خراوەتەڕوو کـە موزیـک چـۆن وەک ئامرازێـک ئامانجـە دیاریکراوەکانـی پێکاوە.

## هونەرمەند و سیاسەت

لەگرنگتریـن باسـەکانی هونـەر و سیاسـەتدا و بەتایبـەت «لەزۆرینـەی ووڵاتانـی نادیموکراتیـدا، کاتێـک هونەرمەنـد وەک تاکـە کـەس دەیەوێـت بەرامبـەری جـەورو سـتەم ڕابوەسـتێت، دەرئەنجامـی ئەوهەسـتی بەرەنگارییـە، جگەلـەوەی توشـی گرفتـی دژوار دەبێـت هەمیشـە پەخشـکردنی کارەکانیشـی سانسـۆردەکرێت. نموونە بۆ ئەمە لە مێژووی موزیکـی کلاسـیکی ئەوروپـادا دەیـان نموونـەی سانسـۆرکردنی دانـراوە موزیکییـەکان دەبینرێـت لەوانـە: ئۆپـرای ڕیگولتـو (١٨٥١) کاری جوزیە ڤیـردی بـوو، بەهـۆکاری ئـەوەی هەندێـک لـە دەقەکـەی کـە گوزارشـتی سیاسـی هەبـوو پێـش نمایشـکردن سانسـۆرکرا» [ئەحمـەدی، ١٣٨٩: ٢٤٩]. لە سـاڵانی ١٩٨٠کاندا لە باشـووری کوردسـتاندا و لە سـەردەمی ڕژێمـدا، هەرچـی ئـەو کارە موزیکیانـەی وەک سـرودە نیشـتمانیەکان و گۆرانیەکانـی حەمـە جـەزا، ناسـڕی ڕەزازی.. هتـد کـە باسـی کـورد و

پێشمەرگە و شۆڕشی دەکرد سانسۆر دەکرا، سزاکەشی زۆرسەختتر بوو لەو کەسانەی کە لەسەربازی هەڵدەهاتن.

«بۆیە هونەرمەندان لەڕژێمی (تۆتالیتاری ،فاشیست ،کۆمۆنیستی و ڕژێمە سەربازی)ەکاندا تەنیا سێ دەروازەی هەیە بۆ هونەرکردن.

یەکەم: دەبێت بەرهەمەکانی پاڵپشتی دەسەڵات بکات.

دووەم: بێدەنگ بوون هەڵدەبژێرێت لە مەڕ مەسەلە سیاسیەکاندا.

سێیەم: پێچەوانەی هەر دوو خاڵەی سەرەوە کاردەکات و بەئاڕاستەیەک کاردەکات، دژ بە دەسەڵات و هونەری بەرەنگارەبوونەوە پێشکەش دەکات. لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیەدا، زۆر جار لەم جۆرە ڕژێمە دەسەڵاتدارییانەدا، گیان لەدەستدانی هونەرمەند بە کۆتا دێت [هەمان]. ئەم سێ خاڵە کە ئاماژەی پێدرا بە هەمان شێوە لە موزیکی کوردیدا دەبینرێت و کاتێک هونەرمەندێک بە بیرێکی نەتەوەیی هونەری کردووە جگە لە سانسۆرکردن زیندانی کراوە و زۆرجار کۆتایی بەژیانی هاتووە.

## سیاسەت چییە و بۆچی؟

چەمکی سیاسەت مێژوویەکی دێرینی هەیە و «ڕیشەی ووشەی سیاسەت پۆلیتیک (Politics)لە پۆلیتیکا (Politika)ی یۆنانی وەرگیراوە، بەمانای: ئەوکارانەی پەیوەندی بەشارەوە هەیە. ووشەی (پۆلیک Police) لە یۆنانی کۆندا بەمانای ( دەوڵەت – شار) و (پۆلیتیا Politiea)، بەمانای (ژیانی شار، نەزمی شار، یاسای بنەڕەتی) هاتووە. سیاسەت دەیان پێناسەی جۆراو جۆری هەیە، یەکێک لە ساناترین پێناسەی: زانینی شێوەی بەڕێوەبردن (حوکمکردن)ە. سەبارەت بە ووشەی موزیک، بەهەمان شێوەیی سیاسەت ڕیشەی

ووشـەکە بـۆ یۆنـان دەگەڕێتـەوە، کـە لـە وشـەی یۆنانـی μουσική بـە مانـای (هونـەری دەنـگ) و لـە ووشـەی (مـوز – Muss) وەرگیـراوە، کـە (نـاوی یەکێکـە لـە خواوەنـدە گرنگەکانـی یۆنانییەکان)، کە بـە خواوەندی شـادی و موزیکـی ناودەبرێـت. لـە مێـژووی موزیکـی جیهانـدا ڕۆڵـی موزیـک بـە چەنـد قۆناغێکـی مێـژووی گرنگدا تێپەڕبـوە، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لـە ئەوروپـا موزیـک لەخزمەتـی کڵێسـادابوو، کـە ئەویـش بەجۆریـک لەسیاسـەت هەژماردەکرێـت، چونکـە سیاسـەتی کڵێسـاکان بەجۆرێـک لـە سیاسـەتی ئاینـی، حوکمـی تـەواوی ئەوروپایـان کـردووە. لـەم سـەردەمانەدا موزسـیانان کارەکانیـان لـە ژێـر سانسـۆریکی دژواردا بـوون، کـە موزیـک بـە سـەر دوولایەنـدا دابەشـبوو بـوو:

موزیکـی دنیـای و موزیکـی ئاینـی. ئـەم دووجـۆرە موزیکـە هەرچـی کـە لەخزمەتـی ئایـن و کڵێسـادا بـوو، جێـی بایەخـی دەسـەڵات و کڵێسـا بـوو، هونـەری موزیکـی دنیایـش هونەرێکـی گشـتی نـاو خەڵکـی سـادە و سـاکار بـوو. «بۆیـە لەنیـوەی سـەدەی شـازدەهەمدا تـا سـەدەی نۆزدەیـەم هونەرمەنـد لـە کایەیـی سیاسـیدا ڕۆڵـی کارایـان نەگێـڕاوە، یـان لەخزمەتـی کڵێسـادا ماونەتـەوە، کـە ئەمـە درێژکراوەی چاخەکانـی ناوەڕاسـتە، یاخـود دەربـاری (کۆشـکی پاشـا ومیـرەکان) بـوون، بەرامبـەر دابینکردنـی ژیانێکـی سـادە موزیکیـان پێشکەشـکردوون. ئەگـەر موزیکدانـەری فەرەنسـی (ژان باتیسـت لوولـی) بکەینـە نموونـە لەژیانـی دەرباریـدا ئـەو چەندکارێکـی نـاوازەی لـە سـاییەی دەرباریـدا نووسـیوە لەوانـە: (ئالسسـت) بـۆ لویسـی چـوارەم، کـە پاشـا بـە ئاپۆلـۆ (خـودای خـۆر) نـاو دەبـات. هەروەهـا ئۆپیـرای (ئاتیـس) کـە بـۆ هاوسـەری لویسـی چواردەیەمـی نووسـی، کـە باسـی لـە ئیرۆتیک و شـابانوی ئـەوی دەکرد[هەمـان]. جگـە لـەوە موزیـک لەشـۆڕشـی ئازادی و یەکسـانیدا، بـە تایبـەت شـۆڕەشـی فەرەنسـی ١٧٨٩ داڕۆڵـی گرنگـی گێـڕاوە، گەرچـی زۆرلایەنـی نێگەتیفی شـۆڕشـەکە ڕوون وبەرچاون بەڵام یەکێکـی دیکـە لـە بەرهەمەکانـی ئـەم شـۆڕشـە ئەوەبـوو هونەرمەنـدی

ئـازادی بەرهەمهێنـا.» هـەر بـۆ ئەمـە بتهۆڤـن سـێیەم سـیمفۆنی بـە ناوی (قارەمانێتـی–Eroica) ئـەو پرەنسـیپانەی شۆڕشـی فەرەنسـی بـەر جەسـتەکردبوو، کـەوەک هونەرمەنـد وسیاسـیەتمەدارێکی تاسـوق و تامەزرۆیـان بـوو هیـوای دەخواسـت کـە دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی ناپلیـۆن، هەمـوو گەلانـی سـەر ڕووی زەوی بگرێتـەوە. بتهۆڤـن لەسـاڵی ١٨٠٢ دەسـتیکردبوو بەنوسـینی ئـەم سـیمفۆنیە، هیـوا و ئاواتەکانیشـی لـە وێنـەی ناپلیـۆن بـوو، هـەر بۆیـە نـاوی ئـەو سـیمفۆنیەی بـە نـاوی ناپلیۆنـەوە ناونـا، بـەڵام لـە کاتێـکدا کـە ناپلیـۆن، لـە ئامانجـی شۆڕشـەکەی لایدا، کەبینـی نـاز نـاوی ئیمپڕاتـۆری لـە خۆینا، زۆر تـوڕە بـوو بۆیـە پـەڕاوی ئاوازەکـەی هەڵگـرت و بەرگەکـەی و ئـەو لاپـەڕەی کـە نووسـرابوو: (پێشکەشـەبە....)ی دڕانـدوو خسـتیە ژێرپێیـەوە و گووتـی: ناپلیـۆن لەوانـی تـر چاکتـر نیـە و پاشـگەزبۆوە» [ئەلدەبـاغ،٢٠١٢ :٢٥،٢٤]. چەندیـن نمونـەی دی کـە لەموزیکـی دەربـار و شۆڕشـگێڕی لەموزیکـی جیهانـی وکلاسـیکی ئەوروپـادا هەیـە. بـەڵام لێـرەدا نموونـەی موزیـککاری دەربـار، لـە موزیکـی کوردیـدا کەمتـر بەرچاودەکەوێـت، هەرچەنـدە زۆرجـار تەنهـا ئاغایـەک یـان میرێکـی کـورد، گۆرانیبێـژی دەربـاری خـۆی هەبـووە، کـە لـە دیوەخانەکانیانـدا (لاوک، حەیـران، بـەزم و بەسـتەی کوردییـان چڕیـوە). ئەمـەش تاڕادەیـەک کاریگـەری جەوهـەری لەسـەر موزیکـی کـوردی هەبـووە. بـەڵام زیاتـر ئـەو گۆرانیـە فۆلکلـۆری و باوانەیـان گوتـووە کـە ئاغـا و میرەکان حەزیـان پێکـردووە، کـە هـەر ئەمـەش بۆتـە هـۆی پاراسـتنی بەشـێکی زۆر لـە مێـژووی قارەمانێتـی و چیرۆکـە دڵدارییـەکان و بـە شـێوەیەکی زارەکـی، نـەوە بـۆ نـەوە لـە ڕێـگای دیوەخانەکانـەوە گواسـتراوەنەتەوە. لـە سـەدەی نۆزدەیـەم بـە دواوە لـە موزیکـی سیاسـی و یـا نیشـتمانی و بەرەنگاری شۆڕشـدا دەتوانـم بڵێـم: کـورد شـان بەشـانی نەتەوەکانـی دراوسـێ خاوەنـی سـەدان سـرود و گۆرانـی بەرەنگاری و شۆڕشـگێڕیە. گەرچـی مێـژووی هەسـتی ناسیونالسـتی لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا زۆردێرینـە،

لەمەم و زینی (ئەحمەدی خانی)ەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە سەدەی بیستەم بەدواوە کە لەڕێگای شاعیرانی کوردە و بەتایبەت لەباشووری کوردستان، هەستی ناسیۆنالستی چۆتە قۆناغێکی دی و زیاتر گەشەیسەندووە. بەتایبەت لای شاعیرانی وەک: پیرەمێرد، زیوەر، حاجی قادر، دڵدار.. هتد. بە بڕوای من زۆرینەی ئەو سرودانەی کە ئێستاش لەسەرزار و یادەوەری تاکی کورد ماوە، زادەی بیر وهەستی شاعیرانی کوردە، نەک موزسیان و گۆرانیبێژی ئەو سەردەمەی کورد. دواجار هەر شاعیرانی کورد هەستیان بەگرنگی سردووی نیشتمانی کردووە و هەرخۆشیان ئاوازیان بۆدانـاون، یان ئاوازیان لەگەلانی دراوسێوە وەرگرتووە و بە بەری شعرەکانیاندا کردوون.

لە دوای شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێدا، گۆرانی بەرەنگاری و سیاسی لە باشووری کوردستاندا، تا ڕاپەرینی ١٩٩١ لە گەشەسەندندا بووە. لە کۆتایی شۆڕشی ئەیلولدا لە نێو ئیزگەی دەنگی کوردستاندا، تیپی مۆسیقای شۆڕش هەبووە، بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٨١ دا لە ڕادیوی گەلی کوردستان تیپی شەهید کارزان هەبووە، کە خاوەنی چەندین بەرهەم و چالاکی گۆرانی و سرودی نیشتمانین و سەرجەمی کارەکانیان زیاتر لەخزمەتی ئایدیایی ناسیونالستی یان بیری حیزبی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا بوون. دواتر لە دوای شەڕی ناوخۆ گۆرانی و سرودی حیزبی گەشەدەکەن. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گۆرانیەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە دایک دەبن کە بە جۆرێکە لە ڕێگای تیکستەکانەوە جارێکی دی ناسنامە (Identity)ی حیزبەکانیان دەر دەخەن، و لە پێناو سەرکەوتنی لیست و قەوارە سیاسیەکاندا جۆرێکی دی لە گۆرانی سیاسی خۆیان پەخشدەکەن. لە ڕاستیدا هەر یەک لەم بابەتانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چڕو پڕ هەیە، هەر بۆیە بەر لەوەی لەم مێژووە درێژەوە زیاتر هەنگاو بنێین بۆ کرۆکی بابەتەکە، پێویستە بە کورتی باس لە سەرهەڵدانی گۆرانی سیاسی و بەرەنگاری بکەم لە باکوری کوردستاندا، کە مێژووەکەی تاڕادەیەک


لـە چـاو ئەزموونـی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا نوێتـرە و بەفۆرمێکـی تـر لـە مەیدانەکـەدا کاردەکات.

## مێـژووی سـەرهەڵدانی گۆرانـی سیاسـی لـە باکـوری کوردسـتان

بـە بـڕوای مـن لەگـەڵ دامەزراندنـی پارتـی کرێکانـی کوردسـتان (پەکەکـە) «لـە دوای یەکـەم گردبوونـەوەی کۆمەڵـێ شـۆڕشـگێری (چـەپ) لـە (پایتەختـی کوردسـتان – دیاربەکـر) بـە بەسـتنی یەکـەم کۆنگرەیـان لـە ٢٧/ ١١/ ١٩٧٨ کـە تێیدا بەکـۆی دەنـگ عەبدوڵا ئۆجـەلان بـە سـکرتێری حیـزب هەڵبژێـردا، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٠ کشـانەوە بـۆ وڵاتـی لوبنـان بـۆ ڕاهێنانـی سیاسـی و سـەربازی» [ئینتەرنێـت١]، سـترانی سیاسـی زیاتـر لـە باکـوری کوردسـتان سـەرهەڵدەدات و دەخرێـتە خزمەتـی ئایدۆلۆژیـای (PKK) ەوە. دەبینرێـت بەدرێـژای ئـەم مێـژووە سـەدان هونەرمەنـد تووشـی سـزا و سـوکایەتی و دەربـەدەری بـوون، بەچاوترینیـان (شـڤان پـەروەر و ئەحمـەد کایـا) بـوون. ئـەم جـۆرە لـە موزیـک لـە ئێستاشـدا بەردەوامـە و لـە ئێسـتادا دەیـان کۆمـا و جڤاتـی هونـەری هـەن و سـەرجەمیان لـە خزمەتـی ئایدیـا ناسیونالیسـتەکانی (PKK) کاردەکـەن.

## سەردانی بارزانی و پەروەر بۆ ئاماد

ئاشـکرایە نیمچـە سـەربەخۆی هەرێمـی کوردسـتان و سیاسـتەکانی هەرێـم کاریگـەری ئەرێنـی هەبـووە، لـە سـەر کێشـەی کـورد لـە پارچەکانـی تـری کوردسـتان. هـەر بۆیـە خوێندنـەوەی دوا گەمـەی سیاسـی بـە موزیـک و سـترانی کوردییـەوە لـە سیاسـەتی تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتاندا و سـەردانی سـەرۆک بارزانـی و شـڤان پـەروەر بـۆ ئامـەد، نموونەیەکـی زۆر زینـدوون تـا لـە تیورەکانـی سیاسـەت و




موزیکدا شرۆڤە بکرێت. ئەوەی بینرا لە بانگێشتەکەی سەرۆکی هەرێم و شڤان پەروەر لەسەر بانگێشتی فەرمی ئاردۆگان و کۆماری تورکیا بۆ شاری ئامەد، هاتنەدی خەونی گەڕانەوەی سی و حەوت ساڵەی هونەرمەند (شڤان پەروەر) بوو، کە گۆرانی بێژێک تا ئەو ساتە وەختە، لە سەرسترانە سیاسیەکانی لە دەوڵەت و یاسای تورکیادا، وەک تاوانبار و دژە نەتەوەی تورک و دەسەڵات پێناسەی بۆ کرابوو. دواجار لە ساڵی ٢٠١٣ دا هەر سیاسەت لە نێو گەمەیەکی ئابووری و سیاسیدا، هاوشانی سەرۆکەکان بە چەپڵە ڕێزان پێشوازی لێدەکات. (بەبێ گوێدانە ئەو تاوانە سیاسیانەی کە پێشترهەیبووە). هەربۆیە لێرەوە پرسیار گەلێک دێتە ئاراوە لەوانە: هەڵبژاردنی پەروەر بۆچی؟ بە بڕوای من چەند خاڵیکی گرنگ هەیە، کە هۆکارن بۆ هەڵبژاردنی پەروەر بۆ نێو ئەم گەمە سیاسیە.

**یەکەم:** هۆکاری هەڵبژاردنی (پەروەر) بۆ ناکۆکیەکانی ئەم دواییەی پەروەر لەگەڵ پەکەکە دەگەڕێتەوە.



**دووەم:** پەروەر دیارترین سمبوولی گۆرانیبێژی شۆڕشی کوردایەتییە، لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، یەکێکە لە قوربانییەکانی سیاسەتی فاشیستی تورکی و تەمەنێکی زۆری لە خەباتی گەیاندنی ئازارەکانی کورد بە دنیادا بردۆتە سەر، و یەکێکە لە و پێشینانەی کە بەکاریزمای دەنگ و ئامێری ساز و بەرگەکەی توانی لە سەرتاسەری دنیادا بۆ ئازاری کورد هاوار بکات.

**سێیەم:** سیاسەتە میانڕەوەکانی پارتی گەشە پێدانە سەبارەت بەپرسی کورد لە تورکیادا.

**چوارەم:** شڤان پەروەر زۆر دۆستی بارزانیە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

لەگەڵ ئەم خاڵانەشەدا، بە بڕوای من ئەگەر هونەرمەند (ئەحمەد کایا) لەژیاندا بوایە، لەجێی (پەروەر)، پێدەچوو (کایا) بانگێشت بکرایە، بە هۆکاری ئەوەی کە ئەردۆگان دۆستی دێرین و هەواداری دەنگی ئەحمەد کایا بووە. بەڵگەش بۆ ئەوە «عەبدوڵا گولی سەرۆکی تورکیا پاش مەرگی لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا، لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا خەڵاتی «گەورە»ی بە خێزانی کایا بەخشی. یەکێک لەو هۆیانەی ئەکرێ ئەم سەرۆکەی تورکیا ئەو کارەی کردبێ، ئەوەیە



که سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کاتێ دژی ئەتاتورک هەڵبەستێکی خوێندەوە، لە ساڵەکانی ١٩٩٠دا و لەسەری زیندانی کرا، ئەوکات کایا پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیبوو» [نێت٢].

پرسیاری دی لێرەدا ئەوەیە بوونی ئیبراهیم تاتلیساس چ هێمایەکە بۆ بەشداری کردن لەم گەمە سیاسیەدا؟ وەک دەزانرێت تا ئێستا ناسنامەی ڕاستەقینەی نەتەوەیی (تاتلیساس) دیارنیە، زۆر کەس بە کوردی هەژماردەکات، خۆشی لە چەند سەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستاندا بەئاشکرا دەڵێت: من تورک کوڕی تورکم!! لەم نێوەندەدا کە زیاتر وەک دوڕەگێک لە ناسنامەی نەتەوەیی لە تاتلیساس دەڕوانرێت. لێرەدا ئایا سیاسەتی تورک ویستی بە گەلی کورد بڵێت چی؟ ئایا پەیامەکەی ئەوە بوو، کە کورد هەر وەک تاتلیساس تورک کوڕی تورکن؟ بەڵام تورکێکی شاخاوی؟ یان پەیامی ئاشتی و برایەتی بوو؟ ئەم وەڵامە بۆ سیاسیەکان جێدەهێڵم.

خاڵێکی دیکە و ئەوەی جێی تێڕامانە یەکێک لەو گۆرانیانەی کە پەروەر بە هاوشانی تاتلیساس لەو ڕۆژەدا پێشکەشکیکرد، سترانی (مەگری مەگری) بوو، کە لەڕاستیدا ئەم سترانە خۆی ناوی (بینگۆل شەوتی)یە، کەئاوازی ئەم سترانە فۆلکلۆری (ناوچەی بینگۆل) ە و بەشێوەزاری کرمانجی لەلایەن چەندین گۆرانیبێژ ووتراوە.

چیرۆکـی ئـەم گۆرانیـە لـە تێکسـتەکیدا بەدیاردەکەوێـت، کـە «بـاس لـە سـاڵانی ١٩٨٠کانـی ناوچـەی بینگـۆل دەکات، کـە دوای کوژرانـی گەریلایەکـی پەکەکـە لـە ناوچـەی بینگـۆل بەنـاوی (عەگیـد) کـە نازنـاوی (زاکیـە) دەکوژرێـت و دواتـر تـەواوی ناوچـەی بینگـۆل لەلایـەن کۆمانـدۆ و سـەربازانی تورکـەوە دەسـوتێنرێت» [ئۆنـال، ڕاپرسـی]. ئـەم گۆرانیـە دەرئەنجامـی ئـەم چیرۆکـە تراژیدییـە دروسـتبووە. تـەواوی تێکسـتەکە بـاس لـەو کارەسـتانەی (بینگـۆل) دەکات. لەڕاسـتیدا پەیامی ئەم سـترانە پەروەردەکردنـی گیانـی بەرەنگارییـە و داوا لـە دایـکان دەکات، نەگریـن و شـۆڕشـی نەتەوەیـە ڕەواکەیـان بەردەوامکـەن.

**تێکستی گۆرانیەکە بەم جۆرەیە:**

**بینگۆل شەوتی میژ دومانــە**

**مەگری مەگری دایە مەگری**

**بینگۆل شەوتی میژ دومانــە**

**زەمان خــــرا ئەم تییدانە**

**مەگری مەگری دایە مەگری**

**باش قوماندوو بێ ئیمانە**

**وەرکەتبوو ناڤ گوندانە.**


**مەگری مەگری دایە مەگری**

**عەگید کوشتن بەر مالانە**

**کونە عەگید سەر میرانە**

**موختار ڕاکە بی ئیمانە**

**مەگری مەگری دایە مەگری.**




(نەخشەی شاری بینگۆل)

ئەگـەر لـە تێکسـتەکە ورد بیتـەوە لـەوە دەگەیـت، کـە ئـەم سـترانە گێڕانـەوەی تراژدیایەکـی تـر و مـاڵ وێرانییەکـی تـری گەلـی کـوردە لـە باکـوری کوردسـتاندا. لـە ڕووی زانسـتی موزیکـەوە، ئـەم سـترانە فۆلکلـۆرە و لـە سـەر مقامـی بەیـات بنیاتنـراوە، ڕیتـم و ئـاوازی ئـەم گۆرانیـە تاڕادەیـەک خێرایـە، هـەر بۆیـە لـە سـەر ڕیتـم و ئـاوازی ئـەم سـترانە لـە ناوچـەی بینگـۆل (گۆڤەنـد[1]) دەکـەن. بـەڵام کاتێـک دەکرێتـە ستران، تێکسـت و هەسـتی دەربڕیـن پێچەوانـەی ئـەو ڕیتـم و گۆڤەنـدە دەبێـتەوە. بـە بـڕوای مـن ئەمـە یەکێکـە لـە ناوازەتریـن سـترانی سیاسـی کـوردی، کـە پـڕ هیـوا و بەرەنگاریـە لـە مێـژووی سـترانی کوردیـدا، کـە چـۆک دانـادات و دەیەوێـت بـە ئـازارەوە گۆڤەنـد بـکات.

لێرەدا ئـەوەی جێـی هەڵوەسـتەکردنە، لـە کاتی ووتنی ئـەم گۆرانییەدا لەسـەر سـەکۆی گۆرانـی ووتـن: پـەروەر و تاتلیسـاس تەنهـا یـەک دێـڕ لـە گۆرانییەکەیـان چـڕی: تەنهـا (مەگـری مەگـری، دایـێ مەگـری)،

---

[1] شایی کردن.

نەیانتوانی تەنانەت ناوی بینگۆل بێنن. لەم خۆدزینەوەیە لە تێکستەکە شڤان پەروەر بەپیاهەڵدان بەسەر ئاشتی و ئازادی و برایەتی و بژی ئەردۆگان و بارزانی ئەم حاڵەتەی چارەسەر کرد و کۆتایی پێهێنا. چونکە تێکستی ئەم گۆرانییە لە خزمەت ئەو سیاسەتەدا نەبوو کە (پەروەر)ی هێنابووە ئەو (ئاماد)ەی کە چەندین ساڵ بوو خەونی گەڕانەوەیی پێوە دەدیت. خۆدزینەوە لەم تیکستە ئاگراویە، تەنها (پەروەر) نیە کە ناوێرێت لە تورکیادا ئەو سترانە ببێژێت، بەڵکو زۆر گۆرانیبێژی تر لە تورکیادا ئەم سترانەیان گوتووە، بەڵام ئەوانیش هەر وەک پەروەر خۆیان لە ووتنی تێکستەکەی بەدوور گرتووە. ئەوەی جێی گومانە، پەروەر لە کاتێکدا دەیزانی ئەم گۆرانییە، لەخزمەتی ئەم پرۆسەیەدا نیە، بۆچی ویستی ئەم سترانە ببێژێت؟ ئەو پاڵنەرانە چی بوون؟ ئایا پەروەر ویستی بڵێت: (ئەمن هەر کوردم؟) ڕاز و وەڵامی ئەم پرسیارە لای خودی پەروەربێت و ئەشێت لە نێو یاداشتەکانیدا چەند ساڵێکی تر بیدرکێنێت. دەرئەنجامی ئەمە دەردەکەوێت، کە موزیک لە سیاسەت و کێشەکانی گەلی کوردا، ڕۆڵی کارا دەگێڕێت و بە جۆرێک هاوشانی سیاسەت بە پێی بارە سیاسیەکان هەنگاودەنێت و گەشە دەسێنێت. زۆر جاریش سترانە توندەکان هێور دەبنەوە و دەبنە مجامەلەی سیاسی. لێرەدا گۆرانی و موزیکی کوردی وەک، کەرەستە و ئامرازێکە بە ئامانج و مەبەستێکی دیاری کراوی سیاسی، کە سیاسییەکان لەگەمەکانیاندا بەکاریدەهێنن. لێرەدا موزیک تەنها بۆ کاتێکی کەم و دیاری کراوە، دەبێتە جێی بایەخ و گرنگی دانی سیاسییەکان، دواتر ئەم گرنگییە کاڵ دەبێتەوە، موزیک دەچێتەوە نێو لانەکەی خۆی کە زۆر بەکەمی لە نێو سیاسەتی کوردیدا لە دوای گەیشتن بە ئامانجەکان گرنگی بە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی موزیك دراوە.

## سەرچاوەکان

١.  ئەحمەدی بابک، موسیقی شناسی فرهنگ مفاهیم موسیقی شناسی، چاپ: اول، تهران:  ١٣٨٩.

٢.  ئەلدەباغ غانم، ئەندێشە مرۆییەکان لە موزیکی بتهۆڤندا، و:ئیسماعیل ڕاجی، چاپ: یەکەم، ٢٠١٢.

٣. میراڵ مەلهات ئۆناڵ، یاریدەدەری مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، بەشی موزیک،٢٠١٣/١١/٢٠.

## سەرچاوەی نێت

١. لمحە عن تاریخ حزب العمال کردستانی، ماڵپەری حدث.

٢. ئەحمەد کایا، ماڵپەری ویکیپیدیای کوردی.

٣. وینە کان:  www.google.com



# ئەلبوومی (وەفایی)
# لە نێو گوتارێکی ڕەخنەیی
# موزیکیدا

لەسەردەمی جیهانگیری و مۆدێرنەدا، زۆربەدەگمەن کەسانێك هەن بەردەوام لەهەوڵی پاراستنی ناسنامە و مۆرکی نەتەوەیی موزیکدان. بۆیە زۆرجار گوێگر بە ئومێدی ئەوەی لە تەنیا تراکی ئەلبومی هونەرمەندێکدا ئەو چێژەکوردیەی بێتەوە یاد کەهەستە نەتەوەی یەکانی داوای دەکەن. بە هۆکاری پێشکەوتنی زانست و شەپۆلی جیهانگیری و تەکنەلۆجیایەوە زۆر کات، بە ئاستەم کەسێکی ئاسایی دەتوانێت مۆرک و ناسنامەی موزیک و گۆرانی کوردی لە موزیکی نەتەوەیەکی دی جیابکاتەوە. سەرباری ئەوە لە ناو ئەو هەموو کێشمە کێشم و ئاڵۆزییەدا کە لە نێو موزیکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، دەنگێک هەیە بەناوی ( عەدنان کەریم) ەوە  بەردەوام دەیەوێت کاری ناوازە بە چێژی کوردیەوە بە گوێی گوێگرانیدا بچرپێنێ. هەر بۆیە هەموو چرکە ساتەکانی گوێگرتن، لە گۆرانیەکانی نغرۆت دەکا لەناو چێژی موزیکی کوردی دا. لە بەر ئەوە هەمیشە وتوومەو دەڵێم: (گەرکەسێکی بیانی هاتە کوردستان،

ویستی موزیکی کوردی بناسێت، بێ دوو دڵی، ئەلبومێکی ئەوی پێببەخشە، چونکە بەڕاستی موزیکی کوردیت پێناساندووە). یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی بەرهەمەکانی (عەدنان کەریم) ئەوەیە دەتوانرێت بەبێ دوودڵی و گومانەوە بخرێتە نێو ئەرشیفی موزیکی کوردییەوە. بۆیە بە بڕوای زۆرێک لە کوردستانیان ئەو بە یەکێک لەو هونەرمەندانە دا دەنێن، کە لوتکەی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی دایە لە باشووری کوردستاندا. هەر ئەم بڕوا و متمانەیە وای لە عەدنان کەریم کردووە کە کار کردن بۆ ئەو گەلێک سەخت بێت، چونکە ئەو پلەبەندیەی کە بۆی دەکرێ، لە ئەنجامی ئەزمونی باش و ماندووبون و تەمەنێکی پڕ بەخششی هونەری دورو درێژی چەندین ساڵەی خۆیەتی، کەسەرجەم کارەکانی لەلایەن گەنج و پیرو موزیکزان و خەڵکی ئاسایەوە، پێشوازی باشی لێکراوە و گوێگرێکی هۆشیاری باشی بۆ خۆی دروست کردووە.

بۆیە بە بڕوای من ناکرێت تەنیا تراکی ئەلبومێکی بێ بیر کردنەوەوی قوڵ وڕاوێژی کەسانی پسپۆر و گوێگری باشەوە بڵاوکاتەوە. هەر ئەم ڕاستیانەش وام لێدەکات کە لەسەردواین ئەلبومی هونەرمەند کە بە ناوی( وەفایی) یە بدوێم و بیخەمە بەر دیدێکی رەخنەی موزیکی، گەرچی ئاستی هونەری هونەرمەند (عەدنان کەریم) و (کامکاران) هێندەبەرزە کە لە باسکردن لە کەم و کوڕی کارەکانیان زۆردژوارە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستی دەزانم ئەوەی هەستی پێدەکەم بیخەمەڕوو. بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا گەر تێبنییەکانم بەهێند وەرگرن کاری لەسەر بکەن. جگە لەمە زۆر پێویستە ئیدی قسە لەسەر سەرجەم ئەلبومەکانی وهونەرمەندان بکرێت بە ئومێد و ئامانجی دروست بوونی ڕەخنەی موزیکی لە پێناو بەرو پێش چوونی ڕەوتی موزیک نەک لەکەدارکردن و بەکارهێنانی زمانی زبر و توانج لێکگرتن.

## ناساندنی ئەلبومی وەفایی

لەسـەرەتادا پێویسـتە ناوەرکی ئـەم ئەلبومـە بخەمـەڕوو کـە ئەویـش پێکهاتــووە: لــە هەشــت بەرهــەم کــە جگــە لــە کارێکــی کــە فۆلکلــۆرە سـەرجەمیان ئـاوازی ( عەدنـان کەریـم)ە و تـەواوی کارە موزیکی یەکانی لەلایـەن گروپـی کامکارەکانـەوە ئەنجامـدراوە. کـە چـوار تراکیـان لەسـەر مقامـی یـا (دەزگا)ی (نەهاوەنـدە، دوو بەرهەمـی دیـان لـە سـەر بەیات، بەرهەمێکـی دی لـە سـەر مقامـی عەجـەم و هەوەهـا یـەک بەرهەمـی لـە سـەر مقامـی هومایـون)ە کـە بونەتـە بناغـەی موزیـک و ،گۆرانیەکانـی لـە سـەر بنیـات نـراوە. زۆر بـەی هۆنـراوەکان کلاسـیکی کوردیـن کـە هونەرمەنـد بـە عاشـق و شـەیدای ئـەم جـۆرە هۆنراوانـە ناسـراوە، کـە بـە ڕاسـتی دەتوانێـت کاری و تێروتەسـەل پـڕ جوانـی ووشـەکان مامەڵـە لەگەڵیاندابـکات، هــەر ئەمــەش وایکــردووە ئــەم هۆنراوانــە بونەتــە بەشـێک لـە ناسـنامەی هونەرمەنـد.

ئـەم ئەلبوومـە بەسـپۆنسـەری (ئاسـیا سـێڵ)، (ئاڤـا گـرووپ) و (ئـارۆ گـروپ) بەرهـەم هێنـراوە. وێـرای دەسـتخۆشـی بـۆ ئـەم ئەلبوومـە کـە مۆرکـی موزیـک و گۆرانـی کـوردی تێـدا بەرجەسـتەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆمەڵێـک تێبنـی و پرسـیار هـەن کـە پێویسـتیان بـە شـیکردنەوە و ڕانـان و، وەڵام هەیـە، کـە دەمەوێـت لێـرەوە دیـدی رەخنـە و تێبینـی یەکانـم بخەمـەڕوو. سـەرەتا بەباشـی دەزانـم لەبەرگـی سـیدییەکەوە هەنـگاو بنێـم بـۆ ناوەرۆکـی ئەلبومەکـە، کـەزۆر مەبەسـتمە لـە هەنـدێ لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنـی ئـەم ئەلبوومـە بدوێم.ئەگـەر سـەیری بەرگـی سـیدی بەرهەمهێنـراوی هونەرمەنـدو ئەوگروپـە مەزنـە بکرێـت، لـە رووی کوالێتـی و ئیسـتاتیکای سـیدییەوە هەرچـی هونـەری ئیسـتاتیکا و هونـەری نەخشەسـازی ( بـەرگ و تیانـووس )، وسـەرنج راکێشـی هەیـە لـەم ئەلبومـە دا بـەدی ناکرێـت، کـە زۆر پێویسـت بـوو لـە بەرچاوبگیرێت، چونکـە زۆر گرنگـە بـۆ لایەنـی فرۆشـی سـیدییەکە.

لەدونیـادا وا بـاوە و هـەر زوو درک بەگرنگـی ئـەم لایەنەکـراوە، بۆیـە ئـەو هونەرمەندانـەی لـە پلـەی بـاڵادان پارەیەکـی زۆر خەیاڵـی لـەم بـوارەدا خـەرج دەکـەن، گـەر ئـەم لایەنـە گرنگیـش نەبێـت لـە لای بەرهـەم هێنەرەکانـی ئـەم ئەلبوومـە، دەبـێ بیـر لـەوە بکرێتـەوە گـەر بیانییـەک سـەربەخۆ و بـێ پرسـیارکردن بیـەوێ ئەلبومـێ بکرێـت، ئـەوا بـێ دوودڵـی بەهـۆی نزمـی کوالێتـی بەرگـی ئەلبوومەکـەوە، نازانێـت ئەمـە ئەلبومـی هونەرمەندێـک و گروپێکـی زۆر مەزنـی کـوردە. کـەزۆر پێویسـتە کوردیـش هونەرمەنـدە باڵاکانـی ئیـدی بەلۆکاڵـێ نەمێننـەوە، پێویسـتە بەسـتانداردی جیهانـی کارەکانیـان ئەنجـام بـدەن. بەرامبـەر بەمـە، لێـرە بەنـاو هونەرمەنـد هەیـە تـا ئێسـتا یـەک گۆرانـی بـاش و کـوردی نەچڕیـووە کەچـی لەم ڕووەوە زۆر کاری باشـی بـۆ ئەلبوومەکەی کـردووە.

لەوانەیـە ئێسـتا خوێنـەر بڵـێ: بـەڵام ناوەڕۆکـی بەرهەمەکـە گرنگـە. بۆیـە زۆر لەسـەر ئەمـە ناوەسـتم و رووردەکەینـە (ناوەرۆکـی)ی کارەکـە واتـە لـە ڕووی تێکسـت و میلـۆدی و موزیـک و دەربڕینـی گۆرانـی کۆمەڵـک لایەنـی دیکـەی هونـەری کـە دەکرێـت بـە ووردی گوێگـر و ووردبیـن بیـن بەرامبـەری. لـە سـەرەتای گوێگرتـن و پێشـەکی موزیکەوە هەسـت بـە ڕسـتەو میلـۆدی زۆر هەسـت بزوێـن دەکەیـن هەرزوو سـتایلی کامکارەکان خـۆی رادەگەیەنێت. ئـەم شـێوازە کارکردنـە بـە گویگرانـی کـورد ئاشـنایە، بـەڵام لەگـەڵ جوانـی رسـتە موزیـک و هارمۆنیەکانـدا، هـەرزوو هەسـت بەبوونـی شـتێکی نامـۆ لـە سـتایلی موزیکـی کامکارەکانـدا دەکرێـت، کـە بوونـی کاری (سـامپڵەر) یاخـود ڕوونتـر بڵێـم کاری (کیبـۆرد و دابەزاندنـی دەنگـی ئامێـری نازینـدوو )ە بەتایبـەت لـە ئامێـرە فودارەکانـدا. لەڕاسـتیدا بـۆ مـن زۆر سـەختە تێگەیشـتن لـەم بابەتـە چونکـە کامکارەکان چەندیـن ساڵە لەشـەڕی پاراسـتنی مـۆرک و رەسـەنایەتی و ئـەو ئامێـرە ترادیشـناڵە کوردییانـەن و زۆر نازدارانـە لـە بـاوەش و دەسـتەکانیان گرتـوون، کـە بـە بـڕوای مـن هیـچ گروپێـک لـە

مۆزیکی کوردی نەیتوانیوە وەک: ئەم گروپە مەزنە کاری ناوەزە دوور لە باوەڕییەوەی بەم ئامێرانەکردبێت. چونکە زۆرینەی یاسا و رێسا و بنەماکانی هارمۆنی تیۆرە و تەکنیکی مۆزیکی هەیە، بێسڵمینەوە و بە باشی بە ئامێرانە ئەنجامداوە، و زۆرجار ئۆرکستراییی گەورەیان خستۆتە خزمەتی ئەو ژێ باریک و ئامێرە سادانەوە . بەڵام نازانم بۆ لەم ئەلبومەدا دەنگی هەندێ ئامێری فوداری بە سامپڵەر بۆ پرکردنەوەی کارەکە خستۆتە ناو کارەمۆزیکیەکانیان!؟ پرسیار لێرەدائەوەیە کە ئیدی کامکاران لە توانایاندا نەماوە بەرامبەر شەپۆلی جیهانگیری راوەستن؟ یا هۆکارکە ئەوەیە کە دەڵێن: کامکارەکان وا ناسراون کە لەیەک جار زیاتر وەک گروپ کار بۆ هونەرمەندێ ناکەن؟! یادەبێت هونەرمەند عەدنان کەریم زۆری لێکردبن؟ ئەوانیش بێگوێدانە ئەو مێژووە پرسەرکەوتنە کارەکانیان بە پەلەپروزێ ئەنجام دابێت؟!

تاکە وەڵامی من ئەوەیە گومان لە گوێکانم دەکەم. لە لایەنێکی تری ئەم باسە لە رستە مۆزیکییەکاندا زۆر جار هەست بەدوبارەی رستەکان یا روونتر هەستی لێکچوون لای گوێگر دروست دەبێت، وا دێتە بەرگوێ کە هەمان رستە لەکارەکی دیدا پێی ئاشنا بوویت، بەڵام لەهەمان کاتدا، کە گوێدەگری لە سانای و سادەی میلۆدی یەکان، کە زۆرینەشیان لە یەک پلە دەنگی یەوە ووتراون، هەست بەگوناه دەکەی ئەگەر ڕەخنەی نادروست بگری لە بوونی دوبارەی وهەستی لێکچوونی رستە مۆزیکی یەکان بگری! چونکە لەو باوەڕەدام ناتوانرێت لەمە باشتر کارلەگەل ئەم میلۆدی سانا و سادانەی گۆرانیەکەدا بکرێت. بەهەرحاڵ باسەکە دە بەمە سەر میلۆدی گۆرانیەکان کە دانراوی (عەدنان کەریم)ە، ئەوانیش لە ساتی دەسپێکی یەکەم ڕستەوە هەست بە هەمان کێشەی مۆزیک دەکەین. بەڵام لە گۆرانیەکاندا روونتر، یا دەتوانم بڵێم: بێگومانتر هەست بەمە دەکەی. چونکە (هەموو مرۆڤێ ناتوانێت ڕستەی مۆزیکی بە

باشـی ئـەز بـەر بـكات، بـەڵام زۆر بـە ئاسـانی میلـۆدی گۆرانیـەكان ئەزبەردەكـریٚ)، بۆیـە هەندێـك لـە تراكـەكان هەسـتی دوبارەیـی لـەلای گوێگـر دروسـتدەكات. بـۆ نموونـە: كاتـێ تـۆ بۆیەكـەم جـار گوێـت لـە ڕستەی یەكەمـی گۆرانیـەک دەبێـت بـێ ئـەوەی گوێت لێبووبـێ ئـاوازی ڕسـتەكە بـە ئاسـانی تـەواو دەكەیـت، یـا دەزانیـت لەكوێـدا ڕسـتەكە جێگیردەبێـت. وەک ئـەوەی لـە تراكـی یەكـەم و سـێ یەمـدا بەتایبـەت لـە ڕستە یەكەمـی (هیجری تـۆ)دا كـە بەهەمـان ئـەدا و میلـۆدی گۆرانـی (مەیگێـڕ)ی ئەلبوومـی پێشـووی هونەرمەنـدە، كـە تەنیـا تێكسـت گۆڕاوە، لەگـەل هەڵگەڕانـەوە و گۆڕانكارییەكـی بچـووک لەڕسـتە موزیكییەكانـدا.

ئـەم هۆكارانەوچەنـد هۆكاریكـی دی كـە دواتـر باسـیان دەكـەم، وایـان لـەم ئەلبوومـە كـردووە كەمتـر لـە ئەلبوومـی پێشـوو جێـی ڕەزامەنـدی گوێگربـێ (سـەرەڕای ئـەوەی كەپـڕ فرۆشـترین ئەلبوومـی ئارۆ بـووە). بە هـۆكاری دی كـە دەیـان خەمـە ڕوو، كاریگەرتـرن بـۆ ئـەم باسـە ئەویـش بنیـات نانـی چـوار تـراک لـە سـەر تەنهـا پەیژەیـەک كـە (نەهاوەنـد)ە كەبەراسـتی هونەرمەنـد، لـە رابـروو و ئێستاشـدا باشـترین كاری لـەم مقامـەدا كـردووە، كەدەتوانـم بڵێـم: (هونەرمەنـدی كۆچكـردوو برایمـی خەیـات و عەدنـان كەریـم نموونەیەكـی جوانـن، كـە بـە باشـی و بـە كـوردی گۆرانیـان لەسـەر ئـەم مقامـە چڕیـووە). بـە بـڕوای مـن ئەگـەر چـوار بەرهـەم لـە سـەر یـەک پەیـژە و یـەک پلـە دەنگـی یـەوە بێـت، تـا ڕادەیـەک سـەختە بـۆ گوێگـر و كار لەسـەر ڕادەی چێـژ بەخشـین دەكات. چونكـە مـرۆڤ زوو لـە هەمـوو چێـژ وەرگرتنێـک تێـر ئەبێـت، موزیكـش بـە هەمـان شـێوە لـە هەسـتەكانی مرۆڤـەوە پێشـوازی لێدەكرێـت، بۆیـە باشـتر بـوو كـە یـەک بـۆ دووتـراک كاری لەسـەر ئـەو مقامـە بكردایـە. هەروەهـا باشـتر بـوو ئیتـر هونەرمەنـد كەمێـک دوور كەوێتـەوە لـە بەرهـەم هێنانـی گۆرانـی لـە سـەر ئـەم پەیژەیـە و كار لەهەنـدێ مقـام یـادەزگادا بـكات كـە راچلەكاندنبێـت بـۆ موزیكـی كـوردی. (هەرچەنـدە جووڵـە و (تحویـل)ی زۆر جوانـی هونـەری لـەم ئەلبوومـەدا كـردووە،

هەست بە بزواندنی جەستە دەکەیت)، بەڵام چەندین مقام و ڕەگەزی مقامی ڕۆژهەڵاتی هەن کەم یا تاک و تەرا کاری تێدا کراوە وەک: (نەگریس، سازگار، سۆزناک، لامی، قارچغار، ئەفشار، بەستەنیگار، شەهناز، سۆزدڵ...)هەیە کە پێویستە دەنگی عەدنان کەریم کارییان لەسەر بکات، بۆیە لە کۆتاییدا ئەم لایەنەیانە گەر وەک ڕەخنەیەکی پەسەند وەرنەگیرا! ئەوا تەنها وەک پێشنیارێکە و بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم تێبینیانە لە پێناو مانەوەی (هونەرمەند و گروپی کامگارن) لە لوتکەی موزیکە کوردیدا لێم وەربگیرێت.

## تێبینی:

ئەم وتارە لە ژمارە: ١٣٦٤ ی پاشکۆی شەبەنگی ئاسۆ لە لاپەڕە ٤ –٥ لە ٢٠١٠/١٢/١٤ بڵاوکراوەتەوە.



# ژیان و هونەری
# شەماڵ سائیب
# لە ٢٧ مین ساڵیادی مەرگیدا

شەماڵ سائیب لە سەدەی ڕابردوودا وەک: موزیکژەن، گۆرانیبێژ، مامۆستا و ئەکادیمی، بێژەر و نووسەر لە ساتەوەختێکی زۆر دژواردا دەرکەوت. کە ئەوکات کۆمەڵگای کوردی و هونەر بەگشتی و موزیکی کوردی بە تایبەتی، بە هۆکاری باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژێردەستەیدا لە ئاستێکی نەخوازراودا بوو. ئەو ناوی تەواوی شەماڵ جەلال سائیبە، لە ساڵی ١٩٣١ لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە تەمەنی پانزەساڵیدا ڕوودەکاتە دونیای هونەری موزیک و یەکەم هەنگاوی بە بەشداری کردنی لە خولێکی هاوینە لە ساڵی ١٩٤٧ دەستپێدەکات، کە دائیرەی مەعاریفی بەغداد لە شاری سلێمانی سازی کردبوو. خولەکە بۆ ماوەی مانگێک و بە شێوازی زانستی وانەکانی پراکتیکی و تیوری موزیکی لە لایەن چەند مامۆستایەکی بەڕەگەز عەرەبی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداوە بەڕێوە چووە. دوای ئەم خولە و لە هەمان ساڵدا ڕوودەکاتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد دەوامی ئێواران، تا فۆناغی چوارەم بەردەوام دەبێت. دواتر دەبێتە خوێندکاری

بەشی مێژووی لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغداد و لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ ١٩٥٦ بڕوانامەی بەکالۆریوس لەمێژوودا لە زانکۆی بەغداد بەدەست دەهێنێت. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ دا ڕوو دەکاتە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی موزیکدا لە زانکۆی ئیندیانا بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٦٨ دەستدەکات بە خوێندنی دکتۆرا بەڵام لە هەمان ساڵدا بە هۆی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانیەوە، داوای گەڕانەوەی لێدەکرێت و ئەویش دەست بەرداری خوێندنەکەی دەبێت و لە زانکۆی سلێمانی وەک مامۆستای زانکۆ لە هەردوو بواری ئەکادیمی و هونەردا لە خزمەتەکانی بەردەوام دەبێت. دواتر لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێردا، هەر وەک سەرجەم مامۆستاکانی ئەو زانکۆیە ڕوودەکاتە شاری هەولێر و لەوێ نیشتەجێدەبێت.

شەماڵ سائیب وێزگەی هونەری ئەو لە شاری سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیەوە کە ئەوانیش گەورە هونەرمەندان (قادر دیلان، ڕەفیق چالاک، حەساڵح دیلان، بەهجەت سەعاتچی...هتد) دەست پێدەکات و بەڵام بەهۆکاری خوێندنەکەیەوە هونەری ئەو لە شاری بەغداد گەشە دەکات و پێدەگات. دواتر لە ساڵانی ١٩٤٨ بە دواوە وەک یەکێک لە عودژەن و گۆرانیبێژە بە تواناکانی ئیزگەی کوردی بەغدا لەکارە هونەرییەکانی بەردەوام دەبێت و چەندین ئاواز و گۆرانی بۆ خۆی کۆمەڵێک لاوی هاوتەمەنی خۆی دادەنێت، زۆرجار بەوەوە نەوەستاوە وەک کۆرسی گۆرانی ڕۆڵی گێڕاوە، بەتایبەت لە هەندێک لەو ئاوازانەی کە خۆی دایناون. بە ووتەی زۆرێک لە هاوڕێیان و هاوسەردەمانی، ئەو نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە تەواوی عێراقدا خاوەنی گوێگرێکی زۆر بووەو، زۆرێک لە گوێگر و هەواداری نەتەوەیی عەرەبیشی هەبووە، کە زۆر بەباشی گۆرانیەکانی (شەماڵ) یان ئەزبەریان بووە و لە زۆر بۆنەی کوردیدا بەزمانی کوردی هاوشانی کوردانی دانیشتووی بەغدا چڕیویانە.

شـەماڵ سـائیب لـە ڕۆژگاری خۆیـدا بـە هـۆی کاریگـەری موزیکـی عەرەبـی و بـە تایبـەت سەرسـامی بـۆ (فەریـد ئەتـرەش) کـە بـە ئاشـکرا لاسـایکردنەوەیەکی زەق لـە شـێوازی چڕینی گـۆرانی ووتنیـدا بەدیدەکرا، تاوەکو لـە ژیانیشـدا بـووە نکۆڵی لێنەکـردووە و دانی بە سەرسـامیەکانی و لاسـایی کردنـەوەی ئـەو هونەرمەنـدەدا دەنـا. بەهـۆکاری ئـەوە لەلایـەن هەندێـک لـە ڕەخنـە گـران و هونەرمەندانـی ئـەو ڕۆژگـارە ڕەخنـەی زۆری ئاراسـتە دەکـرا، بـەڵام ئـەو لەسـەر ئەو سـتایلەی خـۆی کە خـۆی باوەڕی پێبـووە بـەردەوام بـووە. بەبـڕوای مـن ئـەوەی گرنگـە بـۆ قسـەکردن لـە سـەر هونـەری شـەماڵ سـائیب ئەوەیـە، ئـەو توانیویەتـی لـە ڕۆژگاری خۆیـدا ڕەنگیکـی تـر و چێژێکـی تـر لـە موزیکـی کـوردی بێنێتـە بـوون، کە لـە ڕاسـتیدا ڕەنگدانـەوەی واقعـی ژیانـی تایبەتـی خـۆی و ئـەو ڕۆژگـارە بـووە کـە تێیـدا ژیـاوە.

ناتوانرێـت نکۆڵـی لـەوە بکرێـت کـە ئـەو سـەردەمە تـەوژم و کاریگـەری موزیکـی میسـری نـەک تەنهـا بەسـەر کوردانـی باشـووری کوردسـتانەوە بـووە، بەڵکـو بـە سـەر تـەواوی ئـەو وولاتانـەدا زاڵ بـووە کـە دەکەونـە نێو بازنـەی نەتـەوەی عـەرەب و بـە ئاشـکرا ڕەنگـی داوەتـەوە لـە شـێوازی داڕشـتن و چڕیـن و ژەنینـی موزیکـی زۆرێـک لـە نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتی نەوەڕاسـتیشـدا. هـەر بۆیـە دەبینرێـت کاریگـەری موزیکـی عەرەبـی بـە تەنیـا لـە کارەکانـی (شـەماڵ)دا ڕەنگـی نەداوەتـەوە، بەڵکـو لـە زۆرینـەی گـۆرانـی بێژانـی ئـەو ڕۆژگـارەی وەک عەلـی مەردان و تایـەر تۆفیق و خاڵە سـێوە....هتد، هەسـت بـە هەمـان گرفـت و ئـەو کاریگەریانـە دەکەیـن. جگـە لـەو هـۆکاری دیکـە ئەوەیـە ژەنیارانـی ئەوکاتـی ئیزگـەی کـوردی لـە بەغـداد هەموویـان بـە ڕەگـەز عـەرەب بـوون و لـە هەمـان کاتـدا بـە هـۆی ئـەوەی نابینـا بـوون و زیاتـر پشـتیان بـە گـوێ و هەسـتی بیسـتنیان و ئەندێشـەیان لەکاتـی ژەنـدنـدا بەسـتووە، ئەمـەش کاریگـەری ڕاسـتەو خـۆ و چێـژی موزیکـی عەرەبـی بـە گۆرانیەکانـەوە بـە جێهێشـتوە.

بۆیـه دواجـار لەجێـی موزیکێـک تـەواو عەرەبـی، میکسـێک یـان موزیکـیٚ:ی دوڕەگ لـە موزیکـی عەرەبـی و دەنگێکـی کـوردی بەرهـەم هاتـووە. بـە بـڕوای مـن لەگـەڵ هەمـوو ئـەم تێبینیانەشـدا، ناتوانرێـت بگوترێت: ئـەو ئاوازانـەی شـەماڵ یاخـود هونەرمەندانـی ئـەو سـەردەمە کـە دایاننـاون، خاڵیـن لـە موزیـک و هەسـت و چێـژی کـوردی. گەرچـی شـەماڵ لـە ڕووی سـتایلەوە تـەواو جیـاوازە لـە و هونەرمەندانـەی کـە ئەماژەیـان پێـدرا، بـەڵام شـەماڵ سـائیب بـە هـۆی لاسـایی کردنـەوەی (فەریـد ئەتـرەش)ە وە زۆر بـە ئاشـکرا مۆرکـی عەرەبـی بەزەقـی بـە دانراوەکانیـەوە دیـارە هـەر بۆیـە ڕەخنـەکان تۆختـر بـەری دەکـەون. بـە بۆچوونـی مـن ئەشـێت لـەو ڕۆژگارە شـەماڵ سـائیب دڵسـۆزانە ئـەو شـێوازەی موزیکـەی بـە شـێوازیکی نوێـی و پێداویسـتیەکی بـاوی سـەردەمیانە بـۆ ئەوکاتـی موزیکـی کـوردی زانیبێت و ویسـتبێتی (فەرید) یێـک بەزمانـی کـوردی بـۆ نەتەوەکـەی بخوڵقێنێـت!؟

ئـەوەی لێـرەدا جێـی تێڕامانـە و گرنگـە شـیکاری لەسـەر بکرێـت ئەوەیـە، هەرچـی ئـەو ئاوازانـەی کـە دایناوە ئەگـەر لەلایـەن ژەنیارانـی کـوردەوە جارێکـی دی بژەنرێتـەوە، زۆر بـە ئاسـانی ڕۆحـە کـوردەواری و موزیکـی شارنشـینی کـوردی دەکرێتـەوە بـە بەبریـدا. پرسـیار: ئەگـەر لـەو سـەردەمەدا موزسـیانی کـوردی بە توانـا بوونیان بە پێی پێداویسـتی ئـەو سـەردەمە و هاوتـای نەتەوەکانی تر هەبوایە (سـائیب) ئەم سـتایڵەی هەڵدەبـژارد و بـەو جـۆرە گۆرانـی دەگـووت؟؟ هـەر بۆیـە بـە بـڕوای من لە ئیسـتادا ناکرێت ئـەو ئاوازانـەی کەدایناون بـە بیرێکـی ناسیۆنالسـتی و بـە چاوێکـی بێگانـەوە سـەیر بکرێـت و فەرامـۆش بکرێـن وەک بەشـێک لـە میراتـی فەرهەنگـی گۆرانـی کـوردی ئـەو سـەردەمە هەژمـار نەکرێـت. لـە کۆتایـدا ئـەوە مـاوە بڵێـن شـەماڵ سـائیب جگـە لـەوەی کـە گۆرانـی بێـژو موزسـیان و کەسـێکی تـەواو ئەکادیمـی بـوو، ئـەو خاوەنـی زنجیرەیـە ووتـاری گرنگـە دەربـارەی موزیـک کـە لـە ڕۆژنامـەی ژیـن و گەلاوێـژی ئـەو سـەردەمەدا بڵاوکراونەتـەوە. هەروەهـا وەک بێژەرێکـی سـەرکەوتوو

توانیویەتی بە سازدانی بەرنامەیەک بەناوی (باخچەی مۆسیقا) لە ئیزگەی کوردی دەیان بەرنامەی و لێدوان لە سەر موزیک بەگشتی و بەتایبەت موزیکی کوردی ئامادە بکات و خودی خۆشی وەک پێشەکەشکاری بەرنامەکە کاری تێدا بکات. جگە لەوە لەگەڵ دەرکەوتنی تەلەفزیۆنیشدا وەک یەکەمین هونەرمەندی کورد توانویتی کلیپ بۆ گۆرانیەکانی بکات، ئافرەت بەدەنگ و ڕەنگ ڕۆڵ بگێرێت لە کارەکانیدا، کە ئەمە بۆ ئەو ڕۆژگاری کۆمەڵگای کوردی و موزیکی کوردی شتێکی نوێ و هەم نەخوازراو بووە. ناسراوترین گۆرانیەکانی زۆرینەیان لە ئاواز و هۆنراوەی خۆی بووە، ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی هێندە ساکار و جوانن کە محاڵە بە ئاسانی لە میمۆری هیچ تاکێکی کوردا بسڕیتەوە نموونە لەو گۆرانیانە : « ئەرە لەیلێ، هەی بەردە بەردە، زلیخا، پێم بڵێ پێت دەڵێم، هاوار سەد هاوار، وەرە وەرە توخوا وەرە، بۆ تۆیە دڵ...هتد» کەزادەی ڕۆژگارێکن ئەم سەردەمەی موزیکی کوردی درێژکراوەیەکی ئەو زەمەنەیە. بەداخەوە شەماڵ سائیب هەروەک هونەرمەندانی هاوسەردەمی خۆی بە کولەمەرگی ژیا و دواجاریش بە کولەمەرگی و بەنەخۆشی لە ١٩٨٦/١١/٨ لە بارو دۆخێکی ناهەمواردا کۆچی دوایی ئەکات و تەرمەکەی لە زێدی خۆی لە شاری سلێمانی، لە گردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێت و دوای خۆی دووکوڕ بە ناوەکانی ژیمۆ و تیشکۆ و خەرمانێک لە ئاواز و گۆرانی بۆ نەتەوەکەی بەجێدەهێڵێت.[١]

---

١ بۆ نووسینی ئەم وتارە سوودم لە کتێبی: (شەماڵ سائیب، ژیان و هونەر، ئەحمەد سالار، ژیمۆ شەماڵ سائیب، چاپی یەکەم هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس_ژ:٩٤١، ساڵ ٢٠١٠).هەروەها لە ئەنجامی تویژینەوەیەکی چاپ نەکراوم دەربارەی موزیکی کوردی دەیان چاو پێکەوتنم ئەنجامداوە لە پرسیارەکانمدا دەربارەی ڕۆڵی شەماڵ سائیب گەلێک زانیاریم دەستکەوتووە.



# حەسەن زیرەک
# سمبولێک بۆ موزیکی کوردی

هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک کە یەکێکە لە گەنجینە دیارەکانی موزیک و گۆرانی کوردی، زۆرجار لە نێو دانیشتن و ئاهەنگەکاندا دەردەڵی خۆی کردووە، تەنانەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە تکا دەکات کە دەردەدڵەکانی بۆ تۆمار بکەن، بە نموونە: لەیەکێک لە دانیشتن و شەوە ئاهەنگەکاندا بەم جۆرە زیرەک دەدوێت: «شوێنیکم نەدی تێیدا بژیم لە بەینی دوو سێ کێودا، چایخانەیەکی پرتوکاو و عەجایب و ناخۆشم هەیە، ئەگەر بێن تەماشا بکەن تەعجوب دەمێنن، کە من چۆن لێرەدا دەژیم. ناپێم خۆشە، کاسپی لێ دەکەم ، چون هونەر لە نێو کوردا قەدری نەما، هونەر بۆمن بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆ من کارێکی نەکرد تا بەشوێنیدا بچم، چون کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم. ئەوە بەم زەمانی پیریەم و وەختی پیریەمەوە دوو سێ گۆرانی دەڵێم بۆ عالەم بۆ ئاخیری مەرگم کە نزیکەو زەمانێکە و خوا حافیزی یەکجاری بکەم بچمە ژێرگڵەوە کە بەشەری کورد نەبینم» [زیرەک، تۆمارێکی دەنگی].

ئـەم ووتانـە لـە تۆمارێکـی دەنگیـەوە وەک خـۆی نوسـیمەوتەوە، کـە ژیانـی پـڕ تراژیدیایـی هونەرمەندێکـی گەلێـک گـەورەی کـورد لـە زاری خۆیـەوە دەخاتـەڕوو. بـە داخـەوە تـا ئێسـتا هیـچ ئامارێکـی دروسـت نییـە بـۆ ژمـارەی گـۆرانـی و بەرهەمەکانـی بەهـۆی ئـەوەی تـا ئـەم ساتە وەختـە وەک خـۆی گووتەنـی: (هونـەر هیـچ قەدرێکـی نـی یـە)، تـا کەسـانێک بـە دوای ئـەو گەنجینەیـەدا بگـەڕێ کـە (باوکـی موزیکـی کـوردی) بـۆ میللەتەکـەی بەجێـی هێشـتووە. هەرچەنـدە چەنـد کتێبێـک لـە سـەر ژیـان و گۆرانیەکـی نوسـراون بـەڵام دەتوانـم بڵێـم زۆر کەمـە لـە ئاسـت گـەورەی و گەنجینەکـەی زیرەکـدا.

سـەرەڕایی ئـەو ژیانە نالەبارەی کە بەهۆی کورد بوونی چەشتویەتی، دەبینرێت بـە پێـی هەندێـک بەڵگەنامەی «دەزگای (سـاواک) کـە لە کتێبی (سـاواک بۆچـی حەسـەن زیرەکـی کوشـت؟ لـە نووسـینی: د.مەولـود ئیبراهیـم حەسـەن»دا ئـەو بەڵگانـەی خسـتە ڕوو بۆچـی ژەهرخـوارد کـرا، کـە هۆکارەکـەی تەنیـا ئـەو هونـەرە بـوو کەپێشکەشـی بەنەتەوەکەی کـردووە. لـە دواجـاردا لـە پێنـاوی ئـەو هونەرشـدا ڕۆحیشـی بەخشـیوە بـە هونـەری گـۆرانـی و موزیکـی کـوردی. ئـەو ژیانـە زەحمەتکێشـی و هەژارییـەی کـە هەیبـوو، لـە گـەڵ ئـەو (گەنجینـە)ی هونەرەکەیـی کـە بەجێـی هێشـتووە ناتەبایـی یەکـی زۆر (ئـاوەز) وەسـتێنە. بـە داخـەوە تـا لـە ژیانـدان درک بـە تواناکانیـان ناکرێـت. لێـرەدا ئـەوەی زیاتـر جێـی هەڵوەسـتەکردنە دوای مەرگـی (زیـرەک) هـەر بەهـەژاری مایەوە لە ڕووی ئـەوەی کـە بـە فەرمـی نەکرایـە سـمبولێک بـۆ موزیکـی نەتەوەکـەی، کـە بـە بـڕوای مـن (زیرەک)شایسـتەی نازنـاوی (باوکـی گـۆرانـی و ئـاوازی کـوردی) یـە، هـەروەک چـۆن (زۆرێـک لـە گۆرانیبێـژان و موزسـیانانی دنیـا کـە نازناوێکیـان پێدەبەخشـن، کـە نەتەوەیەکانیـان سـەری نەوازشـیان بـۆ دا دەنەوێنـن، دەیـان پەیمانـگا و ئەکادیمیـای زانسـتی بەناویانـەوە ئەکرێـت.



لێرەدا بۆ پاڵپشتی بۆچونەکانم چەند نموونەیەک دەخەمە ڕوو کە ئەو هونەرمەندانەی جێدەستیان دیار بووە لە هونەری نەتەوەکانیاندا نازناوێکیان پێ بەخشیوون بە نموونە:

یەکەم: کۆمیتاس گەورە موزسانی ئەرمەنی (بە باوکی موزیکی ئەرمەن) ناودەبرێت و گەورەترین ئەکادیمیای و پەیمانگای ئەرمەنستان بە ناویەوە دەنرێت، ئەو جگە لەوەی کە خزمەتێکی بەرفراوانی لە سەر موزیکی ئەرمەنی کردووە لە ساڵی ١٨٩٩ دا دکتۆرای لە سەر موزیکی کوردی لە زانکۆیەکی ئەڵمانیا وەرگرتووە.

دووەم: ئوستاد غولام موحسن بەنان گەورە گۆرانیبێژی ئێرانی بە (باوکی گۆرانی ئێران) ناودەبرێت.

سێیەم: کولنیل علی نقی وزیری بە باوکی موزیکی نوێی ئیران ناو ببرێت.

چـوارەم: ئەکادیمیـای نەتەوەیـی چایکۆڤیسـکی لـە ئۆکرانیا و روسـیا، یەکێکـە لـە ناوەنـدە هـەرە باشـە زانسـتی یەکانـی موزیـک. کـە بەنـاوی ئـەم گـەورە دانـەرەی یەکێتـی سـۆڤیەتی جارانـەوە ناونـراوە. دەبینرێـت دەیـان دیکـە لـە پەیمانگـە و کۆنسـەرفاتوار بەنـاوی (بتهۆڤـن و شـۆپان و مـۆزارت ........هتـد نـراوە. پرسـیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم کەسـایەتیانە چیـان کـردووە بـۆ میللەتەکانیـان تـا بـەم شـێوە یـە ناوەکانیـان بـەرز ڕادەگـرن؟ وەڵام : تەنیـا موزیـک و گۆرانیـان پێشـکەش کـردووە.

بـەم پێـوەرە بێـت (زیـرەک) هێنـدەی ئـەو ناوبراوانـەی خزمەتـی فەرهەنگـی گۆرانـی و موزیکـی نەتەوەکـەی کـردووە. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی تـا ئێسـتا بـۆ زیـرەک کـراوە، شـایەنی باسـکردن نیـە، تەنیـا سـاڵانە چەنـد کۆنسـێرتێک بـۆ سـاڵیادی زیـرەک سـاز دەکرێـت. کـە لـە سـەر پۆسـتەرەکان نـاوی (وەزارەتـی وەرزش و لاوان، بەڕێوەبەرێتـی گشـتی رۆشـنبیری و هونـەر ولاوان و وەرزش ......هتـد لـە سـەر دەنوسـرێت، ئەوەنـدەی نـاوی دەزگاکان بـە پۆسـتەرەکانەوە دەبینرێـت، نـاو و وێنـەی (زیرەک) بەدیناکرێـت. زۆر جار لە ساڵیادیدا لە چاپخانەکاندا سـاڵیادی بـۆ سـازدەکرێت. بـە بـڕوای مـن ئەمـە لـە ئاسـتی گـەورەی زیرەکـدا نیـە، ئـەوەی پێویسـت بـوو بـۆ (زیـرەک) بکرێـت بریتیـە لـە: گێڕانـی گەورەتریـن فێسـتیڤاڵی نیـو نەتـەوەی موزیکـی کـوردی و ڕۆژهەڵاتـی بەنـاوی (حەسـەن زیـرەک سـمبولی گۆرانـی کـوردی)، بـۆ بوارەکانـی (باشـترین دانـەر، دابەشـکاری موزیـک، لێکۆڵـەرەوەی موزیک، باشـترین ژەنیـاری موزیکـی کـوردی، باشـترین کاری زیـرەک وەک داڕشـتنەوەی بـە شـێوازی ئۆرکسـترایی یـان هـەر فۆڕمیکـی تـری موزیکـی، دواجـار هەڵسـەنگاندن و هەڵبژاردن بـۆ بکرایـەو لـە کۆتایـدا مەدالیـای (زیـرەک) بکرایـە بـە بەرۆکـی ئەوهونەرمەنـد و گروپـەی کـە باشـترین کاریـان ئەنجامـداوە. یاخـود پێویسـت بـوو گەورەتریـن سـەنتەر ی لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمـی بـۆ موزیکـی کـوردی بـە نـاوی (زیـرەک)ە وە بکرایەتـەوە. ئیـدی هونـەری زیـرەک لـە ئاسـتی لۆکاڵـەوە بگۆڕیـن بـۆ هونەرمەندێـک

لـە ئاسـتی  جیهانـی هـەروەک ئـەو ناوانـەی ئامـاژەم پێـدا بناسـرێت و خوێندنـەوەی زانسـتیانە  بـۆ  گەنجینەکـەی  بکرێت. بە پێچەوانـەی ئـەم بیرۆکانـەوە دوای زیاتـر لـە چـل سـاڵ لـە مەرگـی  زیـرەك، گەلـی کـورد نەیتوانـی هونـەری (حەسـەن زیـرەک) هێنـدەی خـۆی گەورەبـکات و دواجار هونـەری (حەسـەن زیـرەک)  هـەر لـە  چایخانەیەکدا نمایشکرا، ئـەو چایخانەیـەی کـە بـەردەوام لـە ڕووی دەروونـی خۆیـەوە لـە نێویـدا هەسـتی بـە کەمـی کـردووە. لـە دوا سـاتەکانی ژیانیـدا، دەبینرێـت زۆر بەحەسـرەتەوە باسـی چایخانـە پۆخڵەکـەی دەکات.  کـە هەرچـی ڕۆحـی داهێنانـە تێیـدا کوشـتووە بـێ هیـوای دەکات تەنانـەت لـە میللـەت و هونەرەکەشـی ئـەو  لەوێـدا هەمیشـە  هەسـتی بـە بـێ قـەدری ورەنـج بەخەسـار و بـێ بەهـرەی دەکات . ئەگـەر بـەم جـۆرە ڕیـز لـە دیارتریـن سـمبول بگیرێـت و لۆژیـک و پلانـی ئەکادیمـی بـۆ هونـەر نەبێت، زۆرێـک لـە و هەوڵانـەی کـە بـە نییەتـی خزمـەت دەدرێ، ئاکامەکـەی ئـەو پـەڕی بێنـرخ کـردن و  پێچەوانـەی نییەتەکە دەبێت، دەشـێت دواجـار هونـەری زیـرەک لەجێـی بـەرەو پێشـچوون  لـە نـاو یـادەوەری و خەڵکـدا لـە ناوبچێـت.

## لە ماڵپەڕی گوگڵ بڕوانە:

١ . زندگی نامە (کومیتاس)

ماڵپەری تایبەتی ( ئامۆژگای کۆمیتاس)

http://www.gomidas.org

٢.بیوگرافی  استاد بنان

٣.زندگی نامە کلنل علی نقی وزیری

# کێ خاوەنی ئاوازی گۆرانی (ئەمرۆژی ساڵی تازەیە) بوو؟

ئەسـتەمە لـە دەسـپێکی بەهـار و لـە جەژنـی نەتەوەیـی نـەورۆز دا، گەلی کورد لە سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتاندا بەبێ ئـەو گۆرانیـەی کـە بۆتـە سـمبولی ئـەم جەژنـە، بتوانێـت ئـەم جەژنـە پیـرۆز بـکات، کـە هۆنراوەکـەی لـە هەسـت و نەسـتی شـاعێرێکی مەزنـی کـوردەوە هەڵقـوڵاوە و دەڵێـت:

**ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**

**جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی بەهاتەوە**

مرۆڤـی کـورد لـە هـەر جێگایەکـی دونیـادا بێـت، بـە بیسـتنی ئـەم ئاواز و گۆرانییـە بـە نەشـئە و بـزە و دڵێکـی خۆشـەوە ڕووە و لـە گەشـت و گـوزار یاخـود شـەقامەکان دەکات. گەنـج، پیـر، نێـر و مـێ، بـە جلـی کـوردی و پـڕ هەسـتی نەتەوایەتیـەوە، لـە دوایـی کاتژمێـر سـێ لـە ٢٠ی ئـازاردا خەڵکـی دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان و ئاهەنـگ دەگێـڕن. پاشـان لەپاش نیـوەڕۆی هەمـان ڕۆژدا ئاگـری نـەورۆز دادەگیرسـێنرێت و لەگەڵ




(وێنەی پیرەمێرد و ئاهەنگی نەورۆزی لە ساڵانی ١٩٥٠ دا)

کلّپەی ئاگرکەدا پێکڕا ئەم گۆرانیە دەچڕن. ئاشکرایە ئەم جەژنە نەتەوەییە لە شاری سلێمانیدا و لە سەردەستی شاعیر و فەیلەسوفی کورد حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) و لەسەر ئەرك وگرفان و مووچەی خانە نشینیەکەی خۆی چەندین مەنجەڵ یاپراخ و خواردنی کوردی بەژنانی شار لێناوە و لە کارێزی وەستا شەریف، لەگەڵ گەورە پیاوان و نوسەران و ئەدیبان و خەڵکی شاردا، چەندین چالاکی هونەری بە بۆنەی ئەم جەژنە نەتەوەییە سازداوە. توانیویەتی جارێکی دی ئەم بۆنە نەتەوەییە مێژوویەی کوردی زیندوو بکاتەوە، کە چەندین ساڵ بوو لە یاد کرابوو. پیرەمێرد هەر بەوە نەوەستا بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە کە (گۆرانیەك) بکاتە سمبولی ئەم جەژنە و تا لە یادکردنەوەی ئەم جەژنە خەڵکی پێکڕا بە ئاواز و هۆنراوە وە بیچڕن و جەژنەکەیان پیرۆز بکەن. ئەم گۆرانی یە هێندە هەست بزوێنە هەر بە زارۆکی مرۆڤی کورد تەواوی ئاواز و تێکستەکەیان ئەزبەرە.

دەبینرێت ئـەم گۆرانیـە بـە پێـی بەڵگەنامـە و لێدوانـی ئـەو کەسانەی ئـاگارداری ئـەم سـەردەمەن، مێژووەکـەی بـۆ نـەورۆزی سـاڵی ١٩٤٨ دەگەڕێننـەوە. ئـەوەی لێـرەدا دەمەوێـت ئامـاژەی پێبکـەم ئەوەیـە ئـەم گۆرانییـە تـا ئێسـتا لای زۆرێـك لـە هونەرمەنـدان و خەڵکـی ئاسـایی، ئـاوازی ئـەم گۆرانیـە دەدەنـە پاڵ هونەرمەنـدی دەنـگ خۆشـی شـاری سـلێمانی (حەمـە سـاڵح دیـلان) و هەندێکیـش بـە هـۆکاری ئـەوەی



(قادر دیلان)



(حەمە ساڵح دیلان)

کـە زیاتـر بـە دەنگـی هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد حەسـەن زیـرەك گوێبیسـتی بـوون، وا هەسـت دەکـەن ئـاوازی ئـەم گۆرانیـە (زیـرەك) دایناوە.لـە ڕاسـتیدا (زیـرەك) ئـەم گۆرانیـەی لـە دەنگـی (حەمەسـاڵح) ە وەری گرتـووە، بـەڵام توانیویەتـی زۆر لێزانانـە و بـە ڕیتمێکـی شـاد و جوڵەیـەك کـە تایبەتـە تەنیـا بـە (حەسـەن زیـرەك)، مۆرکیکـی تـری کوردانـە بەبـەری دا بکات و هێندەی تـر ڕۆحـی کـورد بوونـی تیـادا تـۆخ کاتـەوە و تایبـەت بـە ناوچەیـەك نەبێـت و بـە بـێ ئـەوەی گۆڕانـکاری لـە ڕەچەڵەکـی ئـاواز و لـە سـکێچی ئاوازەکـەدا بـکات. لـە ڕاسـتیدا

ڕۆڵی سۆلۆی (ڤایۆلین)ە کەی مامۆستای گەورەی کورد موچتەبای میرزادە و دەست و پەنجە و تەکنیکە ناوازەکەی لە ژەندندا هێندەی تر ڕۆحی موزیکی کوردی بە بەر ئاوازەکەدا کردووە. بەڵام ئەگەر گوێ لەهەردو هونەرمەند بگریت، هەریەکەیان چێژی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام تەکنیکی تۆمارکردن لە سەردەمی دیلانەکاندا زۆر لاواز بووە و ئامێرەکانی عود و کەمان لە سلێمانیدا تازە لە بروەو



(حەسەن زیرەک)



(موجتەبای میرزادە)

دا بوون. هەر بۆیە دەشێت ئەوە هۆکاری ئەوە بێت کە دووبارە گوتنەوەکەی (زیرەك) زیاتر کاریگەربێت وبناسرێت.

لێرەدا ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە دەمەوێت ڕاستیەکی مێژووی بخەمە بەردیدەی خوێنەرانی موزیکی کوردی ئەوەیە، ئاوازی ئەم گۆرانییە ئاوازی (حەمە ساڵح دیلان و حەسەن زیرەك)نیە، بەڵکو ئەم (ئاوازە) هونەرمەندی گەورەی کورد (قادر دیلان) لە سەرەتاکانی فێربوونی موزیکیدا دایناوە. ئاشکرایە (قادر دیلان) جگە لەو ئاوازە خاوەنی دەیان ئاوازی ناوازەی دیکەیە، ئەو بە یەکەمین

کەس دادەنرێت (کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ساڵی ١٩٦٢دا مۆزیکی لە کۆنسەرفاتواری (کارلۆڤۆ) لە بەشی (کۆمپۆزیشن) و ئامێری ( فلوت و پیانۆ)ی خوێندووە و، هەر لەهەمان کۆنسەرڤاتوار بە پلەی زۆرچاك (دبلۆما)ی لە (موزیکدانان و ئامێرەکانی فلوت-پیانۆ) وەرگرتووە) [دیلان، ١٩٩٨: چاوپێکەوتن]. بەرهەمەکانی لەچاو سەردەمەکەی خۆیدا زۆر لە ئاستێکی باڵادایە و تا ئێستاش ئاوازەکانی وەك بەشێك لە جوانترین ئاوازەکانی کورد لە سەدەی ڕابردوودا هەژماردەکرێن. لە هەمان کاتدا ( حەمەسالح دیلان )ی برای کە (قادر دیلان) ساڵێك لە و بچووکترە و هەمیشە بە ووشەی (کاکم) لە سەرجەم چاوپێکەوتنەکانیدا ناوی دەبات، ئەویش بە هەمان شێوە یەکێکە لە دیاترین دەنگبێژ و شارەزاکان لە چڕینی مقامە کوردییەکاندا و دەنگێکی زۆر ناوازەی ئەو سەردەمەیە کە خاوەنی مۆرکی تایبەت بە خۆی بووە، لە شێوازی چڕینی مقام و بەستەکانیدا. لێرەدا بەڵگەی تەواوم لە سەر ئەم ئاوازە، جگە لەوەی کە لە چەندین هاوڕێی نزیکی (قادر دیلان) بە تایبەت ئەوانەی کە (پراگ) لەگەڵی ژیاون بیستوومە، سەرجەمیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە چەندین جار لە زاری خۆیەوە (قادر دیلان) ئاماژەی بە چۆنیەتی دانانی ئەم ئاوازە داوە. لێرەدا دەقی ئەو چاوپێکەوتنە دەخەمە ڕوو کە لە ساڵی ١٩٩٨گەڵ (قادر دیلان) لە گۆڤاری چل ئاواز کراوە. لە کانونی ٢٠٠٨ بۆ جاری دووەم ئەم چاوپێکەوتنە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام گۆڤارەکە ژمارەی لەسەر نییە لەلایەن ([1]کاکە سوور/ هۆڵەندا) ئامادەکراوە. کە ئەمە بەشێکی تایبەتە بەم باسە دەقەکە لە زاری( قادردیلان)وە، وەك خۆی نووسراوەتەوە. سە بارەت بەم قادردیلان دەڵێت: (ئەمڕۆ هیچ منداڵێکی کورد نیە سروودی نەورۆز ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز ئەهاتەوە نەزانێت، کەمن نیو سەدە لەمەوبەر ئاوازم بۆ داناوە. باباسێکی ئەماتان بۆ

1 کاکە سوور نازناوی هونەرمەند (ڕزگار ڕەنجەڕۆیە) کە خاوەنی ئەلبومێکە کە بە دوێت لەگەڵ قادر دیلاندا چڕیونی دیاتر گۆرانیان ( کەی تۆم دیوە کەی دەتناسم)ە.


بکەم چەند ڕۆژێکی پێش نەورۆزی [2] ساڵی ١٩٤٨ لە بەردەرگای تیپی مەولەوی لەگەڵ هونەرمەند (نەجاتی عەبدە) وەستا بووین. پیرەمێردی شاعیر(حاجی تۆفیق) هاتە لامان و ووتی: هۆنراوەیەکم بۆ یادی نەورۆز و ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانەی کە نووری پاشا لە سێدارەی دان نووسیوە، زۆر حەز ئەکەم ئاوازێکی بۆ دانێیت و کاکیشت (حەمەسالح دیلان) بە دەنگە خۆشەکەی بیچڕێت. پیرەمێردی شاعیر لەسەر پارچە کاغەزێك هۆنراوەی نەورۆزی بۆ نووسیمەوە بە سێ چوار ڕۆژان ئاوازی سروودی نەورۆزم داڕشت و کاکە (حەمە ساڵح)یش بۆیەکەمین جار لە ڕۆژی نەورۆزی ئەو ساڵەدا ووتی، جگە لەوەش تاکو ئەمرۆ دەیان ئاوازم هەیە کەلەسەر زاری نەوەی ئەمڕۆن و دەیچڕیکێنن) [دیلان، ٢٠٠٨: چاوپێکەوتن]. گەرچی ئەم باسە لە ئێستادا هیچ لە گرنگی ئاوازە ناگۆڕیت، بەڵام بە پێویستم زانی ئەم زانیارییە دروستە بخەمەڕوو، دواجار بۆ ئەوەی کە هەر هونەرمەندە و بە پێی توانا و بەخشینی خۆی کە خزمەتیان کردووە لە یاد نەکرێن و ناو و نازناویان لە سەر بەرهەمەکانیان وەك خۆی دا بنرێت.

## سەرچاوە:


- دیلان قادر، گۆڤاری چل ئاواز، چاوپێکەوتن، ئا: کاکە سوور، ٢٠٠٨، هەولێر.
- وێنەکان/ Google: image


---

٢ ئەگەر بڕوانرێتە ئەم مێژووە هەڵەیەک بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە تیپی مەولەوی لە ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ ئەم تیپە نە بووە، بەڵام بە بڕوای من ئەشێت پێش ئەم بەروارە تیپی مەولەوی هەبووبێت، بەڵام بە شێوەی ڕەسمی نەبووە و مۆڵەتیان نەبووە، چونکە بەر لەم بەروارە لە ساڵی ١٩٤٦ دا دەیان چالاکی هونەری لە لایەن هەمان ئەو کۆمەڵەلاوەی شاری سلێمانی کە سەرەتایەکی نوییان بۆ موزیکی کوردی دروست کردووە سازدراوە.



ئامێرناسی

# ئامێری تەمبوور لە کوردستاندا

وشـەی تەمبـوور ناوێکـی کـوردی یـە یاخـود (ئیرانـی کـۆن)ە کـە بـە (تەنبـوور، تەمبـوور، تنبیـر، سـاز، زاز، بـزوق، بسـۆق، بـزۆق ) بەکارهاتـووە و لـە ڕەگـی نـاوی (زەنبـوور) واتـە (هەنـگ ) وەرگیـراوە. لـە هەندێک سـەرچاوەدا دەوترێت: لـە (طن. بور)ەی یۆنانـی وەرگیراوە بەواتـای (دڵ کێشـکردن) دێـت.

لـە زمانـی عەرەبیدا بـە ( طمبـور ) نـاو دەبرێت کـە تەعریبی تونبـرەی زمانـی هینـدی یـە (بـە واتـای کولەکـەی تـاڵ) دێـت. لـە فەرهەنگـی موزیکـی (Grove Dictionary of Music) بەناوەکانـی پەندۆرا، پەندۆلا، مانـدۆرا، ماندۆلیـن .... هتـد بەکارهاتـووە . بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی نـاو ی ئامێرەکـە لـە زمانـی کوردیـدا زۆر لـە کۆنـدا بـەکار هاتـووە وەک: (تەمـەرە واتـە سـەخت) و (تەمبـور) نـاوی ناوچەیەکـە لـە حسـار کوردسـتانی باکـوور. لـە نیـو دەقـە شیعریەکانیشـدا ناوەکانـی تەمـورەژەن، تەمبـورزان.. زۆر بـە کار هاتووە)[سردشـت، ١٣٨٥: ١٧٠].

## مێژووی ئامێرەکە

مێـژووی ئـەم ئامێـرە زۆر کۆنـە بـەڵام بەڵگـە شـوینەوارییەکان تەمەنـی ئـەم ئامێـرە لـە ڕێگای پەیکەرێکـی هەڵکۆڵـراو ی دۆزراوە ڕووندەکەنـەوە، کـە لـە دەوروبـەری گـۆڕی (حەزرەتـی دانیـاڵ) کـە کەوتۆتـە ناوچـەی شـووش کـە دوو پیـاو یەکێـکان تەمبـوور دەژەنێـت مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـێ تـا چـوار هـەزار سـاڵ پێـش زایـن .

هەروەهـا بوونـی، پەیکـەری بەردینـی تەمبـوورژەن لـە کێـوی (کیـون جیک) لـە دەوروبـەری موسـل ئامـاژە بـە بوونـی ئـەم ئامێـرە بـۆ ٥ تـا ٧ هـەزار پێـش زایـن دەدات.

لێکۆڵـەرە عەرەبـەکان دەیدەنـە پـاڵ قەومـی (لـوط). هەروەهـا ابـن خـورداد دەیگەڕینیتـەوە بـۆ کوردانـی خوراسـان هـەر ئـەو پێیوایـە کـە تایبەتـە بـە زمانـی کـوردی.

هەروەها هلمهلتیز دەڵێت:

((تەمبـووری خوراسـانی بنەمـاو بنچیەنـەی موزیکـی ئێرانـە و هـەر بۆیـە پـێ دەڵێـن باوکـی تـار ))..هەندێکـی دی بـە (مـادر سـازهای ایـران) نـاوی دەبـەن. هەروەهـا (شـتاودەر)یش دەیگەڕێنیتـەوە بـۆ خورییـەکان کـە گەلانـی ڕەسـەنی کـوردن لـە ناوچەکانـی کوردسـتانی گـەورەدا. بـەڵام شـتاودەر بـە عـود نـاوی دەهێنێـت چونکـە (عـەرەب لـە وەسـفی ئامێرەکـەدا بـە عـودی ملدرێـژ نـاوی تەمبـوور) دەبـەن.

## شێوازی ژەندن و ئامێرەکە

لـە بازنـەی زانیـاری بریتانیکادا بەم شـێوەیە پێناسـە کراوە «ئامێری تەمبوور یەکێکە لـە ئامێـرە ژیدارانـەی کـە دوو(ژێ ) یاخـو (سـێ ژێ)ی هەیـە بەهـۆی پیاکێشـانی (نینـۆک) و دەسـتەوە دەژەندرێت».


## جۆرەکانی

زیاتر لە حەوت جۆری هەیە گرنگترینیان:

تەمبوری خوراسانی /تایبەتە بە ناوچەی خوراسان.

تەمبووری بەغدادی.


تەمبووری تورکی کە ئەزەربایجان و تورکیا بەکاردێت.



(تەمبور بەغدادی)

## کۆککردنی ئامێرەکە


ئامێری تەمبوور چواردە تا پانزە پەردەی هەیە، کە لە ڕیگای بەستەرێک لە سەر سندوقی دەنگ و بە هۆی کللیەکانی کۆک دەکرێت ژمارەی ژێ یەکانی چوار ژێ یە کە بەم شێوەیە کۆک دەکرێت ...وە زۆر جار بەپێی ناوچە جیاجیاکانی ئەم ئامێرە کۆکی جیاوازی بۆ دەکرێت . شێوازی کۆککردن (دۆ. دۆ. سیبمۆڵ- یان سۆڵ، فا – یان ڕێ). بڕوانە وێنەی کۆککردنی ئامێرەکە.




(کۆککردنی ئامێرەکە)

### بواری دەنگی

بـواری دەنگـی ئامێرەکـە لـە دەنگـی دۆی خـوار دۆی ناوەڕاسـت دەسـت پێـدەکات تـا (ڕێ) ی ئۆکتافێـک سـەروی دۆ ناوەڕاسـت کـە دەکاتـە دوو ئۆکتـاف بـەڵام بە هـۆی سـتاندار نـە بوونـی یـەوە بـە پێـی ناوچـە جیـاوازەکان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت.



(بواری دەنگی)

### تەنبوور لەم بەشانە پێکدێت:

١. سندوقی دەنگ

کاسـە: شـێوەی هێلکەیـی یا نیوە هەرمێییـە لـە سـێ تـار گەورەتـرە. ئەسـتوورییەکەی ٢–٤ سـم و درێـژی ٣٧ سـم دەبێـت.

٢. ڕووی ئامێر

کـە دەکاتـە پێشـەوەی کاسـەی دەنـگ بـە ئەسـتوری ١,٥ سـم و لـە داری تـوو دروسـت دەکرێـت.

٣.ملی ئامێر

دەستەشـی پێدەگوترێـت و لـە داری پتـەوی وەک گوێـز، هەرمـێ و قەیسـی دروسـت دەکرێـت. باشـترین جـۆری بەکارهاتـوو دارگوێـزی کۆنـە کـە ٥٩ سـم درێژییەکەیەتـی و پەردەکانـی لەسـەر ریزبەنـدی دەکرێـت.

٤.چینەبەندی (پەردە)

لە کۆندا لە ڕیخۆڵەی ئاژەڵ دروست دەکرا، بەڵام ئێستا سوود لە دەزووی نایلۆن وەردەگیرێت و ژمارەیان (١٤-١٥) پەردەیە.

٥.ژێ

لە کۆندا تاڵی ئاوریشم بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا (ژێی کانزا) بەکاردێت مەودای نێوانیان (١-٩) ملم دەبێت.

٦.کلیل.

لەداری پتەو دروست دەکرێت کە کاریان کۆککردن، شل کردنەوە و توند کردنەوەی ژێکانە.

٧.ژێرگر

لە کانزا یان کەڵە شاخ یان پلاستیک دروست دەکرێت. کاریان ڕاگرتنی ژێیەکانە.

٨. پرد

دوو جۆر پرد هەیە یەکێکیان لەسەر سندووق و ئەوی دی لە کۆتایی ملی ئامێرەکەدایە. پردی سەر ڕووی ئامێرەکە لەداری پتەو دروستدەکرێت و پردی دووەم لە پلاستیک یان کەڵەشاخ دروستدەکرێت.

## تەمبوور لە مەراسیمی زکرکردندا لە کرماشان

لە کرمانشان لەلای هۆزە یارسانەکانی وەك: قەڵغانی، سەنجابی، کەرەندی، مەنشییەکان، کەلهوڕییەکان وەک ئامێرێکی پیرۆز و عیرفانی و ئاینی سەیری ئەم ئامێرە دەکرێت. زۆرجار بە ئامێری شاخووشین


ناوی دەبەن بەهۆکاری ئەوەی شاخوشین کە یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ئاینی یارسانەکان، لە دێرزەماندا گروپی نۆسەد کەسی دروستکردووە کە لەگەڵیشیاندا خۆی تەمبووری ژەنیووە.

**دوو جۆر ئاواز هەیە**


١. ئاوازە ناعیرفانییەکان

٢. ئاوازی شیعری نەزم حەقانی ژمارەیان ٧٢ ئاوازە.


ئەم ئامێرە لە مەراسیمی پرسە لەنێو قەڵخانی و گۆرانەکاندا لە ناوچەی کەرەند لە مەراسیمی بە خاکسپاردن بەکاردێت. هەروەها لە کاتی نزیکبوونەوە لە مەرگ و رۆژانی پرسەدا و هەر کەسێکیش ئامادەی پرسەکەبێت لە دوورەوە تەمبوور دەژەنێت.



(سەید خلیل عالی نەژاد)



(کەی خوسرەو پورنازری)



(شەهرامی نازری)

## تەمبوور لەدەرەوەی جەمدا

تەمبوور لە ساڵی ١٩٧٢ لە نیو دونیای عیرفانی لە سەر دەستی ئەمیروڵاشائیبراهیمی دێتە دەرەوەو دواتر بە دروستکردنی گروپێک لەساڵی ١٩٧٤ لەسەر دەستی هەمان مامۆستا و بە شداریکردنیان لە فێستیڤاڵی موزیکی کوردی لە هۆڵی (ڕودکی) کە موزیکی عیرفانیان پێشکەشکرد. ئەمە بە یەکەم بزووتنەوەی هاتنەدەرەوەی تەمبوور لە نێو مەراسیمی ئاینی یارسانەکان بۆ نێو موزیکی دنیایی هەژماردەکرێت [نەسروڵا پور، ٢٠٠٧:٣٨]. لە ئێستادا (کەی خوسرەو پورنازری، سەید خلیل عالی نەژاد و شەهرامی نازری) بە ناسراوترین تەمبوور ژەنانی کورد هەژماردەکرێن.

## سەرچاوە:

١. سردشت بهزاد نقیب. ساز شناسی موسیقی کردی، چاپ اول، ایران، ١٣٨٥ ل ١٧٠- ٢١٦.

٢. ئازاد عبدولواحید ,تەنبور .تەواوی سوودم لە تەواوی ئەم پەرتووکە وەرگرتووە.

٣. نەسرووڵا پوور عەلی ئەسغەر .ئامێری موزیکی کوردی/ و.ستار کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٧.

٤. الوندی عزت الە، سرگوزشت موسیقی در ایران، چاپ اول، ایران، ١٣٥٣.

٥. سەرچاوەی ئەنتەرنێت کۆمەڵیک وێبسایتی فارسی و عەرەبی.



ئامێرناسی

# مێژووی
# ئامێری چەنگ
# لە زانستی شوێنەوارناسیدا

ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو موزیک لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەورێکی باڵای هەبووە. ئامێری (چەنگ)یش وەك یەکێك لەو ئامێرە موزیکیانەی کە خاوەنی مێژوویيەکی گەلێ دێرینە و لە نێو زۆرێک لە شارستانیەتە دێرینەکاندا وەک ئامێرێکی سەرەکی لە نێو کۆشک و مەراسیمە ئاینی و بۆنەکاندا بەکارهاتووە. ئەگەر بڕوانرێتە وێنە و بەڵگە شوێنەوارییە دێرینەکان دەبینرێت، چەندین وێنە و هەڵکۆڵراوی ئەم ئامێرە لە نێو شارستانیەتە دێرینەکاندا وەک: سۆمەری، ئەکەدی، میسریدا ئەم ئامێرە بەرچاو دەکەوێت. ئەم ئامێرە لەلایەن پاشاکان و پیاوانی پەرستگاکانەوە، پیرۆزیەکی ئایینی پێدراوە. گرنگی ئەم باسەکە لە وەدایە، کە ئەم ئامێرە لە نێو زۆرێک لە هەڵکۆرارو و شوێنەوارەکانی کوردستاندا دەبینرێت، کە ئاماژە بۆ بوون و گرنگی ئەم ئامێرە لە نیو گەلی کوردا دەکەن. جگە لەوە زۆرێک لە شوێنەوارناسە (Archeologist)ەکان ڕیشەی ئامێرەکە بۆ گەلانی چیانشین و زاگرۆسنشین دەیگەڕێننەوە.

ئامێری چەنگ: یەکێکە لە ئامێرە ژێدارەکان دێرینەکان. مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئامێرە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئیستا دەگەڕێتەوە. کە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانە شارستانیەتی سۆمەر و شارستانیەتی میسردا دەبینرێن. بەشێوەیەکی گشتی ناوی (چەنگ) لە سەرچاوە مێژووییە کۆن ونوێ کاندا، بە تایبەت سەرچاوە عەرەبییەکان، بەناوێکی (فارسی) هەژماری دەکەن لەوانە دکتۆر سوبحی ئەنوەر ڕەشید لەکتێبی (تأريخ الألات الموسيقي القديمة في العراق) دا ئاماژە بەمەکردووە.

ئاشکرایە ووشەی (چەنگ) لە زمانی کوردیدا تا ئێستا وەک خۆی بەکار دێت. کە دەشێت ناوەکە بە هۆکاری ئەوەی بە چنگ دەژەنرێت ناو نرابێت. ئەگەر بە پێی جوگرافیای بەڵگە شوێنەوەرییەکان بێت، دەشێت ناوی چەنگ لە زمانی کوردییەوە وەرگیرابێت. ئەگەر ڕاگوزەرێک بکرێت بە نێو دەقە شیعرییە کلاسییکە کوردییەکاندا لە دەیان بەیتی شیعری کوردییدا ناوی چەنگ بەرچاودەکەوێت، بەنموونە: مستەفا بەگی ساحێبقران (کوردی) لە دەقێکدا دەڵێت:

**چنگی ئەسغەر با بگاتە چەنگ و سەد دەنگی لێ بدا**


**بە پێی ئەو دەربچێ ئاوازی ساز ی گوڵ بە یاز**

ئەگەر لەم دەقە شیعریە ورد بینەو ئاماژە بە (چنگی ئەسغەر )کە ژەنیارەکەیە، ووشەی چەنگ کە ناوی ئامێرەکە یە نزیکی ووشەکە و بەکارهاتنی لە نیو کوردا زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

«لە فەرهەنگی کوردی هەمبانە بۆرینەشدا بە چەنگ بەواتاکانی: پەنجە، ئامێری موزیکی، زەنگۆڵ، هاتووە. یەکیک لە گرنگترین شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچە کورد نشینەکان، کە بۆ سەردەمی ساسانی یەکان دەگەڕێتەوە.

هەڵكۆراوەكە لە دیواری بەردینی (تاقی بوستان) كە نزیك (كێوی بێستون -كرمانشان)ی كوردستانی ڕۆژهەڵاتە. لەم شوێنەوارەدا لە وێنەی (چەنگ ژەنانی ڕاوە شوور و بەراز )دا ژمارەیەك چەنگژەن لە بەلەمێكدا دەبینرێت. تۆمابوا سەبارەت بەم سەردەمە ئەڵێت: لە سەردەمی ساسانییەكاندا كوردەكان خاوەن مۆسیقایەكی دەوڵەمەند و پێشكەوتوو و ئاست بەرزبوون»[سردشت،١٣٨٥:٢٣٨].

لە وێنەی ڕاوەكەیی تاقی بوستاندا، دوو جۆر چەنگ دەبینرێت. یەكێكیان لای سەرەوەی سندوقێكی هەوایی پێوەیە، ئەویدیان كە سندوقەكەی لای خوارەوەیە،یەكجار سەرنجڕاكێشە،چونكە لەویتریان دێرینترە و لە هەمان كاتدا زۆردەگمەنە. هەروەها سندوقە هەواییەكەی ئاسۆیی یە و ڕووی لە زەمینە، ئەم سندوقانە لە تەختە دروستكراون ئەو میلەشی كە بەسندوقەكەوە لكێندراوە، لەكەرەستەیەكی زۆر سەخت و ڕەق دروست كراون.



(چەنگ لە تاقی بوستان)

ئـەم جـۆرە (چەنـگ)ە هـەر لـەو چەنگانـە ئەچـن، کـە ٣٠٠٠ پ. ز. لای سـۆمەرییەکان هەبـوون. ڕاولینسـۆن لەکتێبەکەیـدا بـە نـاوی (موزیکـی سـۆمەری) نموونەیەکـی ئەم چەنگـەی دەسـتکەوتووە. وەک دەردەکەوێت ئـەم جـۆرە چەنگانـە بـۆ کـۆڕ و کۆبوونـەوەی تایبەتـی بەکارهاتـوون. وەک ئـەوی لـە تابلـۆی هەڵکەندراوکـەی تاقـی بوسـتان دەردەکەوێـت، کـە لەبەلەمـی دەربارانـدا، وەک ڕیـش دەردەکەوێـت. ئـەم چەنگانـە دە ژێ یـان هـە بـووە. ئـەو چەنگانـەی کـە سـندوقەکەیان،لای سـەرەوەیە،بە ئەندازەیـی ئـەو چەنگانـەی تـر کۆننیـن. نموونـەی ئەمانـە لـەلای بابلـی، ئاشووری،عیلامی،میسـڕی هەبـوون.

## چەنگ لەمیزۆپۆتامیادا

گـەڕان بـۆ شـوێنەوارە دێرینەکانـی موزیـک دابەشـکراوە بـە سـەر سـێ قۆناغ،کـە ئەمانەن:

١.قۆناغـی یەکـەم / سـاڵی ١٨٦٤ دەسـتی پێـدەکات کـە لـە دەسـت پێکـی ئـەم قۆناغـەدا دانـەری ئینگلیـزی (کارل ئەنجل)کتێبێکـی نووسـی لـە سـەر ئامێـرە موزیکـی یـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی کۆنـدا بـە نـاوی

[C. Angel,The Music of the Most Ancient Nations, London, 1864].

٢.قۆناغـی دووەم / سـەرەتاکەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٣ کـە توێـژەری ئینگلیـزی فرانسیسـت جالیـن.

[The Music of the Sumerian and Assyry. London, 1937].

لـەم کتێبـەدا جالیـن باسـی ئامێـرە موزیکیەکانـی سـومەرییەکان و بابلیـەکان و ئاشـووری یـەکان ئەکات،بـە پشـت بەسـتن بـەو ئەنجامانـەی کـە لـە خوێنـدەوە و دەسـتکەوتنی هێڵـە میخیەکانـدا وە دەسـتخراون.

قۆناغی سێیەم / ئەم فۆناغە لە هەموو قۆناغەکانی تر زانستی تر و پیشکەوتوو ترە،لە ساڵی ١٩٥٧ بە سەرهەڵدانی کتێبەکەی پرۆفیسۆر شتاودەر بە ناوی

[W. Shtauder,Die harfen and leirn der symer frankfyrte, 1957].

شتاودەر مامۆستای زانستی موزیک بووە لە زانکۆی فرانکفۆرت،لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

هەروەها کتێبێکی دی لە ساڵی ١٩٦١ بەچاپ گەیاندووە بە ناوی (حکایات و الکنارات الشرق الادنی من بابلی و الاشووری ١٩٦١).

[W. Shtauder, Die harfen und leiern larderasiens in babylonis cherzeb, Frankfyrte, 1961].

لە ڕاستیدا هەر تەواو کەری کتێبی پێشووتری بووە. لێرەدا شتاودەر بە ڕوونی ئەم ئامێرە دەبەستێتەوە بە خەڵکانی سەرچیاکانی زاگرۆس نشین و بە تایبەت گەلی (هوری_خوری) کە (خورییەکان گەلانی ڕەسەنی کوردن و خاوەنی کیانی سیاسی فراوان بوون هەر نزیک کوردستانی باکور تا وەکو ناوچەیی سلێمانی ئێستا قەڵەم ڕەوی فەرمان ڕەوایەتیەکەیان بووە). تایبەتمەندی شتاودەر بەوە جیادەکرێتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی زانستی تر و قوڵترن. گرنگی زۆر بەلایەنی زمانەوانی و میژووی ئامێرەکان ئەدات. شتاودەر تا ڕادەیەکی زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە خوری یەکان ڕەچەلەکی ڕەسەن (بومی) ناوچەکەن و جەخت لەوە دەکاتەوە کە (ناسامین) هەر ئەمە وادەکات کە لەلایەن شوێنەوارناسە عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە زۆر دژی بڕواکانی بوەستنەوە. لەگەڵ ئەوەدا شتاودەر تاکە پرۆفیسۆر بووە لە ئەڵمانیا کە لە مێژووی ئامێرە موزیکیەکانی ڕۆژهەڵاتی

بکۆڵێتەوە. بۆ یە «لە ئێستا و داهاتوودا هەر لێکۆڵینەوەیک بکرێت لەم بارەیەوە پشت دەبەسترێت بە لیکۆڵینەوەکانی قوتابخانەی شتاودەری ئەڵمانی»[رشید، :ل.١٠٢]. سەبارەت بەم باسە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە گەلی کورد وەک یەکێک لە گەلانی دێرینی میزۆپۆتامیا ئەم ئامێرە جێی بایەخ بووە. بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە لە ئیستادا ئەم ئامێرە لە نێو کوردا بەرچاو ناکەوێت و ئەو گرنگیەی هەیبووە لە دەستی داوە!؟ ئەم پرسیارە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە تا بگینە دەر ئەنجامیک و هۆکارەکانی ڕوونبکەینەوە. لەگەڵ ئەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ئامێرەکە لە ئەوروپا و جیهاندا زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە شێوەیەکی گشتی ستاندار کراوە وەک ئامێرێکی گرنگ لە سەرجەم جۆر و شێوازەکانی موزیکدا بە کاردێت ناوەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە هارپ ناو دەبرێت گەلێ پێشکەوتووە و لە چەند جۆر و شێوازێکی موزیکیدا بە کاردەهێنرێت.

## سەرچاوەکان


١. سردشت بەهزاد نقیب، سازشناسی موسیقی کردی ,چاپ اول ایران، ١٣٨٥.

٢. سوبحی انور رشید (تأریخ الألات الموسیقي القدیمة في العراق).

٣. حەمە باقی محەمەد، مێژووی مۆسیقای کوردی ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩.

٤. مستەفا بەگی کوردی، دیوانی کوردی، لیکۆڵینەوە حەمە بۆر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠.

# ڕۆڵی موزیک
# لە درامای نوێی کوردیدا

## (نامەکانی ئەشرەف .. گەمەی باڵندەکان) بە نموونە

موزیک یەکێکە لە لە توخمە گرنگ و کاراکانی هەر کارێک کەناوی لێبنێت هونەر. بۆیە هەندێکجار هەر هونەرێک ئەم ماتریاڵەی لێدەربهێنرێت کارە هونەریەکە لەنگ یان ناتەواو خۆی نمایش دەکات. موزیک کاریگەرترین هونەرە لە سەر هەست و نەستی مرۆڤ، ئەگەر کەسێک هونەر پیشە بێت، ئەوا دەبێت زۆر باشتر پەی بەقوڵایەکانی موزیک و فیگەرە ئاڵۆز و هەست بزوێنەکانی ببات. تادواجار سەرجەم ئەو بۆشاییانەی کە موزیک دەبێت پڕیان بکاتەوە، پڕاو پڕ لەگەڵ فیگەرکانی کارە هونەرییەکەی خۆیدا ئاوێتە بکات. گەر ڕوونتر بدوێم: تۆ هەرگیز سەردانی پێشانگایەکت نەکردووە، کە موزیک لە بڵندگۆکانی گەلەری یەکەوە نەبوبێتە باکگراوندی تابلۆکان و بێ لەدەرگادان ئاوێتەی هەست و نەستی تۆی بینەر و ڕۆحی هونەری تا بلۆکان نەبووبێت!! بەڵام ئەوموزیکەی لە نێو پێشانگاکاندا گوێ بیستی دەبین، زیاتر لەسەر حەز و خولیای خاوەن پرۆژەکەوە دادەنرێت. کە دواجار دەبێتە باکگراوندی کارەکە، بەڵام لە هونەری سینەمادا کارەکە زۆر سەخت و دژوارتەواودەبێت، چونکە تەنها دەق و ڕوداو و سیناریۆ و دەرناهێنرێت، بەڵکو دەبێت کاری دەرهێنانی

مۆزیکەکەش لەلایەن دانەرێکی مۆزیکیەوە بکرێت و لەگەڵ سەرجەم چرکە سات و ڕیتمی فلیمەکەدا ڕۆڵ بگێڕێت.

باشترین نموونە بۆ ئەم باسە فیلمەکانی چارلی چاپلنی سەدەی ڕابردووە، کە یەکێکە لەو فیلمانەی کە بینەر بە بێ ئەوەی تەنیا ووشەیەکی بیستبێت، لە ڕێگای مۆزیکەوە ئاوێتە ڕووداوەکانی فیلمەکە ئەبێت، لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە مۆزیک دەتوانێت جێی زمان و ووشەکان بگرێتەوە و ڕووداوەکان بە بینەر بگەینێت. لەڕاستیدا چاپلن جگە لەوەی کە ئەستێرەیەکی جیهانی بەناوبانگ بوو لەگەڵ ئەوەشدا مۆزیکدانەرێکی لێهاتوو بووە و زۆرێک لە کارەکانی خۆی مۆزیکی بۆ نووسیون. «دواجاریش چاپلن خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین مۆزیکی فیلمی لایم لایت لە ١٩٧٣ پێ بەخشراوە» [نێت]. نامەوێت باس لە سینەما بکەم چونکە لە کوردستاندا زۆر لە سەرەتادایە و ئەم لاوازیە هۆکاری خۆیی هەیە کە نامەوێت لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەم. بەڵام بە هۆکاری ئەوەی مێژووی درامای کوردی تاڕادەیەک مێژوویەکی فراوانتری هەیە، گەرچی بەهەمان شێوەی سینەمای کوردی ئەویش هێشتا لە لاوازیدا گوزەردەکات، بەڵام لەم ساتەدا گفتوگۆکردن لە مەڕ درامایی کوردی بە گرنگتر دەزانم. ئاشکرایە کە دراما کارەکانی لە سینەما سەخترە و کاری زیاتری دەوێت، مۆزیکیش یەکێکە لەو ئامرازانەی کە پێویستە کاری ناوازەی بۆ بکرێت، تا بەتەواوەتی بینەر بۆ نێو ڕووداوەکان کێش بکات. لەئێستای کوردستاندا هێندەی ڕۆژانە دراما پەخشدەکرێت کە متر خەڵکی تامەزرۆی فلیمەکانن، زیاتر بینەری ئەو درامایەنەش ڕوو لە هەڵکشانە کە لەزمانی (تورکی، عەربی و فارسی)ەوە دۆبلاژ کراون. بە هۆکاری ئەوەی کە ئەم درامایانە کاری مۆزیکی زۆر جوانیان بۆ دەکرێت، زۆرێک لە مۆزیکەکانیان دەبنە زەنگی مۆبایلی بینەرانی دراماکان. ئەمە چونە ناوباسەکە ئاسان دەکات کە ئایا بە بەراورد بەمۆزیکی درامای کوردی لە دونیادا مۆزیک چۆن کاری

لەسـەردەکرێت و لـە کوردسـتان چۆنـە؟! لێـرەدا ئایـا موزیکـی کـوردی لەدراماکانـدا کاری جـدی بۆکـراوە؟ تـا چ ڕادەیـەک کاریگـەرن لـە سـەر بینـەر؟ دەرهێنـەر تـا چەنـد پـەی بەگرنگـی ئـەم بابەتـە بـردووە، تاسـەرنجی بینـەر بەموزیـک ئاوێتـەی ڕووداوەکانـی سـیناریۆکە بـکات؟

بەبـڕوای مـن بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە ئەوەیـە گـەر بـۆ مێـژووی درامـای کـوردی بگەڕێینـەوە، ئـەوا دەرهێنـەرە بـە ئەزموونەکانـی درامای کـوردی لـە سـەدەی ڕابـردوودا، تاڕادەیەکـی باشـتر کاریـان بـۆ موزیکـی دراماکانیـان کـردووە و بەگرنگیـان زانیـووە، تـا ڕادەیـەک لـە سـەردەمی خۆیـدا موزیکـی کارەکانیـان کاریگەربـوون لـە سـەر بینـەری کـورد. بـۆ سـەلماندنی ئەمـە موزیکـی درامـای (ژاڵـە) زیندووتریـن موزیکـە کـە تـا ئێسـتا لـە یـادەوەری زۆرینـەی بینەرانـی ئـەم درامایـە مـاوە، کـە هونەرمەنـد سـەڵاح رەئـوف لەوسـەردەمی بـێ سـتۆدیۆی و نـەداری تەکنیکییـەدا داینـاوە. لەگـەڵ هەندێـک دەرهێنـەری دی کـەم تـا زۆر کاری موزیکـی کـوردی هەسـت بزوێـن لـە دراماکانیاندابـووە. لەوانـە: هەندێـک لـە موزیکـی دراماکانی حسـێن میسـری و درامای (گەردەلـوول)ی جەلیل زەنگەنـە کـە کارەکانـی پـڕاو پـڕ لەگـەڵ ڕووداوەکانیـدا ڕێـی دەکـرد کـە د. عەبـدوڵا ج. سـەرگرمە کاری موزیـک دانانـی بۆکردبـوو. ئـەوەی جێـی پرسـیارە کـە لـە کوردسـتاندا دراماکان لـە گـەڵ هاتنـی مانگـی ڕەمـەزان پەخـش دەکرێـت، مـن وەک خـۆم لـە فەلسـەفە و پەیوەنـدی نێـوان ئـەم مانگـە و درامـای کـوردی تێناگـەم!؟ ئەگـەر موزیکـی دراما کوردییەکانـی ئەمسـاڵ بکەینـە نمونـە: ئەوا بە ئاسـانی ئاسـتی موزیکـی درامای کوردی دەردەکەوێـت. نمونـەی ئـەو درامایانـەی کـە پەخشـکران، یەکەمیـان بەنـاوی (گەمـەی باڵندەکان) کە لەتایتڵدا موزیکێکـی دانـراوی لاواز لـە ڕووی دانـان و تەکنیکـی تۆمارکـردن کـە زۆر نزیـک بـوو لـە شـێوازی موزیکـی سـەدەی ڕابـردوو، بـەڵام ئـەوەی جێـی تێڕامـان بـوو گرتەکانـی نـاو دراماکـە پـڕ لـە موزیکـی ئەرەبێسـک و هاوچەرخـی تورکـی بـوو، کـە بـە بـڕوای مـن نـەک تەنیـا نەگونجـاو بـوون، بەڵکـو پێچەوانـەی هەمـوو

فیگەرەکانی دراماکە بوون، چونکە موزیکەکە هەڵقوڵاوی ژیانی گەلی تورک و ژیانی تورکیا بوون نەک کوردستان. لەلایەکی دیکەوە لە درامای (نامەکانی ئەشرەف )دا پێچەوانەی گەمەی باڵندەکان دەق و چیرۆک ئەدەبیاتی تورکی وەرگیراو لەچیرۆکی (برایم زەبۆک) ی عەزیز نەسینە، لێرەدا موزیکی ئەم درامایە لە تایتڵدا موزیکی کوردی بەڵام لە ناو ڕووداوەکان (موەشەحات)ی تورکی سەردەمی عوسمانی تێدا ئاوێتەی ڕووداوەکان کرابوو. لێرەدا ئەوەی جێی هەڵوەستەیە لە دراماکەدا توانرابوو بەرگ، وێنەکان، شوێن، ئەکتەر، شێوازی نواندن بکرێتە کوردی، بەڵام نەتوانرابوو موزیکەکە بکرێت بەکوردی؟!

بەبڕوای من ئەمە دەمباتە سەر ئەو دەرئەنجامەی کە موزیک لە درامایی کوردیدا ئەو توخمە کاراو بەنرخ و گرنگە نییە کەدەرهێنەری کورد خۆی پێوە ماندوو بکات. بەڵکو لە ئێستا موزیکەکانی (هسنو و موراد ساکاریالی.. هتد) هەن بە جوانترین شێوە تۆمار کراون، دەرهێنەری دراماکان دەتوانن لە ساتی مۆنتاژدا ئاوێتەی ڕووداوەکانی بکەن. بەڵام پرسیار ئەوەیە لە چ سوچێکی دونیادا لەم سەردەمەدا بەم جۆرە کار دەکرێت؟ ئایا ماف خواردنی هونەرمەندان هێندە سانایە؟ بێگومان نەخێر، سزاکەشی زۆر سەختە. بە هۆکاری ئەوەی لە کوردستان ئەو مافانە پیشێلکردنی ئاسانە ئیدی بەرهەمهێنەری دراماکان پێویستییان بە خەرجکردنی بەشێکی زۆر لە و بودجەیە نیە کە بۆ دراماکە پێیان دراوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم پێویستە هونەرمەندە نوێکان بەدیدی نوێ و بەبیری قوڵ کار بۆ دراماکانیان بکەن بە پێچەوانەوە مێژووی هونەری هاوچەرخی کوردی دەکەوێتە ژێر ئەو سەردێڕەوە کە هونەری درامای کوردی لە سەردەمی ئەو دیو پۆست مۆدێرنەدا، بەدەق و موزیکی بیانی چووە بەڕێوە.

# نەبوونی سکۆر و نۆتەی موزیکی کوردەی (شاکارەکانی خالقی و ئەلبومەکانی ئەمڕۆ) بە نمونە

لـە کیشـوەری ئەوروپـادا ئاسـتی زانسـتی موزیـک ئـەو سـاتە بەشـێوەیەکی تـەواو پێگەیشـت و توانـی فـۆڕم و شوناسـی زانستی خۆی وەرگرێـت، کـە لـە گرنگـی بـواری نۆتانـدن و ئیسـتاتیکای نووسـینەوەی نۆتـەی موزیـک بـە باشـی گەیشـتن. بۆیـە دواجاریـش توانیـان لـە ڕێگای سـکۆر و نۆتـەی موزیکـەوە شـێوازە زانسـتییەکەی ئـەم هونـەرە لەنـاو هونەرەکانـی تـر و زانسـتەکانی دیـدا بسـەپێنن. بەتایبـەت لەسـەردەمەکانی (ڕینەیسـانس) بـە دواوە و دواجـار لەسـەردەمی (باروک و کلاسیک) گەیشـتە ترۆپک. لێرە بەدواوە چیدی ئاوازەکان لەگـەڵ مردنـی ئاوازدانەرەکانـدا نەدەمـردن، بەڵکـۆ نۆتـە و سـکۆری کارەکان لـە پاشـیان بەجێدەمـا. هـەر ئەمـە توانـی نـەک تەنیـا نەمری ببەخشـێتە دانـەرەکان، بەڵکو ئاسـتی موزیکـی جیهانیشـی ڕۆژ بـە ڕۆژ و سـەدە بەسـەدە گەشـەی پێکرد. دواجار هـەر سـەردەمێکی موزیکـی، لـە پاش خـۆی سـەردەمێکی تـری موزیکـی دەسـت پێدەکـرد و تـا گەیشـتە ئـەو زانسـتە گرنگـە هەنووکەییـەی، کـە لـە سـەرجەم زانکۆکانـی دونیـادا وەک زانسـتێک بخوێندرێـت. هەرچەنـدە مێـژووی موزیـک و گۆرانـی

کوردی لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤی کورد و ژیانی شارستانیەتی جیهاندا بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە و تاڕادەیەکیش هەنگاوی باشی ناوە، کەچی تا ئێستا موزیکی کوردی لە نێو گرفتی نەبوونی نۆتاندن و نە بوونی سکۆری موزیک وگۆرانییەکانیدا دەگوزەرێت. نەتوانراوە نەک سکۆری تەواوی کارەموزیکییە کان، بەڵکو سکێچی هەزاران دێڕ لە نۆتەی میلۆدییەکان بکێشرێت. ئەم خەم ساردییە وای کردووە هەزاران میلۆدی کوردی لە بەین بچێت و لە نێوتەپوتۆزی مێژوودا وون بێت. بەدیوێکی تریشدا کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە هێندە نەرێنی بووە، ڕێگر بووە بۆ زیاتر بەرەو پێشچوونی ڕەوتی زانستی موزیکی کوردی، چونکە ژەنیارانی کورد بەردەوام لەنیو دەریایەک لە نۆتە و سکۆری شاکاری موزیکی جیهانی بوون، نەشتوانراوە لە نێو ئەم شەپۆلی موزیکی دراوسێ و بێگانانەدا شوناسێک بۆ موزیکی کوردی دروست بکرێت. تا ئەم ساتە وەختە هونەری موزیکی کوردی زیاتر لە ڕێگای هەستی بیستنەوە (سەماعی) کار و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. گەرچی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و بەرەوە پێشچوون لە سەرجەم کایەکاندا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، کەچی لە چەند کتێبێکی موزیکی کە بەپەنجەی دەست ئەبژێردرێن زیاتر لە کتێبخانەی گشتی شارەکاندا بەدیناکرێت. گەرچی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەڕێگەی ئەنستویتی کەلەپوری کورد و چەند گۆڤارێک و چەند کەسانێکی هونەرمەندەوە بەشێکی کەم لە موزیک و گۆرانیە فۆلکلۆرییە کوردییەکان نۆتەکانیان دەنووسرانەوە، بەڵام ئەم کارە هێندە سانانییە تا بەتەنیا کە س و لایەنێک یان دەزگایەک ئەنجام بدرێت. چونکە ئەم جۆرە کارە پێوویستی بە پاڵپشتی حکومەت و پلانی درێژ خایەن، و ئامادەکاری تەواو هەیە کە ئەویش پێویستی بەدروستکردنی چەندین تیمی مەیدانی و شارەزا و کادێری ڕاهێنراوی ئەم بوارەی موزیک هەیە. تادواتر لەڕێگەی تۆمار کردنی دەنگی یان ئامێرییەوە، ئەو دەنگبێژ و

بە ساڵاچوانەی کە لە هەر سنورێکی جوگرافی کوردستاندان بەشێکی ئەو کەلەپوورە لە فەوتان ڕزگار بکەن. تا دواجار بکرێنە نۆتە یان بە شێوازی شیکردنەوەی موزیکۆلۆژجی، ئێثنۆموزیکۆلۆجی کاری لە سەربکرێت. کە بە بڕوای من گەر یەکەم هەنگاو دەست پێبکرێت بەم شێوازە ئەوا کارێکی هێندە گران نییە، چونکە لەئێستادا هەزاران دەرچووی پەیمانگا و کۆلیجە موزیکییەکان لە کوردستاندا هەن. گەرساڵانە لەڕێگەی گەشتی زانستییەوە خوێندکارەکانیان لەڕێی هاوکاری حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ئەم جۆرە گەڕانە مەیدانیانەیان پێبکرێت، لەماوەی چەند ساڵێکدا هەم هونەرمەندی بەسەلیقە و گەڕیدە زۆر باش دروستدەبێت، لەهەمان کاتدا کار لە سەر کۆکردنەوەی هەزاران میلۆدی کوردی دەکرێت. گەر بەلایەنە رامیارییەکەشدا لەم بابەتە بڕوانرێت هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان کە دەیەوێت هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆی نەتەوەیی خێرابکات، پێویستە گرنگی بدات بە لایەنی ژێرخانی کلتوری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە نەتەوەیییەکانی بدات. کە (هونەری موزیک و گۆرانی بە شێکی گرنگی ئەم باسگەلانەیە) لەکۆتایشدا هەر ئەمانەیە وا دەکەن کە نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دی جیابکرێتەوە. تا بۆ دواجار بتوانرێت وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە نێو قەوارەکی نەتەوەیی سەربەخۆ و دەوڵەتێکدا خۆی بناسێنێت. لێرەدا پێویستە بە پرسیارێک و چەند تەوەرێک ڕووە و کرۆکی بابەتەکە هەنگاو بنێم کە ئاشکرایە لە سەدەی ڕابردوودا هەنگاوی باش و پرشنگدار هەیە لە نێو دنیای موزیکی پارچەکانی کوردستاندا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو گۆرانیانەی لەسەدەی رابردودا تۆمارکراون سکۆر و نۆتەی گۆرانییەکان بوونیان هەیە ؟ یاخود دەبێت لە ناو چوبن یان دەبێت بۆچی هەڵگیرابن؟ کە ئاشکرایە زۆرینەیان لە ڕادیۆو ئێزگەی تاران و بەغدا و کەرکوک یان لە ستۆدیۆ کەسییەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک تۆمار کراون؟ هەرچی ئەو گۆرانیانەی لە ئێزگەی کوردی

بەغـداد تۆمـار کـراون بڕواناکـەم کـە نۆتەیـان لـە سـەردەمی خۆیـدا بـۆ نووسـرابێتەوە، چونکـە زۆرینـەی ژەنیـارەکان نابینابـوون، بـەڵام تۆمارەکانـی ڕادیـۆی تـاران دەشـێت نۆتـە نووسـیان بـۆ کرابێـت. ئەگـەر وەک نموونەیەکـی زۆر باشـی سـەدەی ڕابـردوو کـە کاری زۆر نـاوازە و دیـاری گـۆرانـی و موزیکیـن، کـە زۆرێـک لـە کارەکانـی ئۆرکسـترایەکی تـەواو کاری لەگـەڵ کـردووە، کـە تـا ڕادەیـەک بەشـێوازیکی زانسـتی و ئەکادیمـی موزیکـی کوردیـی تیایـدا داڕێژراوەتـەوە، ئەویـش کارەکانـی هونەرمەنـد (مەزهـەری خالقی)یـە. دەبینرێـت لەزۆرێـک لـە کارەکانیـدا ئۆرکسـترایەک لەخزمـەت گـۆرانـی کوریدایـە، بەئەوپـەڕی توانـای تەکنیکـی وزانسـتییەوە کاری بۆکـراوە. لـە ڕووی دەنـگ، هارمۆنـی و دابەشـکردنەوە کاری زۆر باشـی بۆکـراوە. گەرچـی ئـەو هونەرمەنـدە گـەورەی کـورد، هێشـتا لەژیاندایـە تا ئێسـتا سـکۆرو نۆتـەی گۆرانیەکانی بەردەسـت نیـن! ئەگـەر ئـەم کارانـە نۆتەیـان بـۆ نووسـراوە ئایـا نۆتەکانـی لـە کوێـن؟ گـەر بـە پێچەوانـەوە نۆتـە نووسـیان بـۆ نەکـراوە، لـە ئێسـتادا دەزگایەکـی تایبـەت بـەم بـوارە هەیـە و لـە بـەر دەسـتی خـودی خالقیدایـە بـۆ کاریـک ناکرێـت جارێکـی دی نۆتـە نووسـیان بۆبکرێت و بەچەنـد بەرگێـک پەخشـیان بکات؟!!! گەرچی ئەو گۆرانـی یانـە بەرهەمـی خالقیـن بـەڵام ئێسـتا نەتەوەیـەک خاوەنـی خالقـی و دەنـگ و کارە موزیکیەکانیەتـی. گـەر ئەوسـکۆرانە لەبەیـن نەچـوون ئـەوا پێویسـتە لەدوتوێـی پەرتوکێکدا پەخـش بکرێنـەوە، تـاوەک یەکێـک لـە کارە دیارەکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە لایـەن موزیککارانـی کـوردەوە بژەنرێنـەوە. گـەر ئەمـە لەرابـردوودا بکرایـە کاریگەریەکانـی هێنـدە زۆر دەبـوو، هیـچ ژەنیارێکـی کـورد پێویسـتی بـەوە نەدەبوو بـەردەوام خـۆی بـە ژەندنـی موزیکـی تورکـی، عەرەبـی، فارسـی و کلاسـیکی جیهانییـەوە خەریـک بـکات. دواجـار ئـەم کارانـەی دەبوونـە بناغەیـەک بـۆ موزیکـی کـوردی. گـەر سـکۆری (پەپوولـەی ئـازادی) وەک نموونـە بخرێتـە بەردیـدە چ شـاکارێکە؟!!! ئایـا چـی لـە موزیکـی نەتەوەکانـی دی کەمتـرە!!؟ بۆچـی



**(هونەرمەند: مەزهەری خالقی)**

نەخرێتە بەردەم ژەنیار و فێرخوازی بواری موزیکی کورد؟!!! بۆیە بە بڕوای من بەم کارەی گەر لە ئایندەشدا بیکات باشترین خزمەت و بە جوانترین قەرەبوی دەبینم بۆ ئەو چەند ساڵەی کە بێ دەنگە لە بواری گۆرانی و موزیکدا. بۆیە گەر بڵێت ئەمە ڕابردوە، من دەڵێم (موزیک بەردەوام دەبێتە رابردوو)، گەر بتوانین بەشێک لە ڕابردوو بگەڕێنینەوە و بیخەینە بەردیدە ئەوا دەتوانرێت هەنگاوەکانی ئایندەی پێ باشتر بکرێت. هەرچی سەبارەت بە ئێستای موزیکی کوردی هەیە کارکردن لەم بوارەدا، زۆر ئاسانتر و بێکیشەتر دەبینم، چونکە گەر هە ر هونەرمەندێک لەگەڵ ئەلبومەکانیاندا بەتیراژێکی کەمیش بێت سکۆر و نۆتەی کارەکانیان و لەگەڵ تیکستی گۆرانیەکاندا چاپ بکات، لە ڕووی ماددییەوە هونەرمەندەکە سوود مەند دەبێت و لەهەمان کاتیشدا ئایندەیەکی زۆر گەش چاوەڕوانی موزیکی کوردی دەکات. لە دواجاریشدا دەتوانرێت کۆی ئەلبومەکە هەڵسەنگاندن و

شیکردنەوەی زانستی بۆ بکرێت و تەواوی کارەکانیشی بەردەوام لەنێوپەنجەی ژەنیارەکاندا بە هەمانکوالێتی نێو ئەلبومەکانیان بژەنرێتەوە. هەروەها چی تر مافی دانەران و دابەشکەرانی بواری موزیک ناخورێت. گەرسەیری دیوەکەی دی ئەم باسە لە ڕووی ئەرشیفکردنەوە سەیر بکرێت، ئەوا هونەرمەندانی کورد ئەرشیفێکی مێژوویی باش و خەرمانی هونەری خۆیانی پڕ بەخشش و دەوڵەمەندتر دەکەن.

# بەشی دووەم

# سێ ووتار دەربارەی موزیکی گەلان

# مۆزیکی فۆلکلۆری چیه؟

**پێناســـە، گەشەســـەندن، ڕەنگدانەوەی لـــە کاری دانەراندا، لیکۆلەرەوانی فۆلکلـــۆر کێبوون؟**

مۆزیکی فۆلکلۆری بە مانایی مۆزیکی ناوخۆی خەڵک، یان (مۆزیکی گوندنشینان ) دێت. کە بە شێوەی جۆراو جۆر و نەنوسراوە، لەلایەن خەڵک یان کۆمەڵگایەکی تایبەتەوە. مۆزیکی فۆلکلۆری بە ئەندازەی ژمارەی کۆمەڵگا و نەتەوە جیاکان جۆری جیاوازی هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بریتین لە:

(گۆرانی دڵداری، گۆرانی کار، گۆرانی یاری کردن، گۆرانی کۆمەڵایەتی ، سیاسی، لای لایە ، هاوسەرگیری و جەژنەکان ...هتد. هەروە سەما کان (dance) و مارشەکان (march) بە بەشێک لە مۆزیکی فۆلکلۆری هەژمار دەکرێن). ئەگەر چی ووشەی فۆلکلۆر تا ڕادەیەک نوێیە، بەڵام دوو سەدە لەمەو بەر لە ئەلمانیادا زارەوەی (volk) کە ووشەیەکی ئەڵمانی یە بە مانای (میللەت- قەوم )

بەکاردەهـات، دواتـر هەمـان زارەوە بـۆ خەڵکـی گوندنشـین (Village people) بـەکار هێنـراوە، بڕوانـە [ئەحمـەدی، ٢٠٠٦]. بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٨٤٦دا ووشـەی فۆلکلـۆر لەلایـەن (ولیـەم تۆمـز)ەوە لـە نامەیەکیـدا، ووشـەی فۆلکلـۆری وەک زاراوەیـەک بـۆ فەرهەنگـی زارەکـی و نەنوسـراوی خەڵکـی، بـۆ گۆڤـاری ئەتنیۆمـی بەریتانـی پێشـنیار کـردووە [نێـت].

## پێناسەکانی گۆرانی فۆلکلۆری

بەشـێوەیەکی گشـتی موزیکیـی فۆلکلـۆری لـە کەلتوریکـەوە بـۆ کەلتورێکـی دی، لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی دی جیـاوازە. هـەر بۆیـە گشـتاندنی تەنیـا پێناسـەیەک بـۆ سـەرجەم نەتـەوەکان کارێکـی دژوارە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی تـا ڕادەیەکـی زۆر، لەکـن زۆرێـک لـە نەتـەوە جیـاکان ئـەم سـێ پێناسـەیە لـە خـۆ دەگرێـت:

ا. پێـک دێـت لـەو کۆمەڵـە گۆرانـی و موزیکـەی کـە خـۆ بـە خـۆ یـا (خۆڕسـک) دروسـت بـون و، ڕەسـەنەکەیان لـە بەیـن چـووە، یـا خـود فەرامـۆش کـراوە و لـە بیرچۆتـەوە.

ب. ئـەو کۆمەڵـە موزیکەیـە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی دی بـە شـێوەی زارەکـی گواسـتراوەتەوە، (نۆتـە) نوسـی بـۆ نەکـراوە. (بەواتایەکـی دی فەرهەنگـی موزیکـی زارەکییـە).

ج. ئـەو کۆمەڵـە موزیکەیـە کـە بـە هـۆی گوێگـران، موزیکژەنـان و ووشـەکانەوە پێکـڕا دێتەپێشکەشـکردن.

(مەبەسـت لێرەدا ئـەو دانیشـتنە فۆلکلۆرییانەیە، کـە پێکرا گویگـران و مۆسـیقاژەنان و پێکـەوە ووشـەکانی دەڵێنـەوە).

د. موزیکـی فۆلکلـۆری دەشـێت تەنهـا ئاوازێک بێت بەدەنـگ بووترێت،

یاخود ئاوازێک بێت بە ئامێرێک بژەنرێت، یان (دەنگ و ئامێر)ەکە پێکەوە بن. لەگەڵ ئەوەی کە موزیکی فۆلکلۆری بەشێوەیەکی گشتی نا ئاینییە، بەڵام دەشێت زۆر جار گوزارشتی ئاینی لە خۆ بگرێت.

## گەشەسەندنی موزیکی فۆلکلۆری

ئەم جۆرە موزیکە لەسەردەمی ڕێنەیسانسدا تاکو سەدەی هەژدەهەم موزیکی چینی خوارەوەی خەڵک بووە. ئەگەر گەرچی موزیکی هەر میللەتێک تایبەتە مەندی خۆی هەیە، بەڵام زۆر لێکچونی هاوبەشی لە نێوان موزیکی فۆلکلۆری نەتەوە جیاوازەکاندا دەبینرێت. یەکێکی دی لە تایبەتەمەندیە گشتیەکانی جۆرەکانی گۆرانی فۆلکلۆری ئەوەیە کە زۆرینەیان وابەستەیە بە کار وبار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە. ئەم جۆرە موزیکە لە ناوەراستی سەدەی حەڤدەهەمدا ڕەنگدانەوەی زۆری دەبێت لە کاری دانەرە موزیکی یەکاندا و دانەرەکان سوودیان بۆ بەرهەمە فۆلکلۆری یەکانیان لێ وەردەگرت. بە تایبەت موزیک دانەرانی فەرەنسی زۆرێک لە کارەکانیان لەسەر ریتم و گۆرانی و موزیکی و سەمای میللی یەکان وەردەگرت لە کارە دانراوەکانیاندا. دواتر لە سەردەمی کلاسیکدا (مۆتسارت و بتهۆڤن) بناغەی هەندێک لە کارەکانیان لە سەر ئاوازە فۆلکلۆری یەکان دادەنا. دواجار پاش پەرە سەندن و گەشە سەندنی شارەکان (موزیکی فۆلکلۆری ) لە نیو نەتەوەکاندا، شێوازی جۆراو جۆری بەخۆوە دی تا رادەیەک وەک: ناسنامەی نەتەوەی یان سەیر دەکرا. بە هۆکاری ئەوەی کە موزیکی فۆلکلۆری لە ڕێگای زارەکییەوە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دی دەگوێزارایەوە، تەنها بیر و یادەوەری خەڵکی، هۆکاری پاراستنی بابەتە فۆلکلۆری یەکان بووە. ئەم هۆکارەش وادەکات کە هەمیشە لەژێر مەترسی بیرچونەوە و گۆڕانکاریدابن. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە هۆی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا، بەزۆرە ملێ خەڵکی گوندەکان ناچارکران بە چۆڵکردنی گوندەکان و ڕادەگویزرانەوە بۆ

شـارە گـەورەکان،  بـەم هۆیـەوە گورزێکـی گـەورە بەر موزیکـی فۆلکلۆری کـەوت . لەگـەڵ ئـەم گـورزە کوشـندەیەدا کـە بەهۆی گەشەسـەندنی  شـار و پێشـەکەوتنەکانی  ژیاری کۆمەڵایەتی و  شۆڕشـی پیشەسـازییەوە  بەر موزیکـی فۆلکلـۆری کـەوت،  بـەڵام بـە هـۆکاری پێشـکەوتنی  زانسـتەوە، هەوڵـدان  بـۆ پاراسـتن  و زیندووکردنـەوەی بابەتـە فۆلکلـۆری یـەکان بـووە بـە ئەرکـی گـەورە لێکۆڵەوەکانـی ئـەم بـوارەو،  دەسـتیان کـرد بـە کۆکردنـەوە و تۆمارکردنـی بابەتـە فۆلکلۆرییـەکان .

## لێکۆڵەرەوانی فۆلکلۆری

لێکۆڵـەرەوەی ئەمریکـی (فەرەنسـیس جەیمـس - francis james ١٨٢٥ – ١٨٩٦) هەسـتا بـە کۆکردنـەوەی بابەتـە فۆلکلـۆری یـەکان بـە



(فەرەنسیس جەیمس)

تایبـەت چیرۆکـە (ئینگلیزیـەکان)  و لـە پێنـج بەرگدا بـڵاوی کـردەوە بـە داخـەوە لـە رۆژگاری خۆیـدا  گرنگی پـێ نـەدرا، هـەر ئەمـە بـوە هـۆی لـە ناوچـوون و وون بوونـی هـەر پێنـج بەرگـی ئـەم کتێبـە.

## سیسلی شارپ (cecil sharp)

لێـکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیـزی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٨٩٩  هەسـتا بـە گـەڕان  بـە نـاو وواڵتـە جیاوازەکانـی ئەوروپـادا،  بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری تـەواو لـە سـەر موزیکـی فۆلکلـۆری، کـە دواجـار ئـەم هەوڵـە بـووە هـۆی پاراسـتی زۆرێـک  لـە موزیکـی فۆلکلـۆری هەندێـک لـە ناوچەکانـی وواڵتانـی ئەوروپا. هـەر ئەمـە لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا بـووە خاڵێکـی ئەرێنـی بـۆ  دەسـتپێکردن بـە کۆکردنـەوەی و پاراسـتی موزیکـی فۆلکلـۆری.



(سیسلی شارپ)

## دەرکەوتنی گرامافۆن

ئاشکرایە کە (ئامێری گرامافۆن لە ساڵی ١٨٧٧ لەلایەن زانای ناسراوی جیهانی بە ڕەگەز ئەمریکی (تۆماس ئەدیسۆن) ە و دروستکراوە، کە لەسەرەتادا بەناوی فۆنۆگرافەوە هاتە نیو بازاڕەکانی جیهان و، دوای چەند ساڵێک لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا بڵاوبۆتەوە) [نێت]. بە هۆی دەرکەوتنی ئەم ئامێرەوە، شێوازی کۆکردنەوەی موزیک و بەرهەمە فۆلکلۆریەکان گۆڕا، ئیدی لە ڕیگای ئەم داهێنانەوە، دەستکرا بە تۆمار کردنی دەنگیان. هەر بۆیە بە شۆڕەشی فۆنۆگرافی ناوی دەرکرد، جگە لەوە ئیدی موزیک سنوورەکان تێ بپەڕاند و جۆر و شێوازە موزیکیەکان لەدنیادا گەشەیان سەندو زیاتر بڵاوبونەوە و کاریگەریان لەسەر یەک دروستکرد.

## ئالان لۆماکس

گەورە فۆلکلۆریست وئێثنۆموزیکۆلۆجیست، لە ساڵانی ١٩٣٠ هەستا بە تۆمارکردنی گۆرانی لە لای گۆرانیبێژە میللییەکان و خستە



(ئالان لۆماکس)

ئەرشیفی کۆنگرێسـە وە. دواتـر لۆماکس  لـە سـاڵانی ١٩٥٠ بە هاوکاری پیتـەر دۆگلاس و هامیش هاندریسـون ...هتـد هەسـتان بـە تۆمارکردنـی گۆرانـی فولکلـوری ئیرلەنـدی بـۆ بیبیسـی تیڤی٦.

## بیلا بارتوک

بیـلا بارتـوک  ئاوازدانـەی مەجەرسـتان (هەنـگاری)، بەیەکێـک لـە گرنگتریـن موزیکدانەرانـی سـەدەی بیسـتەم دادەنرێت، کـە بـە هـاوکاری زوڵتـان کـۆدای، کاریـان لـە سـەر بەنۆتەکردنـی  موزیکـی فۆلکلـۆری میللەتـان دەکـرد  و سـودی زۆریـان  لـە موزیـک  و ئـاواز و ریتـم و پەیـژە جیـاوازە میللییەکانیـان وەردەگـرت. هـەر بۆیـە زۆرینـەی مێژوو نووسـان لـە سـەر ئـەوە کۆکـن کـە کاتیـک بـاس لـە کۆکردنـەوەی موزیکـی فۆلکلـۆر دەکـەی بـێ نـاو هینانـی ئـەم دوو موزسـیانە باسـەکە نـا تـەواو دەبێـت.



(بیلا بارتوک)

دوا بـەدوای ئـەم سـەرتایە بـۆ موزیکـی فۆلکلـۆری چەندیـن زانسـت و لێکۆڵینـەوەی جـۆراو جـۆر لەسـەر موزیکـی فۆلکلـۆری و فۆلکلـۆر بەگشـتی هاتـە کایـەوە.

## سەرچاوەکان

١. ئەحمەدی بابک، موسیقی شناسی فرهنگ مفاهیم موسیقی شناسی، چاپ: اول، تهران.

٢. جین فریس، موسیقی هنر شنیدن، و: کتایون صارمی، چاپ: اول، چاپخانە: مشعل، ١٣٨٥ هـ.

٣. سیدنی فیلکنشتاین، ئەنیشە دەربرین لە موزیکدا، و:ستار کریم، چاپخانە: چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

سەرچاوەی ئەنتەرنێتی

www.ferheng.com

مقاله حاضر نوشته پیتر هاگس است درباره بلا بارتوک (آهنگساز بزرگ مجارستان)

٤. وێنەکان: ویکیپیدیا.

# سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی
# مۆزیکی جاز

## پێشەکی


دۆزینـەوەی ئەمریکا وەرچەرخانێکی گرنگە لـە مێژووی ئەوروپادا، کـە لـە سـاڵی ١٤٩٢ زاینیـدا، لـە سەردەسـتی کەشـتیوانی ئیتاڵـی کریسـتۆڤەر کۆلۆمبـوس و سـەد و بیسـت کەشـتیوانی هاوڕێـی، لـە گەشـتێکی زانسـتیاندا کیشـوەری ئەمریکایـان دۆزییـەوە. پـاش ئـەم دۆزینەوەیـە، بـە لێشـاو خەڵکی لـە ئەوروپـاوە کۆچیان بۆ ئەو نیشـتمانە نوێیـە دەکرد. ئـەو ئەوروپییانـەی کـە هاتنـە نیشـتمانە نوێکەیـان، لەژێر پاسـاوی ئایـن دەسـتیان کـرد بـە ڕەشـەکوژی (هندییـە سـوورەکان)، کـە خەڵکـی ڕەسـەن (بومـی) و خاوەنـی کیشـوەرەکە بـوون. بـە هـۆکاری ئـەم داگیـرکاری و ڕەشـە کوژیـە، پانتاییەکـی فـراوان لـە زەوی بـۆ کۆچبـەرە ئەوروپییـەکان مایـەوە، لـە یـەک سـاتدا هـەر خانەوادەیەکیـان بوونـە خاوەنـی دەیـان هـەزار مەتـر زەوی کشـتوکاڵی. هـەر ئەمـە وایکـرد تەنیـا خانەوادەیـەک ئـەو هەمـوو کێڵگـە کشـتوکاڵی و زەویـە فراوانـەی کـە هەیەتـی بۆیـان بەڕێـوە نەبرێـت. بۆیـە ئەمـە وایکـرد سـەدان هـەزار کۆیلـە لـە ئەفریقـاوە بـە ڕێـگای دەریایـدا بگوێزنـەوە بـۆ کیشـوەری

ئەورووپا و لەوێشـەوە بۆ ئەمریـکا. بـە هـۆی نالەبـاری و دژواری ڕێـگا و توشـبوون بـە پەتـای تاعـون هەزارانیـان لێدەمـردن و فڕێدەدرانـە نێوقوڵایـی دەریـاوە.

بـە پێـی هەندێـک ئامـار لـە کـۆی شەسـت ملیـۆن ڕەشپێسـت تەنیا دوازدە ملیۆنیـان گەیشـتوونەتە کیشـوەری ئەمریـکا. دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٧٨٣ دا سـەربەخۆبوونی ئەمریکا ڕاگەیانـدرا، بەڵام کۆیلـەکان تـا سـاڵی ١٨٦٣ بـە کۆیلایەتـی مانـەوە. دواتـر لـە هەمـان سـاڵدا یاسـای یاسـاغکردنی کۆیلایتـی دەرکـرا. لـە سـاڵی ١٨٦٥ کۆتایـی بـە جەنگـی ناوخۆیـی ئەمریـکا هـات و بـە تەواوەتـی ئازادکـران. هـەر بۆیـە ڕەشپێسـتە ئـازادەکان بە تـەواوی ئەمریکادا بڵاو بوونـەوە، هـەر ئەمـە وایکـرد کـە کەلتـور و گۆرانیـە باوەکانـی خۆیـان بـدەن بـە گوێـی کۆمەڵـگای نوێـی ئەمریکیـدا. بەشـێک لـە گۆرانـی یەکانیـان بریتـی بـوون لـە: گۆرانـی کار و سـرووتە ئاینیـەکان. گەرچـی پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی پەیـژەی موزیکـی پنتاتۆنیـک و تـاک دەنگـی *Monophony*، کـە لـە ڕووی گوزارشـتی موزیکـی ئەوروپیـەوە، خاڵـی بـوو لـە هارمۆنـی و پۆلیفۆنـی بـاوی ئەوسـەردەمە، کەچـی هـەر ئـەو شـێواز و ڕیتمـی ئاڵـۆز و تایبـەت و سـەرنج ڕاکێشـەی ڕەشپێسـتەکان بوونـە هۆکاریـک بـۆ بەربڵاو بوونـەوەی کەلتـوری موزیکـی ڕەشپێسـتەکان و سـەرەتایەک بـۆ سـەرهەڵدانی موزیکـی جـاز.


## سەرهەڵدانی موزیکی جاز

لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەدا لـە وولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و لـە شـاری نیوئۆرلیانـس (New Orleans) سـەری هەڵـداوە. لـەم شـارەدا بـە هـۆی ئـەوەی زۆرینـەی بەنـدەکان لەوێـدا دەفرۆشـران، لـە شـوێنێک بـە نـاوی (گۆڕەپانـی کۆنگـۆ) لـە ڕۆژانـی یەکشـەمەدا، سـەرجەم کۆیلـە ئەفریقیـەکان لـەو گۆڕەپانـەی شـاری نیوئۆرلیانـس



(وێنەی گۆرەپانی کۆنگۆ ١٧٠٠)

کۆدەکرانەوە. لەوێدا سەما و گۆرانی، موزیکی میللی، ڕیتمی تایبەت و نامۆی نەتەوەکانی ئەفریقا نمایش دەکرا. ئەم مەیدانە بە یەکێک لە شوێنە گرنگەکان و بە هۆکار و سەرەتایی سەرهەڵدانی موزیکی جاز هەژمار ئەکرێت.



(شاری NewOrleans)

## موزیکی بلوز Music Blues

مێـژووی دەرکەوتنـی هونـەری موزیکـی بلـوز بـۆ سـاڵی ١٨٧٠ دەگەڕێتـەوە. ووشـەی بلـوز یەکێکە لـەو زاراوە میللیانـەی کە لـە ئەمریکا بە مانـای (دڵتەنگبـوون- محـزون) بـوون بەکار بـراوە. ئـەم ووشـەیە بـە هـۆکاری شـێوازی تۆنالیتـەی تایبـەت و یـان ئـاوازە غەمەنگیزەکانـی بلوز بەکار نـە بـراوە، بەڵکو پەیوەنـدی هەیـە بە ژیـان و بـاری کۆمەڵایەتی ئەو کۆیلانـەی کـە هێنرابوونـە ئەمریـکا و زادەی بیـر و ئەندێشـەی تایبەتـی ئـەوان بـووە. موزیکـی بلـوز زیاتـر بـۆ گوزارشـتکردن و دەرخسـتنی هەسـتە دەرونیـەکان بەکاردەبـرا و زیاتـر لایەنێکـی غەمگینـی هەیـە. بلـوز بەرهەمـی گۆرانـی کار و گۆرانیـە ڕۆحانییەکانـە و هـاوار و ناڵـەی ئـەو جوتیارانەیـە کـە لەڕێـگای ئـاوازی سـادەکانیانەوە گوزارشـتیان لـە خۆیـان کـردووە، ڕەگ و ڕیشـەی ئـەو میلۆدیانـەش ڕیشـەیان بـۆ ئەفریقـا دەگەڕێتـەوە. ئـەم جـۆرە موزیکـە کاریگـەری هەبـوو لـە سـەر سـەرهەڵدانی زۆریک لـە فۆرمـە موزیکیەکانـی کـە دوای بلوز لـە ئەمریکا سـەریان هەڵـداوە. وەک: ڕاگتایـم، جـاز، بیـک بانـد، ریتـم ئەنـد بلـوز و موزیـک کانتری...هتـد کـە سـەرچاوەی زۆرینەیـان بـۆ موزیکـی بلـوز دەگەڕێتـەوە. جگـە لـەوەش دەیـان جـۆری دیکـە لـە خـودی موزیکـی بلـوز جیـا بۆتـەوە وەک: Kansas City blues)، Jump blues Gospel blues ،Detroit blues،Country blues، Delta blues، ....Jazz blues.......هتـد) گرنگترنیـان بـۆ ئـەم باسـە جـاز بلـوزە.

## جاز بلوز Jazz blues چییە ؟

لە شێوە و گوزارشتدا موزیکی جاز و بلوز پێکەوە گرێدراون. بە هۆی میلۆدیەکانیانـەوە وا بەسـتە کـراون بـە دوازدە پلـە سـتانداردکراوەکەی پلـە بەنـدی کۆردەکانـی بلـوزە وە، سـوود وەرگیـراوە لـە هارمۆنـی و میلۆدیەکانـی میللییـەکان. فۆڕمـی دوازدە پلـەی لـە جـاز بلـوزدا زیاتـر

لـە (سـی بیمۆڵـەوە Bb )، دەسـت پێـدەکات بەشـێوەیەکی تایبـەت بـە موزیکـی بلـوز ڕیزبەنـدی دەکرێـن.

## موزیکی ڕەشپێستانی ئەمریکا

ئـەم جـۆرە موزیکـە بـە راگتایـم (Ragtime) نـاو دەبرێـت، کـە یەکێکـە لـە جۆرەکانـی گۆرانـی میللـی یـە (بـاوەکان) بـۆ نموونـە: والـتز، پۆلـکا. بـەڵام بـە شـێوە و سـتایلێکی تایبـەت دەژەنـرا. ئـەم جـۆرە موزیکـە زیاتـر لـە سـاڵانی ۱۸۹۳ تـا بەرپابوونـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم گوێگرانێکـی زۆری هەبـوو، لـە ناسـراوترین موزیـک دارنـەری ئـەم فۆڕمـە موزییکـە Scott Joplin ی ڕەش پێسـت بـوو. کـە بـۆ یەکەمجـار کارێکـی بـە نـاوی راگـس Rags لـە سـاڵی ۱۸۹۹ بـڵاو کردۆتـەوە. هەروەهـا بـە یەکەمیـن رابـەری گروپـی جـاز هەژمـار دەکرێـت تـا کۆتایـی تەمەنـی یەکێـک بـووە لـە ئەسـتێرە دیارەکانـی موزیکـی جـاز. ئـەو ترامپێتژەنیکـی زۆر بـە توانـا



Scott Joplin

بوو، هەر بۆیە نازناوی پاشای لە خۆی ناوە. گروپەکەی ئەو لە ساڵانی ١٨٩٥، تا ١٩٠٧ لە شاری نیوئۆرلیانسدا دیاترین گروپ بوو. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو دەنگ بەرزی بوو، بەڵام بە زووی دوچاری نەخۆشی شیزۆفرینیا دەبێت دور دەکەوێتەوە لە چالاکی یە موزیکیەکانی جاز. دواتر لە ساڵی ١٩٠٧ بە تەواوەتی نێردرایە ژێر چاودێری دەرونی بەڵام ناوبانگی خۆی لەدەست نەدا تا کۆتای تەمەنی. لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری نیوئۆرلیانس کۆچی دوای دەکات.

دوا بەدوای ئەمە دەیان موزیکژەنی جاز وەک: ( کینگ ئامستڕۆنگ، بینی گود مان (Benny Goodman)، سیلینیوس مۆنک Thelonious Monk ، .... دەیانی دیکە دەرکەوتن. بەم جۆرە موزیکی جاز دەستی پێکردوو تا ئێستا یەکێکە لە فۆرمە ناسراوەکانی موزیک و دەیان جۆر و ژانرای تری لێ جیابۆتەوە، هەمیشە لە برەو و گەشەسەندندایە.



(لوی ئامستڕۆنگ)



(جاز ئورکسترا ۱۹۲۱)


(بینی گودمان)



(سیلینیوس مۆنک)

## سەرچاوە:


- کالبد گشایی ژانرهای موسیقی،پوریا مفتون، لاپەڕە (١٨، ٣٦،٣٧).
- ویکیپیدیای فارسی www.wikipidia.com.
- وێنەکان (google: image)



# (ڕاگا) و (تال)
# بنەمای موزیکی هندی

## پێشەکی

هندییەکان یەکێکن لەو نەتەوە گەورە و گرنگانە کە خاوەنی گەورەترین گەنجینەی فەرهەنگی و شارستانیەتن . هەر بۆیە لە ئێستا و ڕابردوودا لە لایەن زۆرێک لە زانکۆ جیهانیەکانەوە کار لە سەر سەرجەم لایەنە فەرهەنگیەکانیان و بە تایبەت موزیکیان دەکرێت و بە بایەخێکی گەلێک گرنگەوە لە موزیکی هندی دەڕوانرێت. هەر بۆیە دەبینرێت دەیان کتێب لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕ لە سەرجەم بوارەکانی وەک: مێژووی موزیک، شیکاری موزیکی، ئێتنۆموزیکۆلۆجی و ئامێرناسی... موزیکی هندی ئەنجامدارەوە. دواجار خراونەتە بەردەستی ئەوانەی کە دەیانەوێت لە فەرهەنگی موزیکی هند تێبگەن. لە ئێستادا وەک یەکێک لە موزیکە ناسراوەکانی دنیا گرنگی بەرچاوی هەیە لە بواری موزیکی چارەسەری (music therapy)، وەک ڕێگایەکی چارەسەری بۆ ئارامکردنەوەی دەرونی مرۆڤ لە زانستەکانی پزیشکی و دەرونناسیدا بەکاردەبرێت. بە

هۆکاری ئەوەی بواری نوسین وەرگێران لە مەڕ بابەتە موزیکیەکان لە ئاستێکی لاوازدایە، تاڕادەیەک موزسیان و گوێگرانی کورد بە بنەماکان و گرنگی موزیکی هندی ئاشنا نەبوون، هەر بۆیە بە پێویستم زانی هەندێک لایەنی تیۆری موزیکی ئەم نەتەوە لە گوتارێکی ئەکادیمیدا دەخەمە ڕوو.

## کورتەیەک دەربارەی گەلانی هندستان:

ئاشکرایە گەلانی هندستان فرە ئاینن و باوەڕی پتەویان بە ئەفسانە (Myth) دێرینەکان هەیە، کە سەرچاوەکەیان ئەو ئاینە دێرینانەیە، کە بەدرێژایی چاخەکانی مێژوو لە ناوچکەدا هەبوون.

کە پێک دێن لە: هندۆس، جینی، سیگی، بودی، ئیسلام، مەسیحی و (بە ڕێژەیەکی کەم یەهودی و زەردەشتی لە هەندێک ناوچەی هندستاندا بوونیان هەیە). ئەم فرە ئایینیە، فرە کەلتووری و ئاوێزان بونێکی سەرنجڕاکیشی دروستکردووە و کاریگەری لە سەر موزیکەکەی دروستکردووە و ڕەنگێکی دیکەی بە موزیکی هندی بەخشیوە. «لە کەلتوری هندیدا، موزیک یەکێکە لە ماتریاڵ و پایە گرنگەکانی سەرجەم چالاکییە فەرهەنگیەکانیانی وەک: سەما، شانۆ، فلیم، مەراسیمی ئاینی، بۆنە جیاوازە تایبەتەکان، جەژنەکان، و موزیک لە نێویاندا ڕۆڵی کارا دەگێڕێت. هندییەکان پەیوەندییەکی پتەوی عیرفانی و پیرۆزیان لەگەڵ موزیکی خۆیاندا هەیە، ئەوەی کە ئێستا گویت لێی دەبێت، ڕیشەیەکی درێژی مێژووی بە مەراسیمە دێرینەکانی وولاتی هندەوەیە. لە هیندستاندا ئاواز و سرووتی تایبەت هەیە، کە مێژوویان زۆرە و بۆ سەردەمانی زۆر دێرینی هند دەگەڕێتەوە، کە لە مەراسیمی خواپەرستی و جەژنەکاندا بە دەنگ گووتراون، یاخود بە ئامێر ژەندراون. لە موزیکی هندیدا میلۆدی و ڕیتم گرنگترین پێکهاتەی موزیکین، هارمۆنی بە مانا



کلاسیکیەکەی لە موزیکی هند یدا هیچ  مانایەکی دیاری کراوی نیە»[فرەیس، ۲۰۰۳: ٥٥٥]. موزیکی هندی تائێستا لە شێوازی سینە بە سینەدا ماوەتەوە، شێوازی فێرکردنی ئەم موزیکە لە ڕێگای نۆتە نووسیەوە نیە، بەڵکو لە ڕێگای مامۆستاوە لە سینەیەوە بۆ سینەی خوێندکارەکەی دەگویزرێتەوە، (بە واتایەکی دی هونەری فێرکاری موزیکی هندی  بە جۆرێکە کە  سەرەتا  مامۆستا موزیکەکە دەژەنێت و خویندکار گوێدەگرێت، دواتر هەوڵی لاسایی کردنەوەی  ژەندنی مامۆستاکەی دەکاتەوە، ئەشێت ئەم شێوازە لە فێرکاری پەیوەندی بە باوەڕی ئاینیانەوە هەبێت،  بۆیە کەمترین باوەڕیان بە میتۆد و کتێبی  دانراوی  فێرکاری  هەیە).

## بنەماکانی موزیکی هندی

موزیکی هندی لە سەر دوو بنەمای سەرەکی خۆی بنایات دەنێت،

کـە ئەوانیـش پێـک دێـن لـە: (ڕاگا) و (تـال- تالا)یـە کـە بـەم جـۆرە پێناسـە و شـیکاریان لـە موزیکـی هندیـدا بـۆ دەکرێـت.

## ڕاگا:

«ڕاگا بـە بناغـەی سـەرەکی موزیکـی هنـدی دادەنرێـت، هاوشـێوەی سیسـتەمی تۆنـاڵ و مقـام یـان دەزگای ڕۆژهەڵاتیـە، لـە ڕووی واتـاوە. بـەڵام زۆر جیـاوازە لـە ڕووی تەکنیکـی موزیکیـەوە». ووشـەی (ڕاگا) لـە سـەرچاوەی دێرینەکانـی وەک: (ڕانـج)دا بەمانـای «ڕەنگکـردن یـان سـوورکردن» هاتـووە. لـە کۆنـدا سـێ مانـای دیکـەی لای هینـدەکان بەخشـیوە:

١. ڕێکخسـتن: بەواتـای لێدانـی دەنـگ و کاریگەریکردنـە سـەر موزیکالیتـەی تـاک.

٢. سوود وەرگرتن لە فیگەرەکانی میلۆدی.

٣. توانای شادی بەخشین بە ڕۆحی مرۆڤ.

گوزارشـتکردنی ئەمـڕۆی کۆمەڵـگەی هنـدی بـۆ (ڕاگا)، هەمـان ئـەو سـێ مانەیـەی هەیـە کـە لـە (ڕانـج) دا باسـکراون، بـە جیاوازییەکـی جـۆری لەگـەڵ ئـەو جۆرانـەی کـە لـە زانسـتی دەروونناسـی جەختـی لـە سـەر دەکاتـەوە. ڕاگا تێکەهەڵکێشـێکە لـە دەنگـی میتـوال ، کـە لەسـەر بناغـەی یاسـای تایبـەت و بـە حاڵەتـی دەروونـی تاکـەوە گـرێ دەدرێـت [مسـعودیە،١٣٨٣هـ: ٧٠]. ڕاگا «لـە سـەر بنەمـای میلـۆدی و پێنجـی یـان نـۆ پـەردەی و بەمانـای (شـادی بەخشـین) دێـت و کـە میلۆدیـەکان لـە سـەر بناغـەی ڕاگا بنیـات دەنرێـت و پەیوەنـدی هەیـە بـە خواوەنـدەکان، کات، وەرزەکان، ڕەنگـەکان. هـەر جۆرێـک لـە ڕاگا لـە کات و سـاتی تایبەتـدا دەژەندرێـن [س. پێشـوو].

«ڕاگا: گوزارشتێکه لـه بەیانکردنـی ئایدیایەکی موزیکییانەیـه، بـەڵام لەکاتێکدا که بەشـێوەیەکی ئاوازی و بەهەسـتەوە دەژەندرێت، به (ڕاکتی ڕاگا) ناودەبرێـت و پەیوەسـته بـه چەنـد (ڕاسـا) یەکەوە»[هەمـان]. (هـەروەک چـۆن لـه سیسـتەمی دەزگای فارسـیدا گۆشـه و ئـاواز هەیـه بـەو جۆرەش ڕاگا بـه شـێوەی تایبەتـی خۆیـان گۆشـه و ڕەگەزیـان لـێ جیادەبێتـەوە).

(ڕاسـا) لـه نێـو ڕاگا دا ئـاواز و هەسـتی تایبـەت بـه موزیکەکـه دەبەخشـێت. (کـه هەندێـک جـار لەسـەرەتادا بـه ئەدلیبێـک (ئیرتجـال) لـه سـەر ڕیتـم دەسـت پێدەکـەن، کـه ڕیتمێکـی خـاوە و زۆر بـه هەسـت و ئارامیـەوە زیاتـر بەدەنگـی ژنـان دەگوترێت. کـه هەسـت بـه دەنگیکـی (کـز و نوسـاو ) یـان دروسـتکراو ئاسـا دەکەیت له کاتی گـوێ لێبوونیدا) .

هـەر بۆیـه لـه موزیکـی هندیـدا (ڕاسـا) کان بـۆ دوانـزده جـۆر پۆلێنکـراون :

١. شـڕن – گارا şrrin – gara گوزارشـته لـە: هەسـتی هەراشـی (شـەهوانی)

٢. ڤیـرا – vira گوزارشـته لـە: مـرۆڤ، قارەمـان، دەنگـی تـوڕەی خـواوەنـد.

٣. بیبیها – تسا bîbîha – tsa گوزارشته له: ناشرینی.

٤. ڕائو – درا rau – dra گوزارشته له: ئاژەڵی و دڕندانه.

٥. هاسیا hasya گوزارشته له: خۆشحاڵی و خەنده.

٦. بهایا ناکا bhaya naka گوزارشته له: تاریکی

٧. كارونا karuna گوزارشته له: دەنگێکی میهرەبان ئامێز

٨. ئەدهودا edhuda گوزارشته له: خوڵقاندنی موعجیزه.

٩. شـانتا şanta گوزارشـته لـه ئـارام بەخشـین، سروشـت ئـارام.

١٠. ڤاتسالیا vatsalya گوزارشته له جوانی و خوین شیرینی.

١١. بهاکتی bhaktî گوزارشته له : گیان فیداکردن.

١٢. دشـا بهاکتـی dşa bhaktî گوزارشـته لـه: خـۆ فیداکـردن بـۆ نیشـتمان. (جاتـی) بەشـێکی گرنگـه لـه بنەماکانـی موزیکـی هنـدی، کـه لـه کۆنـدا (ڕاگا و جاتـی ) پێکـەوه تـەواو کـراون، (جاتـی) میلۆدییەکـه و بـه گـروپ دەژەندرێـت، کـه ئەویـش پەیوەسـته بـه ( مورچانـه)وه کـه بـه (جاتـی و مورچانـه) بناغـەی سـەرەتایی ڕیتوالـی (گـرا- مـا) پێـک دەهێنـن. کـه بەمـەش بناغـەی سیسـتەمی میلۆدی و دەنگـی ڕاگا ڕێکدەخرێـن [هەمـان].

## گرا- ما چییه؟

گرامـا لـه حـەوت دەنـگ پێـک دێـت کـه پێیـان دەوترێـت: (هپتـا تۆنیـک) کـه ئەویـش بـەم جـۆره پۆلیـن دەکرێـت: سـادجا (سـا)، ڕشـابها (ڕێ)، گاهانـدرا (گا)، مادهیامـا (مـا)، پانچامـا (پـا)، دهائـی ڤاتـا (دهـا) ، نشـادا (نـی). بەدوبـاره بوونـەوەی دەنگـی (سـا) ئـەوه ئۆکتاڤێـک تـەواو دەبێـت. ( ئەگـەر بـەم جـۆره لێـی وردبینـەوه پیتـه موزیکیەکانـی لـه دونیـادا زیاتـر بـه (دۆ، ڕێ ، می...هتـد ناسـراون و پەیـژەی موزیکـی پێـک دێنـن، لای هیندیـەکان بـه نـاوی پیتـەکان بـه : (سـا، ڕێ، گا، مـا، پـا، دهـا، نـی) ناوببرێـت ، و (پەیـژه ی موزیکـی) ش بـه گـرا- مـا ناوببرێـت).

لـه سـامجاتراتناكار دا كـه يەكێكـه لـه سـەرچاوه دێرينـه هنديەكانـی چاخەكانـی ناوەڕاسـت ناوی گرامـا ی بـه سـێ شـێوه هێنـاوه كـه پێك دێـن لـه: (سـا گارمـا، ماگارمـا و گاگرامـا). جيـاوازی ئـەم سـێ جـۆره لـه دەنگـی بنكـه (tonic ) و بـواری دەنگيەكەياندايـه. بـه (ميانـه)ی نێـوان دەوترێـت (شـرو- تـی şru– tî). كـه ئۆكتاڤێـك لـه بيسـت و دوو (شـرو- تـی) دابـەش دەبێـت.

**شێوەی ڕيزبەندی دەنگەكانی گراما:**

**گرا- ما:**

سا نی دها پا ما گا ڕی

نی دها پا ما گا ڕی سا

دها پا ما گا ڕی سا نی


**ما گراما:**

ما گا ڕی سا نی دها پا

گا ڕی سا نی دها پا ما

ڕی سا نی دها پا ما گا

گرامـا كان جارێكـی دی بـه سـەر (مورچانـه) و (جاتـی) دا بـەش دەبـن چەنديـن لقـی ديكـەی لێدەبێتـەوه [هەمـان].



نموونەیەک لە شێوازی نۆتە بە سیستەمی موزیکی کلاسیک

## ڕیتم:

لە موزیکی هندیدا ڕیتم هەمیشە بە شێوەکی سەر سوڕ هێنەر دەژەنرێت، بە هۆکاری ئەوەی کە زۆرینەی ڕیتمە قورس و لیکدراو و سینکۆبەیشنن کە پێویستی بە ووریای و کارامەی لە ڕادەبەدەری ژەنیارەکەیەتی. ڕیتم لە موزیکی هندیدا لە سەر بنەمای (تال- تالا) بنیات ئەنرێت.

**تال- تالا:** یەک (تال) لە موزیکی هندیدا لەچەند لیدانێک پێک دێت، هەر لەسەر ئەو لیدانانە سیستەمەی ڕیتمیکی دادەنرێت. یەک (تال) پێک دێت لە دە (لێدان)، کە بەم شێوەیە (دم–تک) ڕیکدەخرێت: ٢+٣+٢+٣ یان ٣+٢+٣+٢ کە هەر گروپێک لە لێدانەکان بەیکەوە دەبێت [س. پێشوو]. سەبارەت بە «خێرایی (tempo) لە (تالا)دا لە سێ جۆرە و پێک دێن لە: ویلامبیتا (خاو largo)، مادهیا (ناوەند moderato)، دوریا (خێرا allegro) یە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت زۆرخاو (ئەتنی ویلامبیتا) و زۆر خێرا (ئەتنی دوریا) بژەنن»[منزەمی، ١٣٨٧ : ١٠٨].

دەر ئەنجامـی ئـەم باسـە، دەگیتـە ئـەو بڕوایـەی کـە موزیکـە هنـدی وەک یەکێک لـە موزیکـە دیرینـە ڕۆژهەڵاتیەکانـە هیشـتا جگـە لـەوەی کـە پەیوەندییەکی ڕۆحانـی هەیـە بـە هەسـتەکانی تاکـەوە، خاوەنـی ڕیسـا و یاسـای موزیکـی تایبەتـن کـە بـۆ تیگەیشـتن لـە موزیکـی هنـدی پێویسـتی بـە دیراسـەو ڕانانـی زیاتـر هەیـە. بۆیـە پێویسـتە خوێنـەری بابەتەکـە لـە ڕێگای ماڵپـەری (یوتـوب)ەوە گـوێ لـەو جـۆرە موزیکانـە بگرێـت کـە لـە نێـو زانیاریەکانـی ئـەم ووتارەوەدایـە، ئـەو کات وردتـر دەتوانێـت بـە زۆر لایەنـی دیکـەی موزیکـی هنـدی ئاشـنا بێـت.

## سەرچاوە


١. تقـی مسـعودیە محەمـەد، مبانـی اتنوموزیکولـوژی موسـیقی شناسـی تتبیقـی، چـاپ: اول، تهـران، ١٣٨٣ هـ.

٢. جین فریس موسـیقی هنر شـنیدن، و: کتایون صارمـی چاپخانە: مشـعل: ١٣٨٥ هـ.

٣. منضمی شهرام، ریتم در موسیقی هند، مجلە هنر، ١٣٨٧.

# بەشی سێیەم

# ژیاننامەی چەند موزسیانێک



# ناسر چەشم ئازەر

_ ناو:ناسڕ چەشم ئازەر

_ شوێن و لە دایکبوون:١٩٥٠ ئەردبیل - ئێران

_ موزیکژەن و ئاواز دانەر

ئەو لەژێر سایەی و ڕێنوینی باوکیدا، (ئیسماعیل چەشم ئازەر، کە ئامێر ژەنیکی بەناوبانگی ئازەری) بوو، قۆناغە سەرەتایەکانی مۆسیقا فێردەبێت و لە منداڵیدا ئامێری ئۆکۆردیۆن هەڵدەبژێریت. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لەگەڵ باوکی کۆچکردوویدا دەچێتە ئۆرکێسترای ئازەربایجانی لە رادیۆی ئێران. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا خەڵاتی تایبەتی موزیکی باڵا بۆ ژەندنی ئامیری ئۆکۆردیون وەردەگرێت. لە ١٧ ساڵیدا رابەری کۆنسێرتی سەفارەتی ئێران دەکات لە عێراق. لە ١٨ ساڵیدا لەگەڵ گۆرانی بێژی ناسراوی ئێرانی (گوگوش)دا گەشتە فەرمیەکانی دەستپێدەکات. لە ٢٠ ساڵیدا بۆ فێربوونی موزیکی جاز گەشت دەکات بۆ ئەمریکا. پاشگەڕانەوەی سەرپەرشتی ئۆرکسترای

شـۆی تەلەفزیۆنـی پەرویـز غەریـب ئەفشـاری گرتـە ئەسـتۆ. ئـەو لای ماموسـتایانی بـە ناوبانگـی ئیرانـی، وەکـو مورتـزا حـە نانـە و مـە لـک ئـە سـلانیان ئاسـتی زانسـتە موزیکیەکانـی زیاتـر فراوانکـرد. لـە سـاڵی ١٩٧٨ بۆمـاوەی پێنـج سـاڵ بـۆ خـۆ پێگەیانـدن لـە مۆسـیقای جـاز و موزیکـی فلیمـدا دەچێتـە ئەمریـکا. ئـەو بەیەکێـك لـە پێشـەنگەکانی ئامێرە موزیکیـە ئەلکترۆنیەکانـی ئێـران هەژمـار دەکرێـت. ئـازەر خاوەنـی دەیان کاری نـاوازە و چەندیـن خەڵاتـی نیوخـۆی ئیرانـە و کاری بـۆ زۆرینـەی هونەرمەنـدە بـە تواناکانـی ئێرانـی کـردووە. دیارتریـن ئەلبومەکانـی ئەمانـەن:

## ئەلبومە موزیکیە تایبەتەکانی

- تو برقص
- شکوفەهای ایران
- خواهران غریب
- شبهای تهران
- رقصهای شاد
- باران شادی ٣
- باران شادی ٢
- باران شادی١
- طلوع عشق
- باران عشق

ئـازەر دەیـان ئـاواز و دابەشـکردنی موزیکـی بـۆ زۆرێـك لـە گـۆرانیبێژە دیارەکانــی ئێــران کــردووە لەوانــە: داریــوش، هایــدە، مەهەســتی، گوگـوش، سـتار. هتـد. هەروەهـا کاری موزیکـی بـۆ دەیـان فیلمـی ئێرانـی کـردووە وەک: موزیـک دانـان بـۆ فیلمـی اتش بس، شـمعی در باد، سـاقی .. هتـد. چەشـم ئـازەر بەهـۆی هەڵکشـانی تەمەنیـەوە لـە ئێسـتادا بـاری تەندروسـتی ناجێگیـرە و لـە نیشـتمانی خۆیـدا دوا سـاتەکانی تەمەنـی بەڕێـدەکات.

## سەرچاوە:

- ویکیپیدیای فارسی.



# سامڤێل یێرڤینیان

سامڤێل یێرڤینیان Samvel Yervinyan ڤایولین ژەنی بە توانا و ناسراو لە ٢٥ ژەنیوەری ١٩٦٦ لەیەریڤانی ئەرمینیا لەدایک بووە. هەر لەمنداڵیەوە پەیوەندی هەبووە بە دنیای موزیکەوە زۆر ئامێری جیاوازی ژەندووە،گەرچی توانای خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی نەبووە، بەڵام بە باشی دەیتوانی چەند ئامێریکی موزیکی بژەنێت. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا باوکی زیاتر هەست بە تواناکانی و پەیوەندیە بەهیزەکەی بە موزیکەوە دەکات،هەر بۆیە هەوڵ ئەدات تواناکانی بۆ بە موزسیانە گەورە ئەرمەنیەکانی نیشان بدات و بینیرێتە بەرخوێندنی موزیک. سامڤیل لە ماوەیەکی کورتدا توانی سەرنجی مامۆستاکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و هەر لە سەرەتایی دەسپێکیەوە بەشداری لە زۆرێک لە پێشبڕکێ موزیکیەکاندا کردووە و لە زۆرینەیاندا پلەی یەکەم یان پلەی دووەمی بەدەست هێناوە. گەرچی ئەو زۆرینەی ئامێرەکانی بەباشی دەژەند، بەڵام لە کۆتایدا ئامێری ڤایۆلینی وەک ئامێری سەرەکی خۆی دەستنیشان کرد.

لـه سـاڵی ١٩٨٠ دا لـه ڕشـتەی موزیكدانـان و ڤایۆلیـن ژەنیـدا لـه كۆنسـەرفاتواری چایكۆفسـكی دەسـتی بـه خوێندنـی بـاڵای موزیـك كـردووه. دواجـار بـه هۆی نووسـینی كۆنسـێرتۆی ژمـاره ٢ ی تواناكانی زیاتـر دەركەوتـوو، وەك موزیكدانەرێـك لـه لایـەن ئەكادیمیسـتەكان و موزسـیانەوه پێشـوازیەكی گەرمـی لێكراو،هـەر لـه هەمـان كۆنسـەرفاتوار لـه ژێـر دەسـتی ڕابـەری ناسـراو ( ادوارد دایـان) بـەردەوام بـوو.

تـا سـەرەنجام سـامڤێل بـووه مایـەی شـانازی مامۆسـتاكانی و بـه گەورەتریـن ڤایۆلیـن ژەنـی ئاینـده ناویـان دەبـرد. لـه سـاڵی ١٩٩٣دا توانـی بڕوانامـەی دكتـۆرای لـه كۆنسـەرفاتواری موزیكـی گۆمیتـاس لـه یەریڤانـی كۆمـاری ئەرمەنسـتان بەدەسـت بهێنـێ. لـه ئێسـتادا ئەلبومـه موزیكیەكانـی سـامڤیل بـه پڕفرۆشـترین ئەلبومه موزیكیـەكان دا دەنرێت لـه ئەرمەنسـتاندا، لـه دوای سـاڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ و كۆنسـێرتەكانی لەگـەڵ (یانـی) دا زیاتـر ناوبانگـی دەركـرد و وەك موزسـیانێكی ناسـراو تەنیـا لـه سـنووری ئەرمەنسـتان نەمایـەوه لـه تـەواوی دنیـادا ناسـرا و هـەر بۆیـه تـا ئێسـتاش بـه بەردەوامـی لـه كۆنسـێرتەكانی موزسـیانی ناسـراو (یانـی)دا دەردەكەوێـت. بـه توانـا سەرسـوڕهێنەرەكانی لـه ژەندنـی ڤایۆلینـدا كۆنسـێرتەكان پـڕ جـۆش و خـرۆش دەكات.

## سەرچاوە:

- http://www.samvelyervinyan.com/about/biography.html
- fa.wikipedia.org/wiki




# راڤی شانکار گۆرانیبێژ و سیتارژەنی هیند

## راڤی شانکار کێیە؟

شانکار لە ٧ی ئەپریلی ١٩٢٠ لە شاری واراناسی هندستان دایک بووە، ئەو گۆرانیبێژ و ئامێرژەنێکی گەلێ بە توانای ئامێری سیتاری هندی بوو. لە تەمەنی دەساڵیدا بە هۆی پەیوەست بوون بە گروپێکی سەما کردن، سەفەر بۆ وولاتی فەرەنسا دەکات، ئیدی دواتر هەموو ژیانی سەرقاڵی گەشتکردنی هونەری دەبێت بە نێو وولاتانی دنیادا.

شانکار بە دەرکەوتن لەگەڵ ڤایۆلینستی گەورەی سەدە یەهودی مەنوهین و فلیم سازی گەورە هندی (ساتیا جیت ری) و گرووپی The Beatles ئینگلیزی و جۆرج هریسون لە تەواوی جیهاندا ناوبانگی پەیداکرد. ئەو باوکی ئانوشکا شانکاری سێتار ژەنی بەناوبانگە چەندین کاری هاوبەشیان هەیە، گەرچی نورا جۆنز گۆرانیبێژ و پیانۆژەنی ناسراوی جازە مۆدێرن کچی شانکارە بەڵام تا کۆتایی تەمەنی پەیوەندییان باش نەبووە و هەرگیز جۆنز شانکاری



(شانکار - هریسۆن)

بە باوکی خۆی نەزانیوە. راڤی شانکار بە یەکێک لە ناسراوترین ژەنیار و گۆرانی بێژە جیهانیە ناسراوەکانی هندستانی سەدەی ڕابردوودا دادەنرێت، چونکە ڕۆڵیکی گرنگی گێڕا لە ناساندنی فەرهەنگی موزیکی هندیدا و، توانیویەتی زۆر بە باشی سەرنجی هەوادارنی موزیکی جاز و ڕاک و کلاسیک بەلای خۆیدا ڕا بکێشێت. شانکار خاوەنی خەڵاتی گرامی (گرامافۆن) Grammy Awards ی جیهانیە، بەشداری کردن لە کۆنسێرتەکانی گروپی ئەفسانەی بیتلز و هاوڕێیتی لەگەڵ جۆرج هریسون گیتارژەن لە ساڵانی ١٩٦٠ دا هۆکارێک بوو بۆ زیاتر دەرکەوتنی لە سەر تەختی گەورەترین هۆڵە جیهانیەکاندا. شانکار لە ساڵانی ١٩٦٠ بە هۆی میکس کردن و کۆککردنی ئاوازی و ئامێری سیتار هندی لەگەڵ موزیکی ڕۆکدا و نیشاندانی وەک ڕەنگێکی تر و ستایڵیکی نوێی موزیکی، توانی هەوادارێکی زۆری بەلای ئەم شێوازە نوێیە ی موزیکدا ڕابکێشێت.

لە کۆتایی تەمەنیدا دواین کار و کۆنسیرتی لەگەڵ ئاشونکا ی

کچیدا لـه چـواری نۆڤەمبەرکالیفۆرنیانمایـش دەکات و دواجـار لـە ڕۆژی سێشـەمەمە ١١ دیسـمبەری ٢٠١٢ لـە تەمەنـی ٩٢ سـاڵیدا بـۆ ئەبـەد چاوەکانـی لێکدەنێت و مـاڵ ئـاوای لـە دنیـای موزیـک دەکات. مردنـی شـانکار بـووە جێـی باسـی تـەواوی مێدیاکانـی جیهـان و ماڵپـەری فەرمـی خۆیـی دەربـارەی مردنەکەشـی بـەم جـۆرە بـاس لـە مردنەکـەی کـردووە و دەڵێـت: ڕاڤـی شـانکار لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لـە سـەنتیاگۆ لـە وولایەتـی کالیفۆرنیـا، لـە کەنـاری هاوسـەرەکەی و کچـە بچووکەکـەی، بـە هـۆکاری هەناسـە سـواری و نەخۆشـی دڵ کـە هەرچەنـدە پێشـتر جارێـک نەشـتەرگەری بـۆ کـراوە بـەڵام دواجـار بەهەمـان هـۆکار گیانـی سـپاردووە. (مانموهـان سـینگ )ی سـەرۆک وەزیرانـی هندسـتان لـە ووتەیەکیـدا بـۆ بیسـتنی هەواڵـی مەرگیـدا شـانکار بـە (گەنجینەیەکـی میللـی) هیندسـتان ناودەبـات. هەروەهـا کەسـە نزیکەکانـی و ئەوانـەی لـە هونـەری شـانکار نزیکـن سـە بـارەت بـە مەرگـی ووتوویانـە: «بـە مەرگـی شـانکار جیهـان گەورەتریـن موزسـیانی خـۆی لـە دەسـتدا».


**سەرچاوە:**


- http://www.ravishankar.org



# عەزیزە موستەفا زادە
# شازادەی موزیکی جاز

عەزیزە مستەفازادە (Aziza Mustafazadeh) گۆرانیبێژ و پیانۆژەن و موزیکدانەری جازە. لە ساڵی ١٩٦٩ لە ئازەربایجان لەدایک بووە. لەتەمەنی سێ ساڵیەوە دەستی بەخوێندنی موزیک کردووە، سەرەتا بە خوێندنی ئامێری پیانۆ و موزیکی کلاسیک دەستی پێکردووە.ئەو لەمنداڵیەوە تا هەڵکشانی تەمەنی لەلای باوکی دەست بە فێربوون و ژەندنی ئامێری پیانۆ دەکات و بە هاوکاری باوگی ئاشنا بە موزیک جاز و بنەماکان و سیستەمی مقامی ئازەربایجان دەبێت. ئەو کچی ڤاگیف مستەفا زادەیە (vagif Mustafa zada) کە پیانۆژەن و گۆرانی بێژ و ئاوازدانەری جاز بوو، ئەو بە داهێنەری تیکەڵکردنی مقام لەگەڵ موزیکی جاز دادەنرێت. باوکی عەزیزەی بە (جازیزە _Jazziza)، کە تیکەڵکردنێک بوو لە ووشەی (جاز) و(عزیزە) ناودێرکردبوو. هەربۆیە عەزیزە لە ساڵی ١٩٩٧ دا پێنجەمین ئەلبومی موزیکی خۆی بە هەمان ئەو نازناوەی کە باوکی لێنابوو بڵاوکردەوە، کە تێیدا زۆر یادی باوکی کردووە. لە ئێستادا ئەو لەگەڵ دایکیدا (ئلیزا) کە گۆرانی بێژی موزیکی کلاسیکە لە وولاتی ئەڵمانیا دەژی.



(عەزیزە لەگەڵ ڤاگێڤی باوکیدا)

موزیکی ئەویش بەهەمان شێوەی باوکی تیکەڵکردنێکە لە موزیکی جاز و موزیکی مقامی ئازەربایجان» (عزیزە، ئەنتەرنێت). لە کۆتایدا ئەتوانیم بڵێم عەزیزە مستەفازادە دەنگ و ڕەنگێکی زۆر جیاوازە، تیکەلەَیەکە لە موزیکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەڵام ئەو هەمیشە ڕۆحە ڕۆژهەڵاتیەکەی لە نێو کارەکانیدا بزر ناکات، هەر بۆیە بەیەکێک لە ناسراوترین هونەرمەندانی ئازەربایجان دا دەنریێت، کە توانیویتی سنوورە لۆکاڵیەکان ببەزێنێت وەک هونەرمەندێکی جیهانی بناسرێت، هەر بۆیە دەبینین عەزیزە لە زۆرینەی کۆنسێرت و ئەو ڤێستڤاڵانەی کە بەشداری لە ساتی بانگکردنیدا بۆ سەر شانۆ بە شازادەی جاز ( امیرە جاز) ناودەبرێت.


## ئەلبومەکانی

- Aziza Mustafa Zadeh ١٩٩١
- Always ١٩٩٣
- Dance of Fire ١٩٩٦
- Seventh Truth ١٩٩٦
- Jazziza ١٩٩٦
- Inspiration – Colors & Reflections ٢٠٠٠
- Şamans ٢٠٠٢
- Contrasts ٢٠٠٦
- Opera Jazz ٢ Contrasts ٢٠٠٧

## سەرچاوە:

- ویبسایتی فەرمی عەزیزە موستەقا زادە

http://www.azizamustafazadeh.de



# محسن نامجو
# موزیکژەن و
# گۆرانیبێژێکی یاخی

محسن نامجو گۆرانیبێژ و سێتارژەنی ناسراو لە ساڵی ١٩٧٦ زاینی لە شاری ( تربت جام)ی سەر بە خوراسانی گەورە لە خانەوادەیەکی هەژار لە وڵاتی ئێران لە دایک بووە. « یەکێکە لە گۆرانیبێژ و موزیکژەنە ناسراوەکانی ئێران. ئەو پسپۆڕە لە بواری ئەدەب و شیعری کلاسیکی فارسیدا. ناسراوی نامجو بە هۆی توانای ژەندن و دەنگ خۆشیەوە نیە، بەڵکو ئەو موزیکژەن و گۆرانیبێژێکی یاخیە، لە موزیکی باوی سونەتی ئێرانی و بە دەستبردن بۆ دەقە تابو (Taboo) کان ناسرا، کە تێکەڵیان دەکات لەگەڵ ساتایلە موزیکیەکانی ڕۆژئاواییەکانی وەک: جاز، بلوز، ڕۆک و ڕەنگێکی تر بەم فۆرمە موزیکیانە دەبەخشێت. نامجو بە شێواز نۆتە و لەسەر ڕەدیفی ئێرانی لە لای ئوستاد ( نەسروڵا ناسح پور) دەست بە خویندنی موزیکی کردووە. لە سەردەمی لاوێتی و قۆناغی خوێندنی دواناوەندیدا، زیاتر ئارەزووی کاری شانۆی و سینەمای دەکرد، بەڵام دواجار ڕوو دەکاتە دوونیای موزیک و لە کۆلێجی هونەرجوانەکانی تەهران لە ڕشتەی موزیکدا بەردەوامی بە هونەری موزیک دەدات. بەڵام بە هۆکاری

ئەوەی دڵخۆش نەبووە بەزانکۆ بە بڕوای ئەو شوێنی داهینان نیە، واز لە خوێندنی ئەکادیمی دەهێنێت و بە شێوەیەکی دوور لە خوێندنی ئەکادیمی لە کاری موزیکی بەردەوام ئەبێت. دواجار نامجو بە یەکەم ئەلبوومی بەناوی (ئاخ) توانی دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا بهێنێت و هەر ئەم ئەلبوومە هۆکاری سەرەکی ناوبانگ پەیداکردنی نامجۆیە بەتایبەت لە دەرەوەی سنووری ئێران و دنیای دەرەوە بە تایبەت ئەمریکا و ئەوروپا. ئەو جگە لە زمانی فارسی بەزمانی کوردی چەند گۆرانیەکی چڕیوە دیارترینیان: (خان باجی)، (شیرین شیرین)ە یە کە یەکێکن لە گۆرانیە فۆلکلۆریە کوردیە دیارەکانی نێو گەنجینەی موزیکی و گۆرانی کوردی.

نامجو لە ئەلبوومی (ئاخ) یدا دوو گۆرانی زۆر سەرنجی میدیا و گویگرانی ڕاکیشا و کە بووە هۆی زیاتر دەرکەوتنی نامجو کە بریتین لە:

١. گۆرانی «فقیە خوشگلە (gladiators)» بە شێوەکی تەنز ئامیز گفتوگۆ لەگەڵ عەلی خامەنی یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران بە گۆرانی سازدەکات. هاوکات لەم کارەیدا هونەرمەند و سینەماکاری دیاری ئێرانی گولشیفتەی فەراهانی پیانۆی تێدا ژەندووە.

٢. بە کردنە گۆرانی چەند ئایەتێکی قورئان لە (سورەتی شمەس)، بەشێوەیەکی زۆر لە توند لە لایەن ئێران و وولاتانی ئیسلامی ڕەخنەی لێگیرا و ئیدانە کرا و، بە سوکایەتی بە پیرۆزیەکان تۆمەتبارکرا. بە هۆکاری ئەوە لە لایەن دادگای ئێرانەوە بە بڕیاری پێنج ساڵ زیندانی کردن سزادراوە. گەرچی ئەم ئەلبوومە بەشێوەی نهێنی و (ژێرزەمینی) بڵاوکرایەوە، بەڵام دەنگدانەوەکانی گەلێک فراوان بوونی هەبوو، دوجار زۆر سنووری تێپەڕان.

لـه كۆتايـدا نامجو بـه ئەلبومەكانـی (ترنـج (۲۰۰۷)، جبـر جغرافيايـی (۲۰۰۸)، آخ (۲۰۱۰)، بوسـەهای بیهـوده (۲۰۱۱)، الكـی (۲۰۱۱)، ۸/۱۳ (۲۰۱۲). دواجـار وەك ئەسـتێرەيەكی ياخـی و بـە (ببـوب ديلۆنـی ئێـران) لـە هونـەری موزيكدا ناوبانگی دەركـرد.

**سەرچاوە:**

- fa.wikipedia.org
- arabic.euronews.com



# ستراڤینسکی و شاکاری پەرستشی بەهار

ئیگەر ستراڤینسکی لە ساڵی ١٨٨٢ لە لوتکەی سەردەمی هەستی ناسیونالستی ڕووسیا هاتووتە دنیاوە. لە هەمان باردۆخدا هەستی بیستنی ئاشنا بە دەنگی سادە، میراتی گەنجینەی گۆرانی فۆلکلۆری ڕووسی، میلۆدیەکانی سروشت، ڕیتم و هارمۆنی بووە. هەر لە منداڵیەوە بە هۆکاری ئەوەی باوکی گۆرانیبێژی ناسراوی ئۆپێرای ئەو ئەو سەردەمەبووە، لە نێو موزیکی کلاسیکی ئەوروپیدا ڕۆژەکانی تەمەنی هەڵکشاوە. ستراڤینسکی هەر لەڕێگای باوکیەوە بە موزیکی میللی منداڵانەی ڕووسی ئاشنا دەبێت. دواتر لە ساڵی ١٩٠٣- ١٩٠٨، دەبێتە خوێندکاری موزیك لای دانەری مەزن نیکۆلا ڕیمسکی کۆرساکۆف. ستراڤینسکی لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بە هۆی ناسەقامگیری باری سیاسی لە زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ڕوودەکاتە فەرەنسا و لەوێ لە شاری پاریس نیشتەجێدەبێت. دواتر لە پاریس دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی هونەری لە پاریس و، بە سێرجی دیاگیلیف (diaghilev sergei ) ئاشنا دەبێت، کە ناوبراو ئەو کات بەڕێوبەرێکی ناسراوی هۆڵی بالێتی ڕووسی ( پاریس)

بووە. یەکترناسینی دیاگیلیف و ستراڤینسکی هۆکارێکی گرنگە بووە، بۆ دەرکەوتن و نمایشکردنی بەرهەمەکانی. لە ساڵی ١٩١٠ دا وەك دەستپێکی کارەکانی لە پاریس، شاکاری ( باڵندەی ئاگرین)ی نمایشدەکات، کە بناغەی ئەم کارەی لە سەر داستانێکی فۆلکلۆری ڕووسیەوە وەرگرت بوو. ئۆرکستراسیون و ناکۆکی هەست و هەستی ناسیونالیزمی ڕووسی لە (باڵندەی ئاگرین) گوێگران و ئامادەبوانی (پاریس)ی بە توندی بەرەو خۆی ڕاکێشا. ساڵێك دوای ئەم بەرهەمەی شاکاری (پتروشکا)ی بە ڕیتم و هارمۆنی سەرنجڕاکێش دانا و، بەم کارەی زیاتر ناوبانگی لە پاریسدا پەیداکرد. کاتێ ڕیتمی جۆراو جۆر و نا ئارام، لە داستانی دڕاندانەی، (پەرستشی بەهار – The Rite of Spring ) لە سەر شانۆی بالێی، لە ساڵی ١٩١٣ نمایشکرا، جەنجاڵی و دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوایی خۆیدا هێنا. ئەم کارەی باسی لە مەراسیمێکی ئاینی دڕندانە ئەکرد، کە بە ئاینە دێرینەکانی چاخەکانی پێش مێژووی ڕووسیا پەیوەست بوو. لە داستانەکەدا باس لە قوربانی کردنی، کچۆڵەیەکی جوان بۆ (خوایی بەهار– God of spring) دەکات. ئەم داستانە بە سەمایی بالێ و بە هۆی بەرگ و ڕەنگی مرۆڤی هۆزە سەرەتاییەکان، جوڵەی سەماکان، ڕیتمی وەحشیانە، هێزی ئۆرکسترا لە سەر شانۆ، بە جۆرێك ئامادەبوانی هەژاند هەندێکیان بە توڕەییەوە هاواریان دەکرد. ئەم نمایشە بە یەکێك لە دیاترین ڕووداوی دیارەکانی نێو مێژووی نمایشە موزیکیەکان دادەنرێت. ئەویش بە هۆکاری جوانی کارەکەوە ئامادەبوان کۆنترۆڵیان لە دەستدا بوو، بە هۆی دەنگ و هاواری ئامادەبوانی هۆڵەکەوە نەدەتوانرا بە باشی گوێبیستی موزیك و جوڵەی سەماکان ببن. ستراڤینسکی کە خۆی لە نێو هۆڵەکەدا و لە نێو ئامادەبوان دانیشت بوو، زۆر نیگەران بوو، کە نەیدەتوانی گوێ لەکارەکەی خۆی بگرێت. هەر بۆیە دوای تەواو بوونی کارەکە بە زووی بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. بەڵام هەر بە

زووی ئـەم نیگەرانییـەی ڕەوییـەوە کاتـێ کـە زانـی (پەرستشـی بەهـار)، بۆتـە یەکێـك لـە خۆشەویسـترین کارەکانـی، لـە لای ئـەو کەسـانەی کـە ئامـادەی نمایشـەکە بـوون. ئامێرەکانـی ئۆرکسـترای ئـەم کارە پێـك دێـن لـە: پیکۆلـۆ، سـێ فلـوت، فلـوت ئاڵتـۆ، چـوار ئۆبـوا، کۆرانگلـێ، دوو کلارنێـت مـی بیمـۆڵ، دوو باس کلارنێـت، چوار باسـون، هەشـت کۆنترا باسـون، هەشـت هـۆڕن، هەشـت ترومپێـت پیکلـۆ، چـوار ترومپێـت، سـێ ترومبـۆن، دو توبـا، ئامێـرە ژێـدارەکان و ڕیتمیـەکان)ن. ئـەم کارە بـە سـەمایی بالێـت و جوڵـەی موزیك، کەمـی میلۆدی، گفتوگۆی ئامێرەکان، پێکـەوە کارێکـی زۆر ناوازەیـان خوڵقانـدووە. دوا بـەدوای ئـەم کارانـەی زۆر ناسـراو بوونـی ستراڤینسـکی لـە سـاڵی ١٩٣٩ توانـی ڕەگەزنامـەی فەرەنسـی وەردەگرێـت و، لـە مەزنـی دانراوەکانیـدا بەیەکێـك لـە دیاتریـن موزیکدانەرانـی دامەزرێنـەری موزیکـی سـەدەی بیسـتەم هەژماربکرێـت. ستراڤینسکی چەندیـن خەڵاتـی ناسـراوی جیهانـی پێبەخشـراوە لەوانـە: خەڵاتـی گرامـی بۆباشـترین ئەلبومـی کلاسـیك، حەڵاتـی باشـترین پێشکەشـکردنی ئۆرکسـترای، خەڵاتـی هۆڵـی گرامی...هتـد. دواتـر لـە سـاڵانی ١٩٤٠ ڕوودەکاتـە وولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا و لە سـاڵی ١٩٤٥ ڕەگەزنامـەی ئەمریکـی پێدەدرێـت. ستراڤینسـکی لـە وولایەتـە یەکگرتـووەکان توانـی کارەکانـی بـەردەوام بێـت و تـا دواجـار لـە سـاڵی ١٩٧١ هـەر لـە وولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا کۆچـی دوایـی دەکات.

## سەرچاوە


• جیـن فریـس موسـیقی هنـر شـنیدن , و: کتایـون صارمـی چـاپ: اول چاپخانـه: مشـعل ١٣٨٥هــ، ل : ٤١٥.



# شۆمان
# موزسیانێکی ڕۆمانتیک و مرۆڤێکی نا ئارام

ڕۆبیرت شۆمان لە ساڵی ١٨١٠ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، یەکێکە لە نموونە دیارەکانی سەردەمی ڕۆماتیک. ئەو لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا، پێچەوانەی موزیکەکانی بوو، مرۆڤێکی نا ئارام، پەرێشان، خەمۆکیەکی قوڵ پڕ بە دەرون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پڕ لە هەستی قوڵی خۆشەویستی بوو. شۆمان لە ژێر کاریگەری سەردەمەکەیدا دەستی بە کاری موزیک کردووە. ئەو چەندین سیمفۆنی نووسیووە، بەڵام ئەوەی زیاتر پێناسرا ئەو پارچە موزیکانە بوو، کە بۆ ئامێری پیانۆ و گۆرانی ئەڵمانی (لیدی ئەڵمانی) دەینووسین. شۆمان لە سەرەتادا لە بواری یاسادا خوێندکار بوو، بەڵام لەژێر کاریگەری نازناوی (شەیتانی ڤایۆلین) نیکۆلۆ پاگانینی هەوڵیدا هاوشێوەی ئەو لە ئامێری پیانۆدا لە خۆیدا بەرجەستە بکات. هەر بۆ لە یاسا دور دەکەوێتەوە و بە توندی بەر دنیای موزیک دەکەوێت. گەرچی لە هەوڵی بەرجەستەکردنی خەونی نازناوی شەیتانی پیانۆ نزیک بوو، بەڵام دواجار بە هۆی ڕاهێنانی بەردەوامی لە سەر ئامێری پیانۆ دەستی ڕاستی تووشی لە جوڵە کەوتن لەکاتی ژەندنین بوو. شۆمان



(ڕۆبیرت شۆمان)

بە لەکارکەوتنی دەستەکانی بۆ ژەندن ئومید بڕاو نە بوو، بە ڵکو ڕووی کردە نێو دنیای موزیکدانان. شۆمان لە ساڵی ١٨٤٠ عەشقی کلارا ڤیك دەبێت، کە کچ و خوێندکاری مامۆستایەکی ناسراوی ئامێری پیانۆ بوو، هەر لەهەمان ساڵدا هاوسەر گیری لەگەڵدا دەکات . کلارا بەر لەوەی کە ببێتە هاوسەری شۆمان، خۆی وەك یەکێك لە ژنە دانەر و موزیکژەنێك تاڕادەیەك ناسرا بوو، بەڵام دەشێت بە هاوسەر گیری کردن لەگەڵ شۆمان زیاتر وەك ژنە دانەرێکی دیار، لە مێژووی سەردەمی ڕۆمانیکدا دەرکەوێتبێت.

شێوازی موزیکدانانی شۆمان بە جۆرێك بوو هەندێك جار بە درێژایی ساڵێك لە تەمەنی موزیکی، تەنها (لیدی ئەڵمانی) دەنووسی، یان بە پێچەوانەوە بە درێژایی ساڵێك تەنها سیمفۆنی دەنووسی.

به هۆکاری ئەوەی شۆمان لە پێشدا ژەنیاری ئامێری پیانۆ بوو، بەهەمان شێوە کاریگەری ئامێری پیانۆ بە کارەکانیەوە دیاربوو. هەر بۆیە بەبەردەوامی ئامێری پیانۆ وەك کارەکتەری سەرەکی، لە نێو ڕستەی موزیکی و دانراوەکانیدا دەردەکەوت. گەرچی شۆمان وەك کەسێتی خۆی بەکەسێکی نا ئارام و شڵەژاو ناسرابوو، بەڵام کارە موزیکیەکانی تەواو پێچەوانەی کەسێتی ئەو بوون. موزیکی ئەو پڕە لە ڕۆمانسیەتێکی بێخەوش و ئارام بەخش. گەرچی شۆمان وەك ئاواز دانەرێکی دیاری سەردەمەکەی خۆی ناسراوە، هاوکات دەستێکی باڵای هەبوو لە نوسینی ووتار ی موزیکیدا، دواتر توانیویەتی خۆی گۆڤارێك دەربارەی موزیك دادەمەزرێنێت و لەوێدا دەیان و ووتاری کاریگەر لە سەر (ڕەخنە، شیکاری، ڕونکردنەوە) موزیك بنووسێت و توانیویەتی بە جۆرێك باش ئیدراك و سەلیقەی گوێگرانی و موزیك و ئامادەبوانی کۆنسێرتەکان بەرزبکاتەوە. شۆمان لە کۆتایی تەمەنیدا واتە لە ساڵی ١٨٥٤ دووجار هەوڵی خۆکوژی دەدات، هەر بۆیە دواجار کۆتایی ژیانی لە نەخۆشخانەی دەرونیدا بەڕێدەکات و تا لە ساڵی ١٨٥٦ بە یەکجاری ماڵئاوای لە موزیك و ژیان دەکات.

## سەرچاوە


جین فریس موسیقی هنر شنیدن، و: کتایون صارمی، چاپ: اول، چاپخانە: مشعل: ١٣٨٥، ل ٣٥٧.

## سوپاس و پێزانین:

- بۆ د.عەبدوڵا جەمال سەگرمە، کە لە ڕووی چۆنیەتی نووسینی وتاری ئەکادیمییەوە لە بەشێک لە ووتارەکانمدا زۆر کۆمەکی کردوم.
- بۆ د. نەهرۆ زاگرۆس، کە زۆر ئایدیای زانستی لەڕووی ئێثنۆموزیکۆلۆجییەوە پێ بەخشیم و دواجار ڕەنگدانەوەی زۆریان هەبووە لە نووسینەکانمدا.
- بۆ نزار کەریم عەبدوڵا کە ئەرکی نەخشەسازی بەرگ و ناوەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.
- بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە کۆمەکیان کردووم لە هەر بوارێکی تردا بێت.

## پرۆفایل:



**تواناحەمە عەلی ڕەشید**

- نازناو: توانا حەمە
- لەدایکبووی: ١٩٨٤/٥/٣ سلێمانی
- ژەنیاری: ئامێری ڤایۆلین – ڤیۆلا
- دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ٢٠٠٦–٢٠٠٧
- خوێندکاری بەشی ئیثنۆموزیکۆلۆجی، لە سکوڵی هونەری زانکۆی سلێمانی.
- زۆرینەی ووتارەکانی لە (ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری شاکار، گۆڤاری هەفتانە، پاشکۆی شەبەنگی ئاسۆ، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ و پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر) بڵاوکراونەتەوە.

لە ئێستادا سەرقاڵی گەڕانی مەیدانی و نووسینی چەند لێکۆڵنەوەیەکە لە بواری موزیکی کوردیدا.